پڕۆژەی مێژووی عیراق



# بەسەرهاتەکان

2007

# بەسەرهاتەکان

پرۆژەی مێژوی عیراق
پەیمانگای نێودەوڵەتی یاسای مافەکانی مرۆڤ
2007

ژمارەی سپاردنی 1078 ی ساڵی 2007 ی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێدراوە

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

(تا راستی سەقامگیربکات‌و پوچ‌و چرووک لەناوبەرێ،

هەرچەند تاوانبارەکان حەزی لێنەکەن)

ئەنفال 8

دەروازە ........ 5
کورتەیەک لەسەر پرۆژەی مێژوی عێراق ........ 7
پێشەکیەک بۆ بەسەرهاتەکان ........ 11
ویداد ........ 13
هاوبەش ........ 26
جاسم ........ 37
بەتۆ ........ 53
ئەحلام ........ 60
عوسمان ........ 68
گوڵە ........ 78
هاشم ........ 99
بەناز ........ 107
کەرار ........ 120
دەرئەنجام ........ 131

## دەروازە

ئەم بڵاوکراوەیە کورتەیەک لەبارەی پرۆژەی مێژوی عێراق و دە بەسەرهات کە لە( داتا بەیس) ی پرۆژەکە هەڵبژێردراون دەخاتەروو. ئەم بەسەرهاتە کەسیانە باس لەو پێشێلکاریە توندوتیژیانەی مافی مرۆڤ دەکەن کەلەسەردەمی رژێمی سەددام حسێندا ئەنجام دراون و بریتین لە کوشتن، ئەشکەنجەدان، لاقەکردن و چەکی کیمیایی. پرۆژەی مێژوی عێراق ئەم بەسەرهاتانە دەخاتەروو بۆ زامنکردنی ئەوەی کە ئازار و مەینەتیەکانی رابردوو لەبیرنەکراون هەروەها بۆ باشتر تێگەیشتن لەقەیرانی ئێستای وڵات و ئەو گۆرانکاری و گواستنەوە ئاڵوزەی لەئارادایە وە هەروەها بۆ هاندن و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی کەبایەخ دەدەن بەپێداویستیەکانی قوربانیانی رابردوو و ئێستا.

پرۆژەی مێژوی عێراق لەلایەن پەیمانگای نێودەوڵەتی یاسای مافەکانی مرۆڤ سەر بە زانکۆی دیپۆڵ / کۆلێجی یاسا و راوێژکاران و ستافی ناوخۆیەوە بەرێوەدەبرێت. کاتێک پرۆژەکە لەکۆتایی ساڵی 2005 دەستی بەکارەکانی کرد، روون و ئاشکرا نەبوو تا چەند بە شێوەیەکی کاریگەر ئەتوانرێت بەسەرهاتەکان سەبارەت بەپێشێلکاریەکانی رابردوو لەعێراقدا کۆبکرێنەوە. ئەم پرۆژەیە لەسەر شێوازی کارکردنی چۆنایەتی دەستی بەکار کرد، ئەمەش پشت بەستن بەپرۆژە بەرفراوانەکانی مافی مرۆڤ بۆ کۆکردنەوەی داتا لەوڵاتانی دیکە بەتایبەتی لیژنەکانی راستی و ئەو ستافە کەمەی لەکوردستان کاردەکەن. تا ناوەراستی ساڵی 2006 ،

ئەو تیمە خەریکی کۆکردنەوەی بەسەرهاتەکان بوون لەسەرتاسەری وولاتدا. پاشان پرۆژەکە پەرەی سەند زیاد لە شەست ستافی وەک بەریوەبەرەکانی پرۆژە، دیمانەسازەکان، ستافی داخل کردنی داتا و لیکۆڵەرەوانی لەخۆ گرت.

هەروەها پرۆژەی میژوی عیراق بەهۆی ئازایەتی و بیروباوەری هەزاران لەخەڵکی عیراق بەریوەچووە. کە هاوبەشی پرۆژەکەیان کردووە لەریگەی پیشکەش کردنی چیرۆکەکانیانەوە. پرۆژەکە نەدەهاتە بەرهەم بەبێ سەرپەرشتی کردنی خاتوو کوردستان دەلۆیی، بەریوەبەری گشتی پەیمانگای نیودەوڵەتی یاسای مافەکانی مرۆڤ لە عیراق و هەروەها ستافیکی دڵسوز و تاقەت پرۆکینی عیراقی کە بەگوروتینەوە هەوڵیان داوە بۆ کۆکردنەوە و شیکاکردنی بەسەرهاتەکان و بەدی هینانی ئامانجەکانی پرۆژەکە تەنانەت لە بارودۆخە قورس و سەختەکانیشدا.

لەجیاتی پەیمانگای نیودەوڵەتی یاسای مافەکانی مرۆڤ و ستافی پرۆژەی میژوی عیراق هیوادارم کە ئەم بڵاوکراوەیە جیگەی بایەخ و گرنگی ئیوە بیت. ئامانجی ئیمە ئەوەیە کەئەم پرۆژەیە هاوبەشی بکات لەو پرۆسە نیشتمانیە گشتگیرو بەرفراوانەی هەیە بۆ روبەرووبونەوەی کارە ستەمکاریەکانی رابردوو و بنیادنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر.

دانیاڵ رۆثنبیرگ

بەریوەبەری پرۆژەی میژوی عیراق

## کورتەیەک لەسەر پرۆژەی مێژوی عێراق

پرۆژەی مێژوی عێراق بەسەرهات لەقوربانیان، کەسوکاری قوربانیان، شاهیدحاڵەکان، جەلادەکان و کەسانی دیکەش کۆدەکاتەوە و شیکار و راڤەکردنیان بۆ دەکات. ئەم بەسەر هاتانە سەبارەت بەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤن کەلەسەردەمی رژێمی (سەدام حسێن) دا ئەنجام دراون. کە ئەزمونی ئەشکەنجە، رەشەکوژی،کوشتن، لاقەی ناموس، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، سەرنگومکردن و کردەوە یەک لەدوایەکانی دیکەی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە دۆکیومێنت دەکات.

پرۆژەی مێژوی عێراق زیاد لە 7000 بەسەرهاتی لەسەرتاسەر عێراق کۆکردۆتەوە کە وای کردوە ببێتە یەکێک لەگەورەترین بەرنامەکانی مافی مرۆڤ لەبواری دۆکیومێنت کردن لەجیهاندا. پرۆژەکە بەسەرهاتی چروپری کۆکردۆتەوەو بەشێوەیەکی باش بەدەست نوس تۆمار کراوەو چەند جارێک پێداچونەوەیان بۆ کراوەو پاشان لە داتابەیسێکی تایبەت دارێژراو داخڵکراوە کە دەتوانرێت گەران بۆ زانیاری تێیدا ئەنجام بدرێت. دیمانەسازەکان لە رێگەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و رێخراوە حوکمی ناحکومی و ناوخۆیەکان ئەم دیمانانەیان ئەنجام داوە. دیمانەکان لە شوێنێکدا ئەنجام دراون کە کەسی دیمانەکراو هەست بەدڵنیایی بکات، وەک

ماڵی دیمانەلەگەڵکراو، ئۆفیسی ڕێخراوەکان یان هەرشوێنێک شیاوبێت بۆ دیمانەکردن.

دیمانەسازەکان خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ دیمانەکراوەکاندا بەشێوەیەک دڵنیایان دەکەن بۆئەوەی زانیارییەکان بەباشترین شێوە کۆبکەنەوە.

بۆ نمونە ژنەکان لەلایەن ژنە دیمانەسازەکانەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت، کوردەکان لەلایەن کوردەکانەوە، ئاشوریەکان لەلایەن ئاشوریەکانەوە، عەرەبی ئەهوارەکان لەلایەن عەرەبی ئەهوارەکانەوە وەهەروەها.

پرۆسەی چاوپێکەوتن ڕێگە بە قوربانیان و کەسانی دیکە دەدات کە بەراشکاوانە باس لە ئەزمونەکانیان بکەن بەشێوەیەک کە مانابەخش بێت. ستافی پرۆژەی مێژوی عێراق درکی بەو راستیە کردوە کە عێراقیەکان لەسەرتاسەری وولاتدا بایەخێکی زۆر دەدەن بەوەی چیرۆکەکانیان باس بکەن. لەرێگەی بەسەرهاتەکانەوە ئەتوانرێت باشتر تێبگەین لەسروشت و ڕێژەی پێشێلکاریە تایبەتیەکان و شێوازەکانی خراپ مامەڵە کردن و ئەو کاریگەریە درێژخایانانەی کارە سەرکوتکاریە یەک بەدوایەکەکان جێدەهێڵێن.

بەسەرهاتە کۆکراوەکان ئاراستەی ئۆفیسی ناوەندی دەکرێت لەلایەن دیمانەسازەکانەوە بۆ پێداچونەوە و داخل کرنیان بۆ ناو (داتا بیس) ی کوردی و عەرەبی. داتا بەیسەکە کۆدی نهێنی بۆ زانیاریە دیاری کراوەکان و بەسەرهاتەکان دادەنێت کە لە سێرفەرێکدا خەزن کراون لەدەرەوەی عێراق ئەمەش لەپێناو پاراستنی بەسەرهاتەکان لەدەستکاری و

دزین و هەر تێکچوونێکی کت و پر. هەموو  چیرۆکە تۆمارکراوەکانی سەر کاغەز  لەناودەبرێن دوایی ئەوەی داخلی داتا بەیسەکە دەکرێن کە بە پاسۆرد پارێزراوە و تەنها لەلایەن ستافی رێگە پێدراوەوە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت.

لە ناوەراستی 2007 پرۆژەی مێژوی عێراق  دەستی کرد بە خستنەرووی بەسەرهاتەکان بۆ خەڵکی عێراق لەرێگەی بڵاوکراوەکان، بەرنامەی رادیۆیی، پاشکۆی رۆژنامە و وێب سایت (www.iraqhistory.org)   ستافی پرۆژەکە ئێستا خەریکی راڤەکردنێکی چروپرن بۆ ئەو بەسەرهاتانەی کۆکراونەتەوە لەماوەی ساڵ و نیوی رابردوودا. لەم داتابەیسەدا ئەتوانرێت گەران بۆ زانیاری لەنێو بەسەرهاتەکاندا بکرێت ئەویش بەهۆی پێشێلکاری، جەلاد، شوێن، ووشەی سەرەکی، ووشەی پەیوەندیدار، ناو یان دەستەواژە.  ئەمەش رێگەخۆش دەکات بۆ ئەنجامدانی پێداچونەوەیەکی چروپر بۆ جۆری پێشێلکاریەکان و رێگاکانی وە هەروەها دەست نیشان کردنی لایەنی بەرپرس و ئامادەکاری کردن بۆ نوسینێکی لێکۆڵکاری(case studies) سەبارەت بەحاڵەتێکی دیاری کراو.  راپۆرتی شیکار و راڤەکردنی  کۆتایی  لەناوەراستی 2008 دا بڵاودەکرێتەوە و دابەش دەکرێت لە عێراق و وولاتانی جیهان.

پرۆژەی مێژوی عێراق چیرۆکەکان بەکاردەهێنێت بۆ دیکۆمێنت کردنی کاریگەری سەرکوتکاری سیاسی  و جەخت کردن لەسەر گرنگی تێگەیشتن لە ستەمکاریەکانی رابردوو لەرێگەی دەنگی قوربانیان. ئەزموونی ولاتانی دیکە ئەوە دەخاتەروو کە کاتێک ئەم چیرۆکانە دەخرێنە بەردەم

خەڵک، دەبنە رێگەخۆشکەر بۆ لێکدانەوەی ئێستا پەیوەندی دار بە رابردووە. ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ دووبارە نوسینەوەی مێژوو بەشێوەیەکی زۆر سیاسیانە و هەروەها هاندەرە بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتە کارا و دەست بەجێکانی دەوڵەت کەخزمەت بە پێویستیەکانی قوربانیان دەکات و یارمەتی دەرن بۆ رێگەگرتن لەگەرانەوە بۆ حوکمی فاشیستی.

پرۆژەی مێژویی عێراق بەشێوەیەک دارێژراوە تا بەردەوام بێت لەکارکردن بۆ ئاینده و پێدەچێت وەک بنەمایەک بۆ بەرنامەکانی دیکەی گواستنەوەی دادپەروەری خزمەت بکات. رژێمی پێشوو پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەستبوەوە بەستمکاری، توندوتیژی و رەت کردنەوەی کەرامەتی مرۆڤ و مافە بنچینیەکان و بەها بنەرەتیەکانی خەڵکی عێراق. لەکاتێکدا کەئایندەی ئەم وڵاتە بە نادیاری ماوەتەوە،بەڵام ئەگەری بوونی ئاشتیەکی راستەقینە و حکومەتێکی بەپرسیار پێویستی بەئاوردانەوەیەک و بیرکردنەوەیەکی جدیانە هەیە لە کارە ستەمکاریە یەک بەدواییەکانی 30 ساڵی رابردوو. پرۆژەی مێژووی عێراق بەشێوەیەک دارێژراوە تا هاوبەشی بکات ئا لەم تێگەشتنەدا، یارمەتی دەر بێت بۆ ئاشبونەوەی نیشتمانی، هاوکاری قوربانیان بکات و پشتگیری لەبەرگری کردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بکات لەعێراق.

## پێشەکیەک بۆ بەسەرهاتەکان

ئەم بەسەرهاتانەی خوارەوە بریتین لەنوسخەی ئیدیت کراوی ئەو چیرۆکانەی لەلایەن پرۆژەی مێژوی عێراقەوە کۆکراونەتەوە. چیرۆکەکان کاریگەری 30 ساڵ لەسەرکوت کردن و چەوساندنەوە دەخەنەروو کە کاریگەریان هەبووە لەسەر ژیانی گەلانی عێراق.

ئەم بەسەرهاتانە حاڵەتەکانی زیندانی کردن و هەرەشەکردن و ئەشکەنجەدان ولاقەکردن و هێرشەکانی چەکی کیمیایی و پێشێلکاریەکانی دیکە دۆکیومێنت دەکەن. هەندێ لەو چیرۆکانەی لێرەدا خراونەتە روو چیرۆکی بەرهەڵستکارە سیاسیەکانی رژێمی سەددام حسێن، هەندێکی دیکەیان دەنگی ئەو کەسانەن لەناویاندا منالآن کە بونەتە ئامانجی شالآوە سیستیماتیکەکانی ترس و تۆقاندن.

یەکێک لە چیرۆکەکان بریتیە لە چیرۆکی جەلادێک ئەمەش پابەندبوونی پرۆژەکە دەردەخات لە کۆکردنەوەی بەسەرهات لە جەلادو قوربانیەکان. لەکاتێکدا ئەم چیرۆکانە و هەزاران بەسەرهاتی تر کەلەلایەن پرۆژەی مێژوی عێراقەوە کۆکراونەتەوە و رەنگدانەوەی چەندین ئەزموونی

جیاوازن، بەڵام هەموویان پێکەوە دەبەسترێنەوە بەو نەهامەتی و دەردی سەریەی مرۆڤ دووچاری هاتوو بەهۆی دەیان ساڵ لە حوکمی فاشیستی.

ئەم بەسەرهاتانە ئیدیت کراون لەپێناو پاراستنی ناوی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و ئەوانەش کە ناویان هاتووە لەبەسەرهاتەکەدا. ناوی کەسەکان، رێخراوەکان و یەکەکانی سوپا و ئاسایش لەناو داتا بەیسەکەدا هەن و رۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە کاری شیکارکردن لە پرۆژەی مێژوی عێراق.

ئەم بەسەرهاتانە بریتین لەووتەی ئەو قوربانیانەی راستەوخۆ دووچاری پێشێلکاریە توندوتیژیەکانی مافی مرۆڤ بوونەتەوە. ئەم بەسەرهاتانە زۆر کاریگەرو بەهێزن و پێدەچێت خوێنەر هەراسان بکەن لەکاتی خوێندنەوەیاندا.

تە نها لەرێگەی بایەخ دان بەئازار و مەینەتیەکانی گەلانی عێراق دەتوانرێت لەژیانی راستەقینەی ژێر سایەی رژێمی پێشوو تێبگەین. رووبەرووبونەوەی ترس و ستمکاری رابردوو ئامرازێکی گرنگە بۆ بنیادنانی ئایندەیەکی ئاشتی و سەلامەت لەسەر بنەمای رێزگرتن و بەرگری کردن لە مافە بنچینەیەکانی مرۆڤ.

**ويداد**

من کچێکی جوان بووم و لە هەرەتی لاویدا بووم، پێنج خوشک و برایەکم هەبوو  براکەم بەهۆی نەخۆشی ئیفلیجی منالآنەوە پەککەوتەی سەر جێگا بوو.

باوکم لە یەکێک لە فەرمانگەکانی وەزارەتی نەوت کاری دەکرد، مرۆڤێکی سەرراست بوو، لە خودا دەترساو بە باشی بەخێوی دەکردین، هەرگیز نەیدەهێشت رۆژێک لە رۆژان هەستبکەین ئێمەی کچان بارین بەسەر شانییەوە، بەڵکو ئاگای لێمان بوو، هەموو داواکارییەکانمانی جێبەجێ دەکرد.

باوکم چەند هاورێیەکی هەبوو وەکو خۆی باوەرداربوون، پێکەوە دەچوون بۆ چایخانەو لە نێوان خۆیاندا باسی کاروباری دونیاو گرانی بژێویی و شتی تریان دەکرد.

رۆژێک لە رۆژانی پایزی ساڵی 1992 ، باوکم هاتەوە بۆ ماڵەوەو بۆی باسکردین کە عەووادی دراوسێمان کە ئەندامێکی کارای فیرقەی حیزبییە، پێی وتووە:

"- ها دەستەی لەخواترسان، چیتان لەژێر سەردایە؟ بۆچی رۆژانە لە چایخانە کۆدەبنەوە؟ تۆ بڵێی خەریکی پیلانگێران نەبن دژی حیزب؟"

باوکیشم وەڵامی داوەتەوە:" کوڕم ئەم قسانە چیە؟ ئێمە لە تەمەنی باوکتاین، بۆچی وادەڵێیت؟"

عەوادیش بەگاڵتەجاڕییەوە پێکەنیوەو ڕۆیشتووە.

ڕۆژی دوایی باوکم چوو بۆ سەر کارو ئیتر نەهاتەوە. تاریک داهات و ئێمەش نەماندەزانی چی بکەین، ئەوە یەکەمجاربوو باوکم دوابکەوێت، پێشتر قەت دوا نەکەوتبوو.

دایکم نیگەران بوو، منیش ئەوەندە بیرم لێکردبۆوە خەریک بوو تێکدەچووم، هەر دەمووت دەبێ چی لێهاتبێت. ماڵی ئامۆزایەکم نزیک بوو لێمانەوە، دایکم چوو بۆ ئەوێ و مەسەلەکەی تێگەیاند، ئامۆزاکەشم چوو بۆ فەرمانگەکەی باوکم، تەنها پاسەوانەکانی لێبوو، کە پرسیاری لێکردبون، پێیان وتبوو" ئێمە هیچ نازانین، ئەمڕۆ چەند کەسێک بە لاندکرۆزەرێکی سپی بردیان و نازانین سەر بە کێن."

ئامۆزاکەم هاتەوەو پاسەوانەکان چییان پێوتبوو، بۆی گێڕاینەوە، ئێمەش وەک شێتمان لێهات و دامانە پرمەی گریان، ئاخر دوای باوکم ئێمە کێمان هەیە؟"

سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر دایکم و ئامۆزاکەم چوون بەدوای باوکمدا بگەڕێن.

سەرەتا چوون بۆ بەڕێوبەرێتی ئاسایشی عەممارە، لەوێ هیچ وەڵامێکیان دەست نەکەوت. پاشان چوون بۆ بەڕێوبەرێتی هەواڵگریی (ئیستیخبارات) و لەوێش هیچ زانیارییەکیان دەستگیر نەبوو، دواتر بەسەر

هەموو بنکەکانی پۆلیسی ناو شاردا گەڕان بێ ئەوەی بگەنە هیچ ئەنجامێک. شەو هاتنەوەو هیچ هەواڵێکیان دەربارەی باوکم دەستنەکەوتبوو.

هەموومان رووخابووین، من بە ناچاری دوو هەفتە نەچوومەوە بۆ خوێندنەکەم لە پەیمانگای تەکنیکی.

لە بەغداو بەسرە دەستمانکرد بە پرسیارکردن لە بەڕێوبەرێتییەکانی ئاسایش و بنکەکانی پۆلیس ، ئەویش بێ ئەنجام بوو. کەس نەما نەچین بۆ لای، بەڵام بێهودە بوو، سەرەنجام چارمان نەماو تەسلیمی واقیعەکە بووین.

دایکم بۆ ئەوەی بژێویمان بۆ پەیدا بکات، شانی دایە بەر کاسپی. دەچوو لە لادێ شیری دەهێناو ماست و پەنیری لێ دروستدەکردو دەیبرد بۆ بازاڕ دەیفرۆشت. کەس و کارو دراوسێکان یارمەتییان دەداین بۆ دابینکردنی داودەرمان بۆ برا ئیفلیجەکەم، ئەم حاڵەتە ماوەی ساڵێکی تەواوی خایاند.

دوای ساڵێک دایکم جەڵتەلێیدا، سەرەنجام نیوەی لەشی ئیفلیج بوو، ئەویشمان لە جێگادا کەوت.

ئیتر ڕۆژ لە دوای رۆژ وەزعمان بەرەو خراپی دەچوو، تاکە هیوامان ئەوە بوو من پەیمانگا تەواو بکەم و دەستم لە وەزیفەیەک گیر ببێت و بتوانم یارمەتی خێزانەکەم بدەم.

بەڵام زۆرجار رووداوەکان بە ئارەزووی مرۆڤ نابن، رۆژێکیان لەناو موحازەرەدا خەیاڵم رۆیشت و بیرم لە نەهامەتییەکانی خۆمان دەکردەوە، مامۆستا وریای کردمەوە تا ئاگام لە دەرسەکە بێت.

دوای موحازەرەکە، سەنای هاوپۆلم هاتە نزیکمەوە، سەنا کچی حافیز موحانی ئەندام فیرقەی بەعس بوو، بەردەوام شانازیی بەوەوە دەکرد کە کچی ئەندام فیرقەیە، هەمیشە جلی جوان و نایابی دەپۆشی و خشڵ و زێڕو زیوی دەکرد بە خۆیەوە.

سەنا هەمیشە هەوڵیدەدا خۆیم لێ نزیک بکاتەوە، بەڵام من خۆمم لەو بەدوور دەگرت لە ترسی ئەوەی نەوەک باسی باوکم بکات، بەڵام ئەو رۆژە گوێم نەدایەو قسەم لەگەڵ کرد، ڕەنگیشە هۆیەکەی ئەوە بووبێت کە بێزار بووم و دەمویست کەمێک خەمی دڵم بەبا بدەم.

سەنا لێمی پرسی:

_ "ویداد چیتە؟"

_ "هیچ"

- "چۆن هیچ؟! تۆ ئەمڕۆ هەر ئاگاشت لە دەرس نەبوو. قسەم بۆ بکە، بەڵکو قسەکردن کەمێک باری شانت سووک بکات."

دەستم کرد بە گریان و باسی باوکمم بۆ کرد کە چۆن بێسەروشوێن بووە، باسی حاڵی دایکم و براکەشم بۆ کرد، گوزەرانی نارەحەتمان، هەموو ئەمانە ڕوویاندا بێ ئەوەی بزانم باوکە باشەکەمیان بۆ کوێ بردووە؟

پرسی

- "کێن ئەوانەی بردوویانە."

نازانم چۆن وشەکان لە دەمم هاتنە دەرەوەو وتم

- "جا کەس هەیە غەیری ئەو حیزبییانەی لە خوا ناترسن."

سەنا چاوێکی پڕ لە ڕق و قینی تێبڕیم و وتی

- "کەواتە تۆ ڕقت لە حیزب و دەوڵەتە"

- "من رقم لێیان نیە، بەڵام کەس نەما ئێمە نەبێت؟"

ئیتر سەنا جێی هێشتم و لە هۆڵەکە چووە دەرەوە.

دوای دوو ڕۆژ، لە هۆڵی موحازەرە بووم، سێ کەس و ئەفسەرێک هاتنە ژوورەوە، ئەفسەرەکە خۆی بە عەبدولحسێن جەبار ناساند، ئوستادەکەمان پێی وت

-"بەخێربێن، چۆن دەتوانین یارمەتیتان بدەین؟"

- "مەسەلەکە پەیوەندی بەتۆوە نیە. هاتووین و فەرمانی دەستگیرکردنی ویداد عەبود ئەمینمان پێیە."

ئەفسەرەکە داوای لێکردم لە پۆل بچمە دەرەوە، لە ترسا هەموو گیانم کەوتە لەرزین. کە نزیک بوومەوە، گرتیانم و بردیانم، هاوپۆلەکانیشم هەروا بە حەپەساویی سەیریان دەکردم، نەیاندەزانی تاوانبارم بکەن یان بەزەییان پێمدا بێتەوە.

گەیشتینە دەرەوەی پەیمانگا، لەوێ فەرمانیان پێکردم سواری ئوتومبیلێکی لاندکرۆزەری سپی ببم کە لە دەرەوە چاوەڕوانیان بوو. لەسەر کوشنی ناوەڕاست لە دواوە دایاننام، یەکێک لای ڕاستم و یەکێک لای چەپم دانیشت، ئەفسەرەکەش لە پێشەوە دانیشت.

ئوتومبیلەکە بردینی و گەیشتینە لای پردە هەڵواسراوەکە، لەوێ ئەفسەرەکە فەرمانی بە دوو کەسەکەی لای من کرد سەرم شۆڕ بکەنەوە بۆ خوارەوە، دوای ماوەیەکی کورت ئوتومبیلەکە ڕاوەستاو دایانگرتمە

خوارەوە، خۆمم بینییەوە لەناو بینایەکدام، هەر ئەو کاتەو لەبەر نزیکی ماوەی ڕۆیشتنەکەمان زانیم کە بەڕێوەبەریتی ئاسایشی عەممارەیە. دوو کەس وەریان گرتم و وتیان:

- "بەڕاستی نێچیرێکی قەڵەوە."

من لە مانای قسەکە تێنەگەیشتم، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت مەبەستیان چیە.

بردیانم بۆ زیندانێکی تەنگ، نە پەنجەرەو نە راخەری تیا نەبوو، گڵۆپێکی زەرد بە بنمیچەکەوە دەبریسکایەوە، لەوێ دەرگایان لێ کڵۆم دام و ڕۆیشتن.

ئەو ساتانە هەستێکی زۆر ناخۆشم هەبوو، نەمدەزانی بۆچی لەوێم، چارەنوسی کەسوکارم چیە، دەزانن لێرەم یان نا.

ئیتر هەروا لەوێ مامەوەو بۆ نەهامەتییەکەم دەگریام و لەدڵی خۆما دەمووت : "دەبێت بە چ تاوانێک ئاوا فڕێیان دابێتمە ناو زیندانەوە؟"

نزیکەی چوار سەعاتێک تێپەڕی، پاشان یەکێک هات و دەست و چاومی بەستەوەو بردمی بۆ ژورێک، لەوێ دەست و چاومی کردەوە، سەیرم کرد ژوورەکە قەرەوێڵەیەکی لێیەو گوریس و کێبڵیشی لێ دانراوە.

ڕاچەنیم و لە خۆمم پرسی"دەبێت ئەمانە چیم لێبکەن؟"

دوای چەند ساتێک ئەفسەرێک بە تەنها هاتە ژوورەوەو هێواش هێواش لێم نزیک بۆوەو وتی:

- "وادیارە خودا جوانترین شێوەی پێداویت، تکات لێدەکەم منیش و خۆشت ماندوو نەکەیت و بە هێمنی ئیعتیراف بکەیت."

بەدەم هەنسکەوە وەڵامم دایەوە

- "ئیعتیراف لەسەر چی بکەم؟"

- "پێش دوو ڕۆژ لەگەڵ هاوەڵێکتدا لە هۆڵی موحازەرە دانیشتبوون و جنێوت بە سەرۆکی فەرماندە داوە."

- "بڕوام پێبکە شتی وام نەوتووە."

- "کەواتە پێم بڵێ لەگەڵ هاوەڵەکەتدا چیتان وت."

- "مەسەلەی گوزەران سەری لێشێواندبووم، دایکم پەکی کەوتووە، باوکیشم نازانین چی بەسەر هاتووە، هیچم نەوتووە ئەمەندە نەبێت (بۆچی حیزبییەکان وامان لێدەکەن، کەس نەما ئێمە نەبێت) هەر ئەوەندەم وتووە."

- "کەواتە تۆ تاوانباریت بەوەی هێرشت کردۆتە سەر حیزبی بەعس."

- "بڕوام پێبکە یەک وشەشم بە حیزب نەوتووە، ئەو قسەیەشم لە ساتێکی نائومێدیدا کرد."

- "درۆ دەکەیت، هێرشکردنت بەم شێوازە، نیشانەی ئەوەیە ڕەنگە لەناو پەیمانگادا ریکخستنێک هەبێت و تۆ سەر بەو رێکخستنە بیت."

- "بڕوام پێبکە، من کەسێکی هەژارم، هیچ بۆچوونێکی سیاسیم نیە. لێت دەپاڕێمەوە لێمگەڕێ بڕۆم، ئەگەر دایکم بزانێت لێرەم دەمرێت."

- "لێگەڕێ با لە خەفەتی دونیا رزگاری ببێت و هەر خۆت بە تەنها بمێنیتەوە."

پاشان بەشێوەیەکی سەمەرە لێم نزیک کەوتەوە، سەرنجمدا چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون. فڕێی دامە سەر قەرەوێڵەکەو دەستی کرد بە خۆ ڕووتکردنەوە، بەڕوویا هەڵشاخام:

- "ئەوە چی دەکەیت هەی خوێڕی."

تفێکی کردە ناوچاوم، زللەیەکیشی تێسرەواندم و وتی - "بڕوانن کێ زمانی گرتووە! ویدادی داوێنپیسی هیچ و پووچ."

وەک دڕندە هاتە وێزەم، قیژاندم و خۆمم ڕاپسکاند، بەڵام ئەو بەهێزتر بوو، مەحاڵ بوو کچێکی وەک من بەسەریدا زاڵ ببێت. جلەکانمی داکەندو منیش هەر دەگریام و لێی دەپاڕامەوە وازم لێبهێنێت، بەڵام پاڕانەوەکانم کاریان تێنەکرد، ئیتر بە هەموو هێزی خۆم قیژاندم، ئەویش دەستی دایە کێبڵ و کوێت دێشێت تێم بەربوو هەتا لە هۆش خۆم چووم.

کە بێداربوومەوە ئەفسەرەکەم بینی شوشەیەک بۆن لە لوتم نزیک دەکاتەوە بۆ ئەوەی بێمەوە هۆش خۆم، بینیم رووت و قووتم و وەزعم زۆر خراپە.

کەوتمە هاوارو قیژەو بەربوومە لێدان و ڕنینەوەی روومەتی خۆم، وەک شێتم لێهات، ئەویش بێباکانە هەڵدەسوڕا مێش میوانی نەبوو، وەک ئەوەی هەر هیچیشی نەکردبێت وەهابوو، سەیرێکی کردم و وتی: - "جلەکانت لەبەر بکە، تۆی سۆزانی ئەمە چارەنوستە، هێرش دەکەیتە سەر سەرۆک و حیزب، دەبخۆ دەی ئەمە سزاکەتە."

جلەکانم کردەوە بەرم، ئەو دەرگاکەی کردەوەو ڕۆیشت، ئینجا ئەو کەسەی هێنابوومی هاتە ژوورەوەو بردمیەوە بۆ زیندانەکەی خۆم.

ئیتر ئەم حاڵە هەموو شەوێک بەردەوام بوو، نزیکەی چوار مانگی خایاند، لەم ماوەیەدا تەندروستیم تێکچوو، هەرەسم هێنا. شەوانە ئەفسەرەکە حەبی هێورکەرەوەی دەدامێ بۆ ئەوەی هەرکاتێک بیەوێت من بۆی شل بم.

ڕۆژێکیان بردیانمەوە بۆ ژوورەکە، ئەفسەرەکە هات و دوو کەسی لەگەڵدا بوو، پێی وتن:

- "ئەمەیە ئەو کچە جوانەیە بۆم باس کردن."

من قیژاندم، ئەفسەرەکە بە پەڕۆیەک دەمی بەستم، لوولەی دەمانچەی خستە سەر سەرم و فەرمانی پێکردم جلەکانم دابکەنم. بەقسەم نەکرد، بە دەمانچەکەی لێیدام.

ناچار ملمدا و جلەکانمم داکەند، پاشان پەڕۆکەی سەر دەممی کردەوە، من بە قوڵپی گریانەوە قیژاندم بە ڕوویاندا:

- "بۆچی ئێوە شەرەفتان نیە؟ خوشک و ژنتان نیە؟ ئەگەر یەکێک لەوان وەک منی بەسەربێت، ئێوە چی دەکەن؟"

یەکێکیان وەڵامی دامەوە:

- "خوشک و ژنی ئێمە وەکو تۆ نین هەی سۆزانی، داوێنپیس، قەحبە."

پاشان بەوەی تریانی وت:

- "ئادەی عەباس بە ئارەزووی خۆت چیت دەوێت لەگەڵیدا بیکە."

ئەوان رۆیشتنە دەرەوە تا عەباس ئیشی خۆی بکات. پاشان دووهەم، دواتر سێهەم هاتە ژوورەوەو هەموویان کاری خۆیان کرد. من بەرگەم نەگرت و بورامەوە، ئەوانە منیان کرد بە سۆزانی، بەڵام بۆچی؟ بە چ تاوانێک؟

کە ئەفسەرەکە هێنامیەوە هۆش خۆم، بینیم جلەکانم کراوەتەوە بەرم، ئینجا بە یەکێکی وت بمداتە بەر کێبڵ، ئەویش هات و هەموو گیانمی کوتایەوە تا دیسان بورامەوە، ئەمجارەیان کە هاتمەوە هۆش خۆم لە زیندانەکەم بووم.

دوای هەفتەیەک لەو روداوە، کەسێک هات و بردمی بۆ ژووری ئەفسەرە خوێڕییەکە. کە چوومە ژوورەوە ئەفسەرێکی دیکەم بینی لە جێگای ئەو دانیشتبوو، ئەفسەرەکەی تر لەسەر کورسییەک لایەوە دانیشتبوو، هەر خۆشی تێنەگەیاندم و وای پیشان نەدا کە دەمناسێت و رۆژانە ئەو کردەوە دزێوانەم لەگەڵ دەکات.

ئەفسەری پشتی مێزەکە وتی:

- "دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەمان کرد لەو تۆمەتەی درابووە پاڵت کە گوایە هێرشت کردووەتە سەر سەرۆک، بۆمان دەرکەوت بێتاوانیت. تۆ بەردەبیت و دەبیت بە چاوساغی ئێمە و هەواڵی ناوچەکەی خۆتانمان بۆ دەهێنیت."

ورتەم لێوە نەهات، من تەواو رووخابووم، ئامادەبووم هەموو شتێک بکەم بەس بۆ ئەوەی لەو شوێنە تۆقێنەرە قوتار ببم.

لەسەر وەرەقەی بەرەڵا کردنم ئیمزای پێکردم، بە ئوتومبیلێکی لاندکرۆزەری سپی وەک ئەوەی هێنابوومی بردیانمەوە بۆ ماڵەوە.

لە ماڵەوە ئازارەکانم ئەوەندەی تر زیادیان کرد، دایکم مردبوو، براکەشم لەبەر بێ دەرمانی گیانی دەدا، خوشکەکانم وازیان لە خوێندن هێنابوو.

بەرگەی هەموو ئەوانەم نەگرت، پورێکم لە سەماوە دەژیا، بێوەژنێکی بەتەمەن بوو، کچێکی هەبوو دەیخوێند، کوڕەکەشی ژنی هێنابوو، ماڵێکی گەورەی دوو نهۆمیی هەبوو، قسەم لەگەڵ کردو ئەویش رازی بوو قاتی سەرەوەی بدا بە ئێمە.

شەوێکی تاریک، خوشک و براکانم بردو بە دزییەوە هەڵاتین بۆ سەماوە، لەوێ لە کارگەی درومانی دەستەخوشکێکی پوورم دەستم کرد بە خەیاتی، بۆ ئەوەی داودەرمانی براکەم و بژێوی ژیانمان دابین بکەم، خوشکەکانیشم نەقڵ کرد بۆ قوتابخانەکانی سەماوەو لەوێ مەکتەبیان تەواو کرد.

هەتا رووخانی ستەمکار بەوشێوەیەماینەوە، سوپاس بۆ خوا گەڕاینەوە بۆ ماڵی خۆمان.

بەڵام من تا ئێستاش هەر وەزعم خراپە و هەست بە زەلیلی دەکەم، زۆرداران بێ گوناە  باوک و دایکمیان لەدەست دام.

بەڵام یەزدان تۆڵەی منی لە سەنا کردەوە، چەند کەسێکی نەناسراو باوکیان کوشت، وەزعیان زۆر شڕ بووەو، ماڵی خۆیان جێهێشتووە و روویانکردووەتە شوێنێکی نەزانراو.

له گۆڕستانه به کۆمەڵەکەی ناو فەیلەقی چوارەمیش، تەرمی باوکمان دۆزییەوە.

سوپاس بۆ خواو هەرچی خوا بیکات گەڕانەوەی بۆ نیەو هەمووومان بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە.

**هاوبەش**

.

له ساڵی 1988 تەلەبە بووم لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، لە ڕۆژی 1988/03/13 سوپای ئێران دەستی کرد بە تۆپ بارانی ناو شاری هەڵەبجە و دەوروبەری، ئەوکاتە هێرشی ئێرانی بۆ سەر شاری هەڵەبجە هەبوو ، سوپای عیراقیش لەناو شاری هەڵەبجەدا بڵاو بووبونەوە، بەهۆی شەڕەکەوە هەموو دەوائیرو قوتابخانەکان داخرابوون.

وەزعەکە تا دەهات خراپتر دەبوو زۆربەی خەڵک ڕوی کردە ژێرزەمینەکان، ئێمەش چووینە ژێرزەمینی ماڵی دراوسێیەکمانەوە ودوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە، ئەو ماڵە پێشتر رایان کردبوو بۆ ئێران لەترسی رژێمی بەعس لە ساڵی 1987دا.

دوای دوو رۆژەکە  باوکم و کۆمەڵێک خزم کۆبونەوەو، زانیان وەزعەکە بەرەو خراپ تر دەچێت، ووتیان ئەچین بۆ ژێرزەمینی دائیرەی تەلقیحی توتنەکە. ئێمە بە خێزانەوە لەگەڵ کۆمەڵێک خزم و کەسوکاردا رۆشتین بۆ ئەوێ، چونکە بینایەکی گەورەبوو  ژێرزەمینەکەشی قایم بوو.. خەڵکێکی زۆر ڕویان کردبووە ئەو ژێر زەمینە.

ئەو رۆژە قەسف لەسەر  هەڵەبجە بەردەوام بوو، بە چاوی خۆم ژمارەیەکی زۆر سەربازی عێراقیم بینی بەناو کۆلانەکانی هەڵەبجەدا ڕایان دەکرد، عەسکەرەکان سیلاحەکانیان فڕێ ئەداو داوایان لەخەڵک دەکرد بیان شارنەوە و جلی کوردیان بەنێ و هاواریان دەکرد ئێران هات. من زۆر لە سەربازی عێراقی دەترسام لەبەر ئەوە زۆرم پێ خۆش بوو شارەکە چوڵ بکەن، ئیتر خەڵکی هەڵەبجە بۆیان دەرکەوت سوپای عێراق تێکشکاوەو هەڵەبجە دەگیرێت.

بۆ بەیانی ڕۆژی 3/16 ی ساڵی 1988 بوو، بەچاوی خۆم عەسکەری ئێرانیم بینی بەناو شاردا پیاسەیان دەکرد. ئەو ڕۆژە بۆردومان نەمابوو وەزعەکە زۆر ئاسایی بووبووەوە، خەڵک بەناو شاردا هاتوچۆی دەکرد، شار کشومات بوو ئەتووت خۆڵی مردووی کراوە بەسەردا، لەو ماوەیەدا خەڵک بریندارەکانیان  دەبرد بۆ خەستەخانەی هەڵەبجە.

ئەو بەیانیە چومە قاتی چواری بیناکەوەو  لەوێوە سەیری ناو شارم دەکرد دەموویست بزانم وەزعەکە چۆنە، شار چی لێهاتووە، خەڵک رادەکات یان نا، راستیەکەی وەک حەزێکی مناڵی کەئەو کاتە من تەمەنم یانزە ساڵان بوو حەزم بەو وەزعە بوو.

هەر لەو شۆێنەوە سەیری دەرەوەی شارم دەکرد  لە سەعات یانزە بەولاوە کۆمەڵێک تەیارەم بینی لە ئاراستەی سلێمانیەوە بەرەو دەروازەی شار دەهاتن، کە ئەوەم بینی یەکسەر ڕام کردەوە بۆ ژێرزەمینەکە. بۆردومان دەستی پێکرد، ڕاستیەکەی بۆردومانەکە زۆر نزیک بوو لە ژێرزەمینەکەی ئێمەوە، تا من گەیشتمەوە ژێرزەمینەکە دوو ناپاڵم کێشای بە نزیک بیناکەدا.

تا ئەو کاتە گوێم لە تەقینەوەی وا بەهێز نەبووبوو، لە ژێرزەمینەکە دایک و باوکی خۆمم دۆزیەوە، تەقینەوەکە ئەوەندە بەهێز بوو پەنجەرەی بە ژێرزەمینەکەوە نەهێشت و هەمووی شکاو کەوت بەسەر خەڵکەکەداو کۆمەڵێکی بریندار کرد.

ژێرزەمینەکە زۆر گەورە بوو نزیکەی سێسەد بۆ چوارسەد کەسی تیا بوو.

تەیارەکان لە نزیک بیناکەی ئێمەوە بۆردومانیان دەکرد.

لەناو ژێرزەمینەکەدا بەردەوام خەڵک ئەپاڕایەوە لە خواو هاواریان دەکرد،  مناڵ باوەشی دەکرد بە قاچی باوکیا.

گۆێم لێ بوو یەکێک ئەیووت هەرگیز باوەڕ ناکەم ڕوژی حەشریش وابێ.

خێزانەکەی ئێمەش هەموومان باوەشمان کردبوو بە باوکمانداو باوکیشم بەردەوام دەیووت مەترسن هیچ نیە ئێستا تەواو دەبێت خوا گەورەیە.

ڕاستیەکەی من ئەوەی کە قەد بیرم ناچێتەوە قیژە قیژی خەڵکەکە بوو، خەڵکەکە لەتاو گیانی خۆیان و لەترسی دەنگی تەیارەکان هاواریان دەکرد کەس ئاگای لەکەس نەمابوو.

تەیارەکان ماوەیەک بۆردومانیان کردوو پاشان دەنگیان نەماو دنیا هێور بووەوە.

باوکم و کۆمەڵێک لە خزمان بیریان لەوە کردەوە کە ژێرزەمینەکە چۆڵ بکەن، چونکە وەزعەکە زۆر خراپ بوو بوو دەترسان ژێرزەمینەکە بڕۆخێت

باوکم ووتی

- با دەرچین،

هەمووومان هاتینە دەرەوە، بینیمان لەدەوروبەری ژێرزەمینەکەدا یەک خانوو بە پێوە نەماوە، دیواری تەلقیحەکەش بەتەواوەتی روخابوو، بەسەر داروپەردوی دیوارەکاندا رامان کرد.

خێزانەکەمان لە هەشت کەس پێک هاتبوو ، دوانمان لە سلێمانی تەلەبە بوون، من و دوو برام و خوشکێکم و دایکم و باوکم لە هەڵەبجە بووین، هەر شەشمان بەیەکەوە لە ژێرزەمینەکە هاتینە دەرەوە، باوکم توند دەستی برا بچوکەکەمی گرتبوو.

لەوێوە بەڕاکردن خۆمان کرد بە ژێرزەمینی ماڵی خاڵێکمدا کەنزیک بوو لە تەلقیحەکەوە، کەسی تیانە بوو، تاوەکو نزیکەی بانگی عەسر ماینەوە.

لەو ماوەیەدا چەند جارێک تەیارەکان قەسفی ناوشاریان کرد، هەندێکیان دوور بوون هەندێکیان نزیک بوون لە ئێمەوە. خەڵک هەمووی لە ژێر داروپەردووی خانووە روخاوەکاندا خۆیان شاردبوەوە .

کۆڕێکمان لەگەڵ بوو بەناوی ئەحمەد ویستی لە ژێرزەمینەکە بڕواتە دەرەوە، هەرئەوەندەمان زانی لەسەر قادرمەکان کەوت و وەکو بڵێی پەرکەم لێیدابێت هەناسەی بۆ نەئەدراو هەموو گیانی دەلەرزی، یەکسەر باوکم و ئەوان زانیان کە چەکی کیمیاوی بەکارهاتووە. ناتوانم باسی ئەو حاڵەتە بکەم کە زانیمان چەکی کیمیاوی بەکار هاتووە، بەڵام تەواو بێ هیوا بووین و هەموومان تێک چووین و کەوتینە پاڕانەوە لە خوا، چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد ئێمەش بمرین.

ئەحمەد خوشکێکی گەورەی لەگەڵدا بوو دەگریا بەسەریدا و دەیووت جێی ناهێڵم با منیش گەڵیدا بمرم، خوشک و براکانی ئەحەمەد نەیان توانی براکەیان بەجێبهێڵن و نەهاتن لەگەڵماندا و دواتر هەموویان تیاچوون و شەهید بوون.

ئێمە هەموومان هاتینە دەرەوە لە ژێرزەمینەکە، سێ سەیارەمان پێ بوو، پێش ئەوەی سواری سەیارەکان ببین دایکم سەری هەموومانی کرد بەناو تەنکیەک ئاودا کەلە حەوشەکەی ماڵی خاڵمدا بوو، ئینجا هەموو خەڵکەکەش دەموچاویان تەڕ کرد بەو ئاوە و پاشان پەڕۆیان تەڕدەکرد ئەیاندا بە دەموچاویانا، منیش دەسرێکی مەکتەبم پێبوو تەڕم کرد و دام بە دەموچاومدا.

سواری سەیارەکان بووین و ڕامانکرد، هەموومان سەرمان لێتکچووبوو نەمان دەزانی روو بکەینە گوڵان یان عەبابەیلێ، سێ سەیارە بووین بەدوای یەکدا، ڕوومان کردە عەبابەیلێ. لە نزیک گەڕکی پیرمحەمەدەوە کە گەڕەکێکی شاری هەڵەبجەیە دوکەڵێکی سپیم بینی بەرز ببوەوە.

لە ڕێگەدا بەردەوام خەڵک لە سەیارەکەی ئێمە دەکەوتنە خوارەوە و دەمردن، سەیارەکەمان پیکاب بوو خەڵکێکی زۆرخۆی پیاهەڵواسی بوو. من لەدواوە بووم و چاوم لە هەمووی بوو تا ئەو کاتەی سایەقی پیکابەکە کە ئامۆزای خۆم بوو لەهۆش خۆی چوو لەدەرگای سەیارەکە کەوتە خوارەوەو شەهید بوو، سەیارەکە وەستا. سەیارەکەی دوای ئێمەش بەهەمان شێوە سایەقەکەی بێهۆش بوو خۆی کێشا بە دیوارێکداو وەستا.

پاشان خەڵکەکەی ناوی هەمووی بێهۆش بوو بە دایکم و باوکم و خوشک و براکانمەوە، تەنها من و کوڕێکی خاڵم زیندوو بووین و ئاگامان لە خۆمان بوو.

کوڕەکەی خاڵم پێی ووتم

- "با ڕابکەین بۆ گەڕەکی مامۆستایان بۆ ماڵی مامم؟"

ووتم

- "نایەم دایکم و باوکم بەجێ ناهێڵم."

ئێوارە نزیک بووبوەوە دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو، کە من ووتم نایەم ئەو ڕۆیشت و بەجێی هێشتم.

لەلای خێزانەکەم مامەوە، زۆر هەستم بە نائومێدی دەکردوو بە تەنیا بووم، دەستم ئەدا لە دەموچاوی دایکم و باوکم ڕامدەوەشاندن بۆ ئەوەی بزانم ماون یان نا، چونکە نەمدەویست بڕوا بەوە بێنم کە مردوون، بەردەوام ڕامدەوەشاندن بۆ ئەوەی جوڵەیەک یان هەناسەیەک بدەن، بەڵام سوودی نەبوو دیار بوو ئەوان مردبوون و ئاگایان لە من نەمابوو.

ئیتر چارم نەما لە پشتی پیکابەکە دابەزیم و ڕۆیشتم، بەردوامیش سەیری دواوەم دەکرد و لە دڵی خۆمدا دەمووت "بەجێیان بهێڵم یان نا، تۆ بڵێی مردبن".

دووبارە گەڕامەوە بۆ لای پیکابەکەو سەیرێکی دایک و باوک وخوشک وبراکانم کردەوە، باوەڕم نەدەکرد کە مردوون. زۆر حەزم دەکرد لە پیکابەکەدا وەکو ئەوانم لێبێت، ئەو کاتە بیرم لەوە دەکردەوەو ئەمووت "باشە باوکم و برا گەورەکانم زۆر لەمن بەقوەت ترن، دایکم زۆر لە من بەهێزترە چۆن ئەبێت ئەوان وایان لێبێت و من بمێنم، دەمووت دەبوایە ئەوان من ڕزگار بکەن نەک من بەهانای ئەوانەوە بچم.

خەڵک بەناو گەڕەکەکاندا هاتوچۆیان دەکرد، زۆر دەترسام بمبەن لەگەڵ خۆیاندا و لە باوک و دایکمم جیابکەنەوە، بەڵام دیار بوو کەس ئاگای لەکەس نەمابوو،

لەو شەوەدا یەکێک هاتە سەر سەیارەکە نەمزانی کێیە و خەڵکی کوێیە، بەڵام کە هاتە ناو پیکابەکەوە ووتم

- "ها کاکە چیت دەوێت؟"
- "خواردنم دەوێت برسیمە"،

منیش ووتم

- "ئەو دوو قابلەمەیە خواردنی تیایە ئەتوانی بیبەیت."

لەڕاستیدا هیچ خەیاڵی ئەوەم نەبوو کە ئەو خواردنە ژەهراویە بە مادەی کیمیاوی، خەڵک هەمووی وەکو شێتی لێهاتبوو کەس نەیدەزانی چی دەکات، هەمووی سەری لێ تێکچووبوو.

شەو رۆژێک لەناو پیکابەکەدا مامەوە، لەو ماوەیەدا تەنانەت بۆ چەند چرکەیەک لەهۆش خۆم نەچووم و نەش خەوتم، هەر سەیری جەنازەکانم دەکرد. ئەو شەوە بەردەوام چاوم لە تەیارە بوو کە بۆردومانی ناوچەی سازان و شاخەکانی دەوروبەری هەڵەبجەیان دەکرد بەتایبەت ئەو شوێنانەی کەخەڵک لێوەی دەردەچوون بەرەو ئێران، تاوەکو بەیانی من بۆردومانی تەیارەکانم دەژمارد، وام هەست دەکرد کە خەو دەبینم.

بەڵام ئەوەی کە لەدوابد ڕوویدا زۆر گرنگ بوو بۆ ژیانی من، لە دەمە و بەیانی گوێم لە پرخە پرخێک بوو کە نزیک بوومەوە زانیم برا گەورەکەمە، ڕاستیەکەی خۆشترین کات لە ژیانما ئەو کاتە بوو، چونکە هەستم کرد پشت و پەنایەکم بۆ دروست بووە، کە هۆشی هاتەوە هاواری قاچی کرد، کیمیاویەکە زۆر کاری لە قاچی کردبوو ئازاری زۆری هەبوو دواتریش بەهەمان شێوە کوڕی خاڵەکەم چاکبۆوە پاشان خزمەکانی ترم، ئیتر زۆر دڵم خۆش بوو، هەرەوەها برا بچووکەکەشم بۆ چەند چرکەیەک هۆشی هاتەوە قسەیەکی پێ ووتم کە تاکو ئێستا تەنها یەک جار باسم کردووە وە حەز دەکەم ئێستا باسی بکەمەوە هەرچەندە زۆر قورسە لەلام و تەحەمولی ناکەم

ووتی

- "کاکە ئەوە دایک و باوکم چییان لێ هاتووە؟

- "بەخوا نازانم چیان لێهاتووە، نازانم مردوون یان لەهۆش خۆیان چوون؟"

- "ئەگەر مردوون توخوا دوعاش بۆ من بکە با وەکو ئەوان بمرم."

دوای ئەوە مردو شەهید بوو.

ئەو ڕووداوانە هیوای ئەوەیان لادروست کردم کە لەوانەیە دایکم و باوکیشم چاکبنەوە، بەڵام بەداخەوە وانەبوو.

کە ڕۆژ بۆوە ئامۆژنم ڕۆیشت بۆ ماڵی براکەی و بەجێی هێشتین، بەڵام من و براکەم و خاڵۆژنم و خاڵۆزاکەم ماینەوە بەدیار سەیارەکەوە بە ئومێدی ئەوەی ئەوانەیتریش چاکبنەوە، ئێمە ڕەسممان هەیە کە من و براکەم و خاڵۆزاکەم و خاڵۆژنم لە پاڵ پیکابەکەدا دانیشتووین لە گۆڤارێکی تایبەت بە هەڵەبجە بەناوی (Halabja Memory) بڵاوکراوەتەوە.

ئەو ڕۆژە کۆمەڵێکی زۆر پەیامنێر هاتنە هەلەبجەو وێنەی ڕووداوەکانیان دەگرت.

کۆمەڵێک پاسداریش هاتن بۆلای ئێمە بۆ ڕەسم گرتن، بەئێمەیان ووت با بتانبەین، بەڵام ئێمە نەڕۆیشتین، لە نیوەڕۆدا بە زۆر سواری جیبێکی ئێرانیان کردین و ڕۆشتین، چونکە مانەوەی ئێمە لەو شوێنەدا بێسود بوو، ئیتر بۆ دواجار سەیری دایکم و باوکم و خوشک و براکانم کرد و لە دڵی خۆمدا خواحافیزیم لێ کردن و دڵنیابووم کە مردوون.

بردیانین بۆ خەستەخانەیەکی ئێرانی، ماوەیەکی کەم ماینەوە، جل و بەرگەکانیان داکەندین و خۆمان شۆرد و جل و بەرگی تازەیان داینێ و پاشان بە کۆپتەر بردیانین بۆ خەستەخانەیەکی تاران و چەند رۆژێک ماینەوە.

لە ماوەیەکی کورتدا روناکی نەما لە ژیانمداو هەموو شتە جوانەکان رۆشتن.

من هەر وەکو خەو دەهاتە بەرچاوم، باوەڕم نەدەکرد کە ئێمە تووشی ئەو هەموو نارەحەتیە بووین، چونکە بێ تاوان بووین و گوناحمان نەبوو، من ئەو کاتە تەمەنم یانزە ساڵان دەبوو، هەرگیز دڵی کەسم ئازار نەدا بوو تەنانەت دڵی پەپولەیەکیشم نەشکاندبوو.....

**جاسم**

من پەنجەی پەشیمانی دەگەزم، گەرچی دەشزانم هیچ شتێک وام لێناکات شایستەی لێبوردن بم، بەڵام تاکە ئومێدم بەوەیە دان بە تاوانەکانمدا بنێم، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە من پەشیمان بوومەتەوە.

من وەکو تاوانکارێک ژیاوم، لە ناخشیمدا دڵێکی شکاوم هەبوو، هەرچی شتی جوان لەناویدا هەبوو، هەموویان شکاند، نە بەزەیی تێدا ما و نەخۆشەویستی، هیچ نەما جگە لە رق و ستەمکاریی.

من لە رەوشێکی سەختدا گەورەبووم، باوکم ئالودەی شەراب بوو، دەسبەرداری نەدەبوو، سەرەنجام بەهۆی خواردنەوەوە ئەقڵی لەدەست دا.

بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە مامەڵەی لەگەڵ دایکمدا دەکرد، من و دوو خوشکەکەم کون نەبوو خۆمانی تیا بشارینەوە، ئەگەر بیدۆزینایەتەوە، دەیبەستینەوە بە دارخورماکانی ناو حەوشەی ماڵەکەمانەوە، پاشان دەیداینە بەر قامچی. کە دایکم دەهات بە هانامانەوە، ئێمەی بە شەتەکدراوی بەسەر دارخورماکەوە جێدەهێشت و بە قامچی دەچووە وێزەی ئەو، جێی قامچییەکانی بە هەموو گیانمانەوە بوو.

سەرەنجام دایکم نەیتوانی لەوە زیاتر بەرگەبگرێت، پەلی هەرسێکمانی گرت و چووەوە بۆ ماڵی باوکی. بەڵام خاڵەکانمان پێیان خۆش نەبوو کە دایکمان تۆراوەو بە سێ مناڵەوە چۆتەوە بۆ ماڵەوە. خاڵۆژنەکانمان زۆر بە خراپی لەگەڵمان دەجوڵانەوە، وەک کارەکەر سەیری دایکمانیان دەکرد، تاڵاوی دنیایان کرد بە گەروومانداا.

ڕۆژێکی هاوینی ساڵی 1977 یەکێک لە خزمەکانی دایکم کە ناوی کەڕڕار بوو، هات بۆ ماڵمان.

کەڕڕار قسەی لەگەڵ کردم و وتی:

- بۆچی ناچیت لە ئەمن کاربکەیت؟
- جا ئەوان من وەردەگرن؟
- تۆ بچۆرە پێشەوەو داوای بکە، من واستەت بۆ دەکەم.

ئیتر بە هاوکاریی ئەو خزمەمان، دوای مانگێک لەوەی داوای دامەزراندنم کرد، فەرمانی دامەزراندنم لە ئەمن دەرچوو.

لە خۆشییاندا بە پەلە خۆم گەیاندە لای دایکم و مژدەم دایەو وتم:

- دایە، ئیتر خانوویەک بەکرێ دەگرین و لێرە دەڕۆین. لەمڕۆ بەدواوە ئیتر ناهێڵم کاربکەیت، دەبیت بە خانمی ماڵی خۆت و کەس ناتوانێت فەرمانت بەسەردا بکات.

ڕۆژی یەکەم چووم بۆ دەوام، لەوێ کەڕڕارم بینی، ئەو ئاگاداری کردمەوەو وتی:

- گوێبگرە جاسم، پرسیاری زۆر نەکەیت، ئەفسەرەکە هەرچی لێ داواکردیت، بڵێ باشە، تێگەیشتیت؟

دوای ئەو قسانە بردمی بۆ لای عەقید سەعدو پێی وت:

- گەورەم ئەمە جاسمە، ئەوەی بۆم باسکردیت.

- رێک وەک ئەوەیە کە وەسفت کرد بۆم؟

- "بەڵێ گەورەم."

عەقیدەکە سەیرێکی کردم و وتی:

- "مادام باڵابەرز و کەتەیت، بڕیارمدا لە شوێنێکی شایستەی خۆتدا دات بنێم."

منیش بێدەنگ بووم و هیچ پرسیارێکم نەکرد.

پاشان سەیری کەڕراری کردو وتی:

- "باشترین شوێن بۆ ئەم کوڕە ژووری عەمەلییاتە، شکڵی هەر بۆ جەللاد باشە."

بەبیستنی ئەو وشەیە دڵم داخورپا، چونکە دەمزانی مانای چیە، بەڵام لە ترسی ئەوەی کارەکەم لەدەست نەچێت، هیچم نەووت، بۆ ئەوەی بە نائومێدی نەچمەوە بۆ لای دایکم.

من و کەڕرار پێکەوە چووینە دەرەوە، لە دەرەوە لێم پرسی:

- "دەتوانم ئەم کارە رەتبکەمەوەو کارێکی ترم بدەنێ؟"

- "وتت چی؟ سوپاسی خوا بکە، کێ کاریوای دەستدەکەوێت دەیان کەس خەو بەمکارەوەدەبینن."

- "جا کێ دەیەوێت ببێت بە جەللاد؟"

- "زۆر هەن، تۆ دەبیت بە جەللاد بەسەر ئەو کەسانەوە کە هەڕەشە لە ئاسایشی وڵات دەکەن، جارێکی تر ئەم قسانە نەکەیت، تێگەیشتیت؟"

هیچم نەوت و دوای کەوتم، بردمی بۆ ژورێکی مامناوەندی کە کۆمەڵێک ئامرازی تێدا بوو، هیچ پەنجەرەیەکیشی نەبوو؟

دیوارەکان شوێنەواری خوێنیان پێوە بوو، تەنها یەک گڵۆپیشی تێدا بوو.

پیاوێکی چوارشانەی ئەسمەری سمێڵ زلی لێبوو، پێیاندەووت (ئەبوخەشیم).

کەرڕار پێیووت:

- "ئەمە فەرمانبەرە نوێیەکەیەو ئەمەش ئەمریکە لە عەقید سەعدەوە، تا سێ رۆژ مەشقی پێبکەیت، بۆ ئەوەی بە باشی فێری کارەکە ببێت، باشە!"

پاشان روویکردە من و وتی:

- "تۆش لێرە دەمێنیتەوە بۆ ئەوەی فێر ببیت، دوای سێ رۆژ دەسبەکار دەبیت، پێش سەعات شەشی ئێوارە لێرە نارۆیت."

ئیتر کەرڕار رۆیشت و لەگەڵ ئەبوخەشیمدا جێیهێشتم.

دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە، دەترسام و سەرم لێ تێک چووبوو، نەمدەزانی چی بکەم، لەپڕ دوو کەس هاتن و لاوێکیان هێنا. یەکێکیان بە ئەبوخەشیمی وت:

- "رەحمی پێمەکە هەتا ئیعتیراف دەکات."

ئەبو خەشیم لاوەکەی گرت و بە بۆکس تێی بەربوو، پاشان شەقێکی تێهەڵداو جلەکانی لەبەر داکەند. دوای ئەوە بە کێبڵ دەستیکرد بە لێدانی شوێنە هەستیارەکانی لەشی . لاوەکە دەگریاو دەپاڕایەوە وازی لێبهێنێت، بەڵام ئەبو خەشیم زیاتر لێیدەدا تا وای لێهات هەموو گیانی بوو بە نەزیفی

خوێن و لەهۆش خۆی چوو، ئیتر وازی لێهێناو بانگی ئەو دوو کەسەی کرد کە هێنابوویان، تا بیبەنەوە بۆ زیندانەکەی.

دوای چەند خولەکێک پیاوێکیان هێنا، لە تەمەنی سی ساڵاندا بوو، ئەبو خەشیم بە بنمیچی ژوورەکەدا هەڵیواسی و بە کێبڵ دەستیکرد بە لێدانی، هەتا شانی دەرچوو، بووڕایەوە، ئینجا دایگرتە سەر زەوی.

کە بینیم ئەبوخەشیم چۆن ئەو خەڵکانە ئەشکەنجە دەدات، هەستم کرد دڵم تێکەڵ دێت، زۆر بە زەحمەت خۆم بۆ ڕاگیر دەکرا.

دوای ماوەیەک ئافرەتێکیان هێنا کە ڕازی نەبوو خەبەر لە مێردەکەی بدات کە سەر بە حیزبی دەعوە بوو. ئەبوخەشیم جلەکانی لەبەرداکەندو لەسەر کورسییەک داینیشاند، چەند وایەرێکی کارەبایی هێناو لە گۆی هەردوو مەمکی و پەنجە گەورەی قاچی بەست، پاشان کارەبای لێدا، کارەباکە ئافرەتەکەی توند ڕاوەشاندو ئەویش قیژاندی و لیک بە دەمیا هاتە خوارەوەو لەهۆش خۆی چوو.

ئەبوخەشیم ئافرەتەکەی لەسەر کورسییەکە هێنایە خوارەوەو جلەکانی لەبەرکردەوەو بانگی ئەو کەسانەی کرد کە هێنابوویان، بۆ ئەوەی بیبەنەوە.

لەو ساتەدا ڕقم لەخۆم دەبۆوە، چونکە منیش وەکو ئەبو خەشیم تاوانبارم لێدەردەچێت.

دوای تەواوبوونی مەشقی ئەو ڕۆژە کەڕڕار هات و فەرمانی پێدام بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام کە بینیمی وەزعم پەشێوە، خۆی لە گەڵمدا هات و لە ڕێگا لێی پرسیم:

- "جاسم، چیتە؟ تۆ بەس سەیرت کردووە، ئەی ئەگەر خۆت بیکەیت چیت بەسەر دێت؟"

- "ئەوانەی لەبەردەمی مندا ئەشکەنجەدران، گوناهیان چیە؟"

- "گوناهیان گەورەیەو قابیلی لێخۆشبوون نیە. ئەوانە دەیانەوێت رژێمەکەمان بڕوخێنن و پشێوی و کوشتوبڕ بڵاوبکەنەوە."

پاشان کەمێک بێدەنگ بوو، ئینجا وتی:

- "بڕوا مەکە کەس لەوانە زۆرلێکراو بێت. ئێمەین زۆرلێکراوان، تۆ زۆرت لێکراوە، تۆ لەژێر رەحمەتی خاڵەکانت و باوکە خراپەکەتا ژیاویت. ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە لە بیری خۆتی ببەرەوە، لێهاتوویی خۆت لە کارە نوێیەکەتا بسەلمێنە و لەبەردەمی ئەو خاینانەدا لاواز مەبە، ئیش بکە تا دایکت کە لە پێناوی ئێوەدا زۆری چەشتووە، بحەوێتەوە."

بەدەم ئەم قسانەوە گەیاندمیە ماڵی خۆمان و رۆیشت، دایکم هەستیکرد وەزعم باش نیە، پرسی:

- "کوڕم وەزعت باشە."

منیش سەیرێکی ناوچاویم کرد کە لە خۆشیاندا دەدرەوشایەوە، زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە لە یەکەم رۆژی کارکردنمدا گەڕاومەتەوە، بیرم لە ئومێدو خۆزگەی دایکم کردەوە بۆ ئەوەی ژیانێکی بێ کێشە بەسەر ببات، نەمتوانی هیچی بۆ بگێڕمەوە، وتم:

- "هیچ نیە دایە، هێشتا لەسەر ئەم کارە تازەیە رانەهاتووم.

- "کوڕم هەموو دەسپێکردنێک ناڕەحەتە، بەڵام لەگەڵ رۆژاندا رادێیت."

ئەو شەوە هەر بیرم دەکردەوە: چۆن بتوانم کێبڵ بگرم بە دەستمەوەو بەربیمە خەڵک. خەمێکی زۆر لەسەر شانم باربوو، بیرکردنەوە ئازاری دەدام، بەڵام قسەکەی کەڕڕاریش هەر لە مێشکمدا دەزرنگایەوە کە دەیووت (ئەوانە خاین و تاوانبارن). ئیتر قەناعەتم بەخۆم کرد کە ئەوانە شایستەی ئەوەن کە بەسەریان دێت، چونکە خاینن و پێویستە جەزای خۆیان وەربگرن.

سێ ڕۆژەکە تەواو بوو، ئەو شەوەی دەبوو بۆ بەیانی خۆم دەسبەکار ببم، خەوم لێنەکەوت، ئاخر بۆ بەیانی دەبووم بە جەللاد.

بۆ بەیانی چوم بۆ دەوام، کەڕڕار لەوێ چاوەڕوانم بوو، رووی تێکردم و وتی:

- "سەرم شۆڕ نەکەیت ها، تێگەیشتیت!"

چووم بۆ ژووری عەمەلیات، ئەبو خەشیم چاوەڕوانم بوو، بۆ ئەوەی چاودێریم بکات و بزانێت چی دەکەم.

یەکەمین کەس کە دەبوو من ئەشکەنجەی بدەم پیاوێکی چل ساڵان بوو، تۆمەتباربوو بەوەی سەر بە حیزبی دەعوەیە. بە دەستی لە رزۆکەوە کێبڵم هەڵگرت، ئاخر چۆن لە پیاوێک بدەم کە تەمەنی لە خۆم گەورەترە و چاوەکانی بەجۆرێک سەیرم دەکەن کە داوای بەزەییم لێبکەن.

ئەبو خەشیم بە دەنگی بەرز هاواری لێکردم:

- "دەستت نەلەرزێت، ترسنۆک مەبە!"

کێبڵەکەم هەڵگرت بۆ ئەوەی لێیبدەم، بەڵام نەمتوانی، ئەبوخەشیم یەک بۆکسی سرەواندە دەموچاوم و چوو ئەفسەرێکی بانگ کرد. ئەفسەرەکە پێیووتم:

- "تۆ لێرە سەربازیت. ئەوەی لە ئەمن کار بکات، دەبێت خزمەت بکات و فەرمانەکان جێبەجێ بکات. ئەمجارەیان رەحمت پێدەکەم و سووکترین سزات دەدەم، ئەگەر مفەوەز کەڕرار نەبوایە، سزایەکی سەختترم دەدایت."

ئینجا روویکردە ئەبوخەشیم و وتی:

- "فەرمانەکەی بەسەردا جێبەجێ بکە."

ئەبو خەشیم دەستمی گرت و بە ئاسنێک پێیدا کێشاو شکاندی. سێ هەفتە دەستم لە گەچدا مایەوە.

دوای چاکبوونەوەی دەستم، بردیانمەوە بۆ سەر کار و خستیانمە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی ئەفسەرەکەوە.

یەکەم ئەرکم ئەوەبوو کارەبا لە ژنێک بدەم، جلەکانیم لەبەر داکەندو وایەری کارەبام لە ناوچە هەستیارەکانی جەستەی بەست – وەک ئەوەی ئەبو خەشیم دەیکرد- کارەبام لێدا هەتا لەهۆش خۆی چوو.

ئەفسەرەکە وتی:

- "ئافەرین، دەمەوێت ئاوا بیت!" ئەوانە بەڵان و دەیانەوێت دەوڵەتەکەمان لەناو ببەن، بەهیچ جۆرێک رەحمیان پێ مەکە.

بە بیستنی وشەکانی ئەفسەرەکە، تێکەڵەیەک لە هەست و سۆزی جیاجیام لا دروست بوو. ئیتر هیچ بەزەییەک لە دڵمدا نەما، مانای بەزەییم

لەبیرخۆم بردەوە، بووم بە جەللادێک کە رۆژانە دزێوترین کارم ئەنجام دەدا.

دەستم کرد بە بەدیهێنانی خەونەکانم، خانوویەکم بۆ خێزانەکەم بەکرێ گرت، دونیا لەگەڵ خۆی بردمی و لەخۆم بایی بووم. هەموو هەوڵم بۆ ئەوە بوو بەرپرسان لەخۆم رازی بکەم، ستایش و پیاهەڵدانی ئەوان لای من مانای زۆریان هەبوو.

رۆژێکیان ئەفسەرەکە فەرمانی پێدام کەسێک ئەشکەنجە بدەم کە سەر بە بزوتنەوەی ئیسلامی بوو، وتی کارەبای لێبدە.

دڵڕەقی من گەیشتە رادەیەک کە کارەبایەکی بەهێزم دا لە سەری زەکەری، تا نەبوورایەوە وایەرەکانم لێنەکردەوە، بینیم میزی کردووە بە خۆیداو میزەکەشی خوێنی پێوەیە، ئینجا قاچێکیشیم شکاند.

لەگەڵ موقەدەم بەسام عومەردا کە خەڵکی موسڵ بوو، رێکەوتبووین هەرکاتێک کچێکی جوانیان بهێنایە، ماوەیەکی کەم بە کێبڵ یان کوتەک لێمان دەداو پاشان دەمانبرد بۆ لای باسم و ئەویش شەو لەگەڵیدا رای دەبوارد. هەموو جارێک من کچەکانم بۆ دەبرد. بەسام دەرگاکەی دادەخست و من لەبەردەرگا دەمامەوە، گوێم لە هاوارو قیژەی کچەکە دەبوو کە دەیویست خۆی لە چنگی بەسام قوتاربکات، دەپاڕایەوەو دەگریا بۆ ئەوەی وازی لێبهێنێت، گوێشم لە زرمەی ئەو شەق و زللانە دەبوو کە بەسام تێی دەسرەواند.

ئەو ماوەیەی من لەوێ بووم، موقەدەم بەسام ژمارەیەکی زۆر کچی لاقە کرد، هیچ کچێک لە دەستی دەرنەچوو.

من سەرم کردە سەر خواردنەوە بۆ ئەوەی ئەو مەسەلانە لەبیری خۆم ببەمەوەو خۆم قایل بکەم بەوەی ئەو کارانەی دەیانکەم بەشێکن لە ئەرکی سەر شانم.

جارێکیان کەسێکم ئەشکەنجە دا ناوی عادل عەباس حەمید بوو، تۆمەتەکەشی ئەوەبوو کە ئەندامێکی چالاکی حیزبی دەعوەیە.

بە ئاسنی سوورەوەکراو چەند جێگایەکی لەشیم داخ کرد، ئەفسەرەکە ئەو پیاوەی لە ژێر زەمینەکەدا خستبووە زیندانێکی تەنهاوە، بۆ ئەوەی بیبەن لەسێدارەی بدەن، بەوەش رانەوەستا، داوای لە چەند کەسێک لە هەتیوبازەکانی لای خۆمان کرد، بچن لاقەی بکەن و ئەوانیش کردیان.

دواتر ئەو لاوە لە ناوچەیەکی دوورەدەست و چۆڵ لە سێدارە درا.

کچێکیش گیرا تەمەنی لە هەژدە ساڵ تێنەدەپەڕی، تۆمەتەکەشی ئەوە بوو کە سەر بە حیزبی دەعوەیە. ئەبو خەشیم ئاسنێکی سوورەوەکراوی کرد بەناو زێدانیداو تووشی نەزیفێکی سەخت بوو.

من لەسەر کارەکەم بەردەوام بووم، پاشان خودا سزای دام و ژنێکی زۆر جوانی پێبەخشیم. ئەوکاتە ماڵەکەم ببوو بە مەیخانەی ئەفسەرەکانی ئەمن، ئەفسەرانی وەک بەسام و هەیسەم و موسەنناو هی تر دەهاتن بۆ ماڵی ئێمەو ئەو ئافرەتانەیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا کە لە مەلهاو شوێنەکانی تر دەیانناسین، لەوێ دەیانخواردەوەو رایاندەبوارد. هەتا شەوێکی درەنگ دەمانەوەو پاشان دەڕۆیشتن.

نەمدەهێشت ژنەکەم لەبەرچاوی ئەفسەرەکان خۆی دەربخات. ئافرەتێکی بەڕەوشت و چاک بوو، بەڵام من لەبەرئەوەی لەسەر توندوتیژی

راهاتبووم، مامەڵەم لەگەڵیدا خراپ بوو، ژنەکەم پێی خۆش نەبوو ئەو پیاوانە بێن بۆماڵمان و ئەو کارانە بکەن، منیش بەردەوام لێم دەداو نەمدەهێشت دەمی بکاتەوەو قسە بکات. ئەویش ناچار لەپێناوی منداڵەکانیدا سەبری دەکردو لەگەڵ مندا دەژیا. هەموو جارێک پێمدەوت: - "بژێوی ژیانی ئێمە لەسەر ئەوە راوەستاوە کە گوێڕایەڵی ئەو ئەفسەرانە ببم، مەحاڵە بتوانم لە فەرمانی ئەوان دەربچم، ئیتر هەرچییەک ببێت."

رۆژێکیان بەسام چوو بۆ بازاڕ لە عەممارەو مفەوەز کەڕراریشی لەگەڵدا بوو، لە بازاڕ ژنەکەی منیان بینی، کەڕرار سڵاوی لێکرد و ئەویش وەڵامی دایەوە.

بەسام لە کەڕراری پرسی:

- "ئەو ئافرەتەی قسەت لەگەڵ کرد کێ بوو؟"
- "گەورەم ئەمە ژنی جاسمە."
- "جاسم ژنێکی ئاوا جوانی هەیەو پێشم ناڵێت؟ ئەی مەلعون! دەبێت لەسەر ئەمە سزای بدەم."

کەڕرار بە پەلە هات بۆ ماڵمان و وریای کردمەوە ئاگام لەخۆم بێت. منیش بە پەلە کارەکەمم تەواو کردو خۆم گەیاندەوە ماڵەوەو دەستم کرد بە لێدانی ژنەکەم و دەرم کردە دەرەوەو پێموت نەیەتەوە بۆ ماڵەوە.

ئەمە ئەو رۆژە بوو کە تێیدا خۆم و خێزانەکەشم وێران کرد.

موقەدەم بەسام ناردی بەدوامداو چووم بۆ لای، ئەو مەست بوو، لە ژوورە تایبەتییەکەی لەگەڵم کۆبۆوەو وتی:

- "جاسم بۆچی ژنەکەی خۆتم لێدەشاریتەوە؟"

- "کام ژن؟"
- "بۆ زیاتر لە ژنێکت هەیەو من نازانم؟"
- "گەورەم من یەک ژنم هەبوو، ئێستاش تۆراوەو لەماڵی باوکێتی، لای مەلا تەڵاقم داوە."
- "خوێڕی تەڵاقت داوە؟ بۆچی وات کرد؟ بۆچی بۆ منت جێنەهێشت؟"
- "گەورەم، لایەقی ئاستی تۆ نیە. ئەو ژنە بەتەواویی ماندووی کردووم و شایستەی ئەوە نیە یەک خولەکیش لەگەڵیدا بیت."
- "گوێبگرە، دەمەوێت وەرەقەی رەسمیی تەڵاقم بۆ بهێنیت تا بروات پێبکەم."

ئیتر ناچار چووم بۆ مەحکەمەو ژنەکەمم تەڵاق دا، ئەمەش بۆ ئەوەی لە چنگی ئەو هەرچی و پەرچییانە قوتاری بکەم.

کە بەسام وەرەقەی تەڵاقەکەی بینی، وتی:

- "باشە ئێستا چۆن بەردەستم دەکەوێت"
- "گەورەم نەخۆشییەکی پیسی هەیە، ناتوانیت لێی نزیک ببیتەوە، هەر لەبەرئەوەش تەڵاقم دا."
- "بەداخەوە، ئەم هەموو جوانییە ئەو نەخۆشییەی پێوەبێت."

رۆژێکیان کەسێکم ئەشکەنجە دەداو نینۆکەکانیم هەڵدەکەند، ئەو کەسە تۆمەتبار بوو بەوەی چەکی بردووە بۆ نەیارەکانمان لەناو هۆرەکان. پیاوەکە زۆر خۆی رادەپەسکاندو نەیدەهێشت نینۆکی دەربهێنم، لەپڕ ئامێری

نینۆک هەڵکێشانەکە بەر دەستم کەوت و خوێنی لێهات و جێگاکەی بوو بە برین.

برینەکەم تا دەهات خراپتر دەبوو، چووم بۆ نەخۆشخانەو فەحس و پشکنینم کرد و بۆم دەرکەوت تووشی نەخۆشی شەکرە بووم و ڕێژەکەشی زۆر بەرزە، برینەکەشم تەشەنەی کردو بوو بە گانگرین، پێیان وتم ئەگەر بەشە تووشبووەکە نەبڕنەوە، ئەوە هەموو گیانم دەگرێتەوە، ئەوە شۆکێکی گەورە بوو بۆ من، زانیم خودا تۆڵەی لێکردومەتەوەو دەستی ڕاستی لێسەندمەوە کە خەڵکم پێ ئەشکەنجە دەدا، ئیترپاش ئەوە مەچەکمیان بڕییەوە.

دوای بڕینەوەی دەستم ئیتر نەمتوانی لەسەر کارکردن بەردەوام ببم، داوام کرد خانەنشینم بکەن و لە نیسانی 2001 دا داواکەم پەسەند کرا.

دوای خانەنشین بوون، ئەو یادەوەرییانەم دەهاتەوە یاد کە تێیاندا ژیابووم و ئەو هەموو تاوانەی کردبوومن، ئازاریان دەدام. شتەکان دەهاتنەوە یادم و بەبەر چاومدا تێدەپەڕین، وەک شێتم لێهاتبوو، هەمیشە هەر لە خەیاڵی هاوارو پاڕانەوەی ئەو کەسانەدا بووم کە دڵڕەقانە ئەشکەنجەم دابوون. شەوانم بە گریان بەسەردەبردو پەشیمان بووم لە هەموو ئەو کارانەی کردبوومن، لە هەموو ئەو زوڵم و زۆرەی لە خەڵکم کردبوو.

دەمزانی ئەمە ئیرادەی خوای گەورەیەو لەسەر ئەو زوڵم و زۆرەی کردوومە، سزام دەدات.

دایک مردو خوشکەکانم شوویان کردو هەر خۆم بە تەنها مامەوە، رۆیشتم بۆ لای مەلای مزگەوتێک بۆ ئەوەی نەسیحەتم بکات، دەمویست لەو خراپەکاری و تاوانانەی کردوومن پاک ببمەوە، مەلاکە ئامۆژگاری کردم لە دڵمەوە تۆبە بکەم و خوداش لە گوناهی بەندەکانی خۆش دەبێت. ئیتر رووم کردە خوداو تۆبەم کردو داوای بەخشینم لێکرد لە هەموو ئەو جەورو ستەمەی بە دەستی من روویانداوە.

لەکۆتاییدا، بڕیارمدا هاوسەرەکەم و منداڵەکانم بهێنمەوە، منداڵەکانم گەورە ببوون و لە قۆناغی ناوەندی بوون. کاتێک بە ژنەکەمم وت تۆبەم کردووەو ژیانی خۆمم گۆڕیوە، گەڕایەوە بۆ لام. کە منداڵەکانم هاتنەوە بۆم دەرکەوت خۆشیان ناوێم و بەرامبەرم دڵیان رەقە، هەتا ئێستاش هەر وەک کەسێکی غەریبە مامەڵەم لەگەڵدا دەکەن.

من زۆر دوای سەراب کەوتم تا دواتر راستییەکانم بۆ دەرکەوت، ئیتر راستی بوو بە رێگای سەرفرازی بۆ من. بەڵام ئەو باجەی دام زۆر زۆر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی خوا دەکەم کە ڕێگای تۆبەم دۆزییەوە.

دوای رووخانی رژێم خەڵکی بێزاریان کردم، زۆریان عەزێت دام، ئەو مەلایەی تۆبەم لا کردبوو بۆ خەڵکی روونکردەوە کە من دوو ساڵ پێش رووخانی رژێم تۆبەم کردووە. بەڵام تا ئێستاش لە چاوی خەڵکدا رق و قین دەبینم، وەک ئەوەی بەچاو پێم بڵێن: ئەمەیە ئەو جەللادەی چەوساوەکانی ئەشکەنجەدەدا. ئەمەیە خزمەتکاری ئەڵقەلەگوێی ئەمن.

ناچار بڕیارمدا ماڵەکەم بگوێزمەوەو بچم بۆ ناچەیەکی دووری پارێزگاکە، زۆربەی کاتی خۆشم لەماڵەوە بەسەر دەبەم و هەوڵ دەدەم

خۆم لە یەزدان نزیک بکەمەوە، بەڵکو لە گوناهەکانم حۆش ببێت و لەو ئازارەی ویژدانم رزگارم بکات کە تێیدا دەژیم، خوداش بەخشندەو بە بەزەییە.

بەتۆ

هەر لە منداڵیمەوە بەهرەی هونەریم هەبوو، دەموویست ببم بە هونەرمەندێکی دەرکەوتوو. ژیانی هونەرییم بە یارمەتیدانی یەکێک لە خزمەکانم دەستپێکرد، خاوەنی تیپێکی مۆزیک بوو لە بەغدا، ئەویش فێری ئاوازی خۆراوایی کردمو بووم بە گیتارژەنێکی باش.

دوای چەند ساڵێک گەڕامەوە بۆ کەرکوک بۆ دامەزراندنی تیمێکی مۆزیک لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا. ئیتر دەستمان کرد بە سازکردنی ئاهەنگی هونەری لە یانەکانی کەرکوک، خزمێکیشم لە تیپەکەماندا بوو، ناوی دانیاڵ بوو، ئەو رێکخەری ئاهەنگەکان بوو.

دانیاڵ سەردانی خزمو کەسەکانی دەکردو لەگەڵ خۆی دەیبردم. داوای لێدەکردم لەدەرەوە بمێنمەوەو گیتارەکەم بگرم بەدەستمەوە، هەرکەسێکی نامۆ بهاتایە دانیاڵ دەیووت گیتار لێبدەو گۆرانی بڵێ. ئەوە زۆر خۆشحاڵی دەکردم.

سەرەتا نەمدەزانی کە دانیاڵ سەر بە جوڵانەوەی دیموکراتی ئاشوری قەدەغەکراوە. لەو ماوەیەدا شەڕی عێراق – ئێران هەڵگیرسابوو، پیاو لە سێبەری خۆی دەترسا، چونکە پیاوانی موخابەرات چاودێریی هەموو شتێکیان دەکرد.

ڕۆژێکیان لە یانەی نیشتمانی ئاشوری بووین لە کەرکوک بۆ گێڕانی ئاهەنگی بۆنەیەکی نیشتمانی، دانیال پێیوتم:

- "داوای گۆرانییەکت لێدەکەم، لەو گۆرانییەوە زیرەکیو لێهاتوویی تۆم بۆ دەردەکەوێت."

گۆرانییەکە گۆرانییەکی نەتەوەیی ئاشوری بوو، لەو سەردەمەدا حکومەتی عێراقی قەدەغەی کردبوو. منیش گەنج بووم، گۆرانییەکەم بەوپەڕی جۆشو خرۆشەوە ووت,

بەڵام دوای ئاهەنگەکە کارەساتی من دەستیپێکرد، کەسێکم بینی لەسەر مێزێک لەبەردەممدا دانیشتووەو چاودێرییم دەکات. دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکە بەڕێوەبەری هۆڵەکە بانگی کردمو وتی:

- "وەرە بۆ ئیدارەی یانە."

کە چوومە ژوورەوە هەشت کەسم بینی دانیشتبوون، کات نزیکەی یەکی دوای نیوەشەو بوو. کەوتنە لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵم، پێناسی تایبەتییان لێوەرگرتم، هی فەوجەکانی دیفاع وەتەنی سەر بە حکومەت بوو.

کە سەیری پێناسەکەمیان کرد، چاویان بەستمو بردیانم بۆ لای ئوتومبیلەکەیان. هەستمکرد گەیشتینە بینایەک، لەوێ چاومیان کردەوەو کردیانمە ژوورێکی زۆر بچووکەوە، زۆر تاریک بوو، هیچم نەبینی. بە ترسو تۆقینەوە دانیشتم. دوای دە خولەک چەند دەنگێکم بیست وەک ئەوەی لە ئەشکەوتا بم وابوو. چەند سەعاتێکی پێچوو بردیانم بۆ ژوورێکی زۆر درێژکۆلە کە پانییەکەی لە مەترێک زیاتر نەدەبوو، لەوێ ژمارەیەکی

زۆر بەندکراوم بینی، هیچیان لەگەڵ ئەوەی تر قسەی نەدەکرد. نۆ رۆژ لەوێ مامەوە بێ ئەوەی کەس لێم بپرسێتەوە.

پاشان بانگیان کردمو چاویان بەستمەوەو لە رێگادا بەرەو ژووری لێکۆڵینەوە لێیاندەدامو ئەشکەنجەیان دەدام. کە چوومە ژوورەوە چاویان کردمەوەو بینیم ژوورەکە بەتەواویی چۆڵەو تەنها کورسیو مێزێکی لێیە. دوای سەعاتێک کەسێک بە قەڵەمو کاغەزەوە هاتە ژوورەوەو بێ ئەوەی قسە بکات، دانیشت.

پاشان پرسی:

- "تۆ بەتۆیت؟"

- "بەڵێ."

کەوتە تێهەڵدانم تا رشامەوەو کەوتمە سەر زەوییەکە. فەرمانیپێکردم هەستمو لەسەر کورسییەکە دابنیشم، جگەرەیەیشی دایە دەستم.

دوای ئەوە کەوتە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی ژیانمو شتی زۆر وردی دەربارەی خێزانەکەم باس کرد، پاشان وتی:

- "ئێمە دەزانین چەند برایەکی پەککەوتەت هەیە، هیچمان لێت ناوێت ئەوە نەبێت هاوکارییمان بکەیت، ناوی ئەو کەسانەمان پێ بڵێیت کە دژی دەسەڵاتن لە کەرکوک، ئێمەش یەکسەر دەتنێرینەوە بۆ ماڵەوە."

قەدەرێک بیرم کردەوەو پاشان وتم:

- "من نازانم تۆ باسی چی دەکەیت."

- "خۆت دەزانیت چیمان دەوێت، زۆر کەسمان گرتووە، دەیانخەینە بەردەمت، بەڵام دەمانەوێت دڵنیا ببینو بەس."

زانیم قسەکانی بێ بنەمان، چونکە بیستبووم کە ئەندامانی تیپەکە هەموو بەرەو هەندەران هەڵاتوون.

پاشان لێمی پرسی:

- "لە ئاهەنگەکانتانا چ گۆرانییەک دەڵێن؟"

- "سرودی نیشتمانیو سۆزداریو شتی لەو جۆرە."

- "نەخێر، هەندێک بۆنەتان هەیە بۆ وتنی گۆرانی تایبەتی.

- "من کارم بە سیاسەت نیە."

هەستایە سەرپێو ریکۆردەرێکی هێناو وتی:

- "ئەمە دەنگی تۆ نیە کە گۆرانی دەڵێیت؟"

ئەوە شتێکی زۆر لەناکاو بوو، وتم:

- "بەڵێ ئەوە دەنگی منە، بەڵام وشەکانی گۆرانییەکە باسی شوێنەوارەکانی موسڵو شارستانێتییەکانی دەکەن، گۆرانیبێژێکی ئێمە لە هەندەران ئەم گۆرانییەی وتووە، کاسێتەکەم لە تۆمارگای رەسمی لە کەرکوک کڕیوە، لە دەرچە سنورییەکانەوە دزەی کردووەو هاتووە، لە هەموو شوێنێک هەیە. من گۆرانیبێژم، لە هەندێک ئاهەنگدا میوانەکان داوای وتنی هەندێک گۆرانیم لێدەکەن، منیش پێویستیم بەوەیە رازییان بکەم، بۆیە داواکانیان جێبەجێ دەکەم، ئەگینا هیچ پەیوەندییەکم بە سیاسەتەوە نیە."

- بەتۆ، عێراق وڵاتی ئێمەیە، ئایا دەشێت رێگە بدەین کەسێکی نامۆ بێتو دەستی بۆ ببات؟"

چەند سەعاتێک ئاوا قسەمان کرد، پاشان چاوم بەسترایەوەو برامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم، بەڵام ئەمجارەیان بێ ئەشکەنجەدان.

نۆزدە رۆژ مامەوە بێ لێپرسینەوە، ئەو ماوەیە سەرم لێشێوابوو، نەمدەزانی چی بکەم. کەس‌وکارم نەیاندەزانی لەکوێم. زۆر دەترسام، بەردەوام نوێژم دەکردو باوەڕم بە مەسیح زیاتر دەبوو.

دوای ئەو ماوەیە دەست‌و چاومیان بەستەوەو خستیانمە ناو ئۆتومبیلێکەوەو لەو فەرمانگە نەفرەتلێکراوە بردیانمە دەرەوە. بردیانم بۆ بەڕێوەبەریێتی ئینزیباتی سەربازی حارسییە لە بەغدا، کە چووینە ژوورەوە چاومیان کردەوە، خۆمم بینی لەبەردەمی ژووری قەڵەمدا راوەستاوم‌و چەند سەربازێکم بە جلی ئینزیباتەوە بینی. یەکێک لەوانەی گرتبوومیان زەرفێکی تەسلیم کرد، بینیم زەرفەکە مۆری سووری پێوەیە، ئیتر زانیم کە ماوەی گیرانەکەم لە یەکێک لە دەزگا ئەمنییەکان بووە، چونکە ئەو مۆرە سوورانە هی دەزگاکانی ئەمن‌و موخابەرات بوون.

ئینزیباتێک فەرمانی پێکردم لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا رابوەستم. منیش چاوەڕێم کرد تا سەربازێک هات‌و وتی ئەفسەری سەربازگەکە داوام دەکات، سەربازەکان بە دارحەیزەران تێم بەربوون‌و جنێوبارانیان کردم‌و بردیانم. پشتم لە شوێنی دارحەیزەرانەکانەوە خوێنی لێدەهات تا گەیشتمە ژووری ئەفسەرەکەو لەوێ کەوتم بە زەویدا. فەرمانی پێکردم هەستمەوە، پاشان داوای لە پاسەوانەکان کرد ئاوی ساردی بۆ بهێنن. ئاوەکەیان هێناو ئەفسەرەکە دەستیکرد بە ئاوپرژێن کردنم. وەرزەکەی زستان بوو، مووچڕکەم پێدا هات‌و سەرمام بوو، پاشان فەرمانیدا پاسەوانەکان ئەشکەنجەم بدەن‌و وتی:

- "ئاواهی لێیبدەن، بە وشکی نا."

ئەو شێوازی ئەشکەنجەدانە زۆر سەخت بوو. ئەوەندەیان لێدام بە دارحەیزەرانو بەدەست تا لەهۆش خۆم چووم.

کە هۆشم هاتەوە بەخۆما، خۆم بینییەوە لە ژوورێکم نزیکەی سەد کەسی لێیە، نوستنو هەڵسوکەوت لەوێدا زۆر زەحمەت بوو، هەر بە پێوە دەنوستین. دوای چوار رۆژ ئەفسەری لێکۆڵینەوە بانگی کردمو وتی:

- "تۆ پێناسی فەوجی دیفاع وەتەنیت پێیە، پێناسەکەت ساختەیە."

شەوێکی دیکە هێشتیانمەوەو پاشان رەوانەیان کردم بۆ سەربازگەیەک نزیک سلێمانی، وەکو چەکدار تەسلیمی فەوجەکەیان کردم.

دواتر مۆڵەتم وەرگرتو چوومەوە بۆ کەرکوک، کە گەیشتمەماڵەوە، باوکم دەرگای لێکردمەوە، کە بینیمی کەوت بە زەوییدا، یارمەتیم داو هەڵمساندەوە. باوکم دەستیکرد بە گریانو وتی:

- "وامزانی کوشتوویانیت."

دوای ماوەیەکی کەم باوکم مرد.

ساڵانێکی درێژ بە ترسو لەرزەوە ژیانم بەسەربرد، ئیسراحەتو نوستنم لێ تاڵ ببوو.

ئێستا دیسانەوە دەستم کردۆتەوە بە گۆرانیوتنو مۆزیکژەنین، هەندێجار دێتەوە بیرم چۆن لەبەردەرگای ئەو ماڵەدا لەگەڵ تێپەڕینی هەر کەسێکی نامۆدا مۆزیکم دەژەند، ئیتر تێدەگەم کە ئێمە گەلێکین ئایندەی بەدەستی خۆیەتی.

# ئەحلام

من زەمانە وێرانیکردووم، بەهۆی ستەمێکی کوێرانەی لەخوانەترسەوە تووشی پەژارەو کەسەرو نائومێدی بووم، من دایکی جگەر سووتاوم‌و بۆ منداڵەکانم دەگریم. کەسێک مێردەکەی‌و سێ کوڕی خۆی لەدەستدابێت، وەک ئەوە وایە گیان‌و دڵ‌و تەمەنی خۆی لەدەستدابێت‌و هیچی بۆ نەمابێتەوە جگە لەتاڵاو و وێرانی‌و ئاخ‌و حەسرەت. ئەمە راستییەکە بۆتان دەگێڕمەوە، ئەمە ئازاری ژنێکی عێراقییە لە باشوورەوە کە بەپێش چاوی خۆیەوە هاوسەرەکەی‌و منداڵەکانی ئەشکەندەدراون‌و کوژراون.

من دایکی حەسەن‌و خەڵکی بەسرەی سەربەرزم، دایکی پێنج کوڕم‌و کچم نیە تا کەمێک خەمم بخوات‌و باری سەر شانم لەگەڵ هەڵبگرێت, ئەبو حەسەنی هاوسەرم خاوەنی گەورەترین کۆگای فرۆشتنی قوماش بوو لە ناوچەی عەششار، خۆشمان لەناوچەی بەرازیعی دەژیاین، ناوچەیەکی خۆش‌و جوانە بەسەر شەتی عەرەبدا دەڕوانێت.

هاوسەرەکەم ئیماندارو رەوشتی بەرز بوو، بەهیوا بوو کاتێک کوڕەکان خوێندنیان تەواو کرد، هەموو ئیشو کارەکان بداتە دەستیان‌و خۆی بچێت لە حەوزەی زانستی بخوێنێت.

چیرۆکی ئێمە لەگەڵ یەکەمین پزیسکی راپەڕینەکەی ساڵی 1991 دا دەستپێدەکات. ئەوکات حەسەن لە شەشی ئامادەیی بوو، حسەینیش لە چوارەمی گشتی‌و عەباس لە پۆلی سێهەمی ناوەندی بوو، بەڵام جەعفەرو سادق، لە قۆناغی سەرەتاییدا بوون، کورەکانیش وەکو باوکیان زیرەک بوون و پێکەوە ژیانێکی سادەمان دەبردەسەر. ئێمە خۆش دەژیاین‌و دوور بووین لەو مەترسی‌و دڵەڕاوکێیەی هاوسەرەکەم تێیدا دەژیا، بێ ئەوەی ئاگام لە هیچ شتێک بێت.

. لەناکاو مێردەکەمم بینی یەکێکە لە شۆڕشگێڕە گرنگەکانی راپەڕینەکە، چونکە پەیوەندی بە حیزبی دەعوەوە هەبوو، سەر بە رێکخستنی نهێنی ئەوان بوو.

ئەو سەرکردەی رێکخستنێکی نهێنی بوو، کە ئەندامەکانی لەماوەی راپەڕیندا لە ئێرانەوە هاتن‌و بریتی بوون لە گروپێک پیاوی چەکداری دژ بە حکومەت. ئەبو حەسەن‌و چەکدارەکان توانییان پارێزگاکە کۆنترۆڵ بکەن‌و بینای پارێزگاو بنکەکانی پۆلیس‌و فیرقە حیزبییەکان داگیر بکەن.

راپەڕین پێنج رۆژێکی خایاند، بەڵام دوای دامرکانەوەی راپەڕین لە لایەن سەدام‌و پیاوەکانیانەوە، پیاوەکەم لەرێگای گروپەکەیەوە زانی کە سوپاو گاردی کۆماری بەرەو پارێزگاکە بەڕێوەن‌و دەبێت هەرچی زووە خۆی‌و خێزانەکەی دەرچن.

هاوسەرەکەم ، چوو ئوتومبیلێکمان بۆ بهێنێتو منیش هەرچی پارەمان هەبوو کۆمکردەوەو خۆمان ئامادەکرد تا بچین بۆ ئێران. بەڵام لەکاتی رۆیشتنماندا بەرەو ناوچەی موحەممەرەی سەر سنور، دەبوو لە پردە سەرئاوکەوتووەکە بپەڕینەوە کە شەتی عەرەبی دەبەستەوە بە ناوچەی عەششارەوە. کاتێک گەیشتینە لای پردەکە، بینیمان سوپا گەمارۆی ناوچەکەی داوەو هەرکەسێک بپەڕییایەتەوە رەمیان دەکرد، لای پردەکەوە وەستابووینو نەماندەزانی چی بکەین، لەپڕ چەند سەربازێکی چەکدار هاتنو رووی تفەنگەکانیان تێکردینو وتیان:

- "هەر کەسێکتان بجوڵێتەوە دەبێتە هۆی مردنی هەموو ئەوانەی ترتان، تەفەنگەکانمانتان تێدا خاڵی دەکەینەوە.. تێگەیشتن."

سەربازەکان بە زاری تکریتییانە دەدوان، هاوسەرەکەم ئارەقی کردبۆوەو لەتاو ئێمە نەیدەزانی چی بکات، پێمی ووت: - "ئەگەر هەر خۆم بوومایە گوێم پێ نەدەدان، بەڵام ترسی ئێوەم هەیەو خەمی خۆمم نیە، بەڵکو خوا نەجاتمان بدات لە دەستیان."

دوای چەند ساتێک لە ئوتومبیلەکە بەتوڕەیىو توندوتیژییەوە دایانگرتینو کارەساتەکە دەستییکرد. پڕیان کرد بە قژمداو عەباکەیان لێکردمەوە. کەوتنە سەروگوێلاکی هاوسەرەکەمو منداڵەکانم، پاشان دەستو چاویان بەستنەوەو منیش هەر ئەوەندەم لەدەست دەهات بگریمو بقیژێنم، یەکێکیان رووی تێکردمو وتی

- "بێدەنگ بە، نامەوێت گوێم لەدەنگت بێت، خائین، خوێڕیو هیچو پووچانە."

راپێچیان کردین بەرەو لای لاندکرۆزەرێکی سەربازی کە چەند ئۆتومبیلێکی تریشی لاوە بوو، من زۆر ترسام، لە ژیانمدا شتی وەهام نەدیبوو، قەت لەو بڕوایەدا نەبووم کە رۆژێک لە رۆژان تووشی شتێکی ئاواهی دەبین، لەناخمەوە قوڵپم دەداو دەگریام.

چەند سەربازێکی چەکدار لەگەڵمان سەرکەوتنو بردیانین بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی بەسرە، کە زووبەزوو دەستیانگرتبۆوە بەسەریدا، چونکە زۆربەی راپەڕیوەکان لەوبەری شار بوون.

بردیانینە ژوورەوە، تەنها دیوارەکانی مابوو، خەڵک هەموویان تالآن کردبوو لەکاتی راپەرینەکەدا. بردیانینە هۆڵێکی گەورەوە هیچ راخەرێکی تیا نەبوو، لە سەرووی هۆڵەکەوە چەند دەرچەیەک هەبوو کە دووکەڵ گرتبوونیئێمە یەکەمین کەس بووین کە ببرێینە ئەوێ.

دەستوچاوی منداڵەکانمو هاوسەرەکەمیان کردەوەو هەرچیمان پێبوو بردیان، ئینجا بەشەقو قۆناخە تفەنگ تێیان بەربوون، یەکێکیان وتی:

- "بۆمان بوەستن، وەکو بەرخ سوورتان دەکەینەوە."

تا شەوێ لەو هۆڵەدا ماینەوە، هاوسەرەکەم سەیری دەکردینو فرمێسک زابووە چاوەکانی، وەک بڵێی دەیزانی چیمان بەسەردێت.

لەکاتی مانەوەماندا لەوێ نزیکەی پەنجا خێزانی دیکەشیان دەستگیرکردو هێنایان بۆ هەمان شوێن. مەرگەساتێک بوو هەر مەپرسە: منداڵان دەگریان، پیاوان شڵەژابوون، ژنانیش دەگریانو لەخوا دەپاڕانەوە بێت بە هانامانەوە.

دوو رۆژ بەو حاڵەوەماینەوە، تا هۆڵەکە پڕ بوو لە خێزانو شوێنێک نەمایەوە بۆ دانیشتن، هەمومان بەپێوە رادەوەستاینو شەوانە نزیکەی پازدە سەرباز بە کێبڵو تێلاوە بەسەرمانەوە بوونو تێیانهەڵدەداین. دەستیان لەژنو پیاوو منداڵو پیر نەدەپاراست. بەڵام ئەوە لەچاو ئەوەی دواتر روویدا هەر هیچ نەبوو، ئەوکاتەی عەلی حەسەن مەجید هاتو فەرمانیدا بەوەی شۆڕشگێڕەکانو خێزانەکانیان ئەشکەنجە بدرێن.

پاشان دەستوچاویان بەستینو بردیانین بۆ ژوورێک، وابزانم ژێر زەمین بوو، چونکە بە پلیکانەدا دابەزین، دوای دەخولەک یان زیاتر، کردیانینە ژورێکی ترەوە کە گوێمان لە کردنەوەی کێلونەکەی بوو، پاشان چاومانیان کردەوە.

بینیمان لەناو ژوورێکی تۆقێنەرداین، چەند بەرمیلێکی لێیە پڕن لە تێزاب، هەروەها ژمارەیەک پایەو زنجیری ئاسنی لێبوو، شتێکیشی لێبوو لە کێردی قەسابەکان دەچوو.

پێنج جەللاد لەوێ بوون، ئێمەیان بە زنجیری سەر پایەکانەوە بەستەوە، ئینجا ئاسنێکی سوورەوەکراوەیان هێناو داخیان کردین، ئاخو ناڵەو قیژەمان لێهەستا، بەڵام بێسوود.

سەری هاوسەرەکەمو سیان لە کوڕەکانمیان گرتو تێزابیان کرد بە دەموچاویانداو سوتاندیانن. نازانم چۆن باسی ئەو حاڵەتە بکەم کە منی تێدا بووم. دەمقیژاندو هاوارم دەکرد تا لەهۆش خۆم چووم، بەڵام ئاویان دەکرد بە دەموچاوماو بێداریان دەکردمەوە بۆ ئەوەی بەچاوی خۆم هەموو کارەساتەکە ببینم.

دەستی هاوسەرەکەمیان لەسەر تەختەیەک داناو بە کێردەکە قۆڵیان پەڕاند، ئینجا بە خەنجەر تێیکەوتنو چەند خەنجەرێکیان لێدا، من هاوارم دەکرد

- "ئەڵاهو ئەکبەر.. ئەڵاهو ئەکبەر"

یەکێکیان زنجیرێکی تێسرەوانمو بوورامەوە. جارێکی تریش هێنامیانەوە هۆش خۆم بۆ ئەوەی ببینم کە مێردەکەمو کوڕەکانمیان لەسەر زەوییەکە درێژکردو بەستیاننەوە بەیەکترییەوە، وازیان لە منو دوو منداڵە بچووکەکەش هێنا. بە دوو کەس یەکە یەکە دەمیان کردنەوەو یەکێکی تریش تێزابی کردە ناو گەروویانەوەو هەنێکیشی رشت بەسەر جەستەکانیاندا، لەپێشا مێردەکەمو دوایی دوو کوڕەکەمیشیان وا لێکرد.

وەک شێتم لێهاتو کردم بەقیژەقیژو پاش کەمێک ئاگام لەخۆم بڕا. بێداریان کردمەوەو یەکێکیان وتی:

- "ئێوە بە زیندوویی دەهێڵینەوە، بەڵام دەتانکەین بە پەند بۆ خەڵکی."

پڕیان کرد بە دەستماو تێزابیان پیاکرد، هەروا بەبەرچاوی خۆمەوە پێستی دەستم داڕزا، پاشان تێزابیان کرد بە سەروچاوی دوو منداڵە بچووکەکەشم و هەردوکیان سوتانو شێوان. ئیتر ئاگام لە هەموو شتێک بڕا.

کە بێداربوومەوە، نەمدەزانی ماوم یان مردووم، ئایا ئەوەی روویدا راستی بوو؟

لەکۆتاییدا بۆم دەرکەوت، بەڵێ راستی بوو، هاوسەرەکەمو سێ کوڕەکەم نەمابوون، تەنها دوو کوڕەکەی ترم لابوو. ئێمەیان لە زیندانێکدا بە

تەنها هێشتەوە تا دوای سێ مانگ لێبوردنێک دەرچوو، ئیتر هەرسێکمانیان بەرەڵا کرد.

براکانم هاتن بەپیرمەوەو بردیانم بۆ لای نێودارترین پزیشکی بەغدا بۆ چارەسەری خۆمو منداڵەکانم. دەستم بڕایەوە چونکە تووشی گانگرین ببوو، چارەسەری دەرونییان بۆ کردمو بڕیاریاندا هەرگیز بە تەنها جێم نەهێڵن، ئیتر هەموویان هاتنو پێکەوە ماینەوەو کەوتنە پەروەردە کردنی منداڵەکانمو خزمەتکردنی خۆم.

ساڵی 1997 چووین بۆ ئەردەنو هەتا دوای رمانی ستەمکارەکە نەهاتینەوە. ئیتر بە دڵێکی پڕ لە داخو کەسەرەوە گەڕامەوە.

کوڕەکانم خوێندنیان تەواوکردووەو ئێستا یارمەتی خاڵەکانیان دەدەنولەگەڵ ئەواندا کاردەکەن.

من تەنها بۆ ئەوان دەژیم، هاوکاتیش چاوەڕوانی ئەجەلم، کەی وەختم تەواو دەبێتو لەودنیا بە هاوسەرو کوڕەکانم شاد دەبمەوە.

عوسمان

له بەرواری 10/15 ساڵی 1986دا دەستگیر کرام. ئەو مێژووە بۆ من برینێکە وهەموو ساڵێک لەوبەروارەدا دەکولێتەوە، ئەخیر جار له دەنگدانەکەی 2005/10/15 بوو کاتێک چوومە بەردەم سندوقی دەنگدان و ئەو ڕۆژانەم بەبیر هاتەوە.

لەگەڵ شەش برادەری خۆمدا کە هەموویان تەلەبەی شەشی ئامادەیی بوون و هەموومان لەیەک تیپی دووگولی بووین لەو بەروارەدا دەستگیر کراین لەلاین کۆمەڵێک چەکدارەوە. ئەوکاتە من تەلەبەی قانون بووم لە زانکۆی بەغداد.

هەر ئەو شەوە بردمیان بۆ تەواریەکەی سلێمانی بۆ لێکۆڵینەوە. ئەو شەوەی کە ئێمە گیراین لە نزیک تەواریەکە دەنگی تەقەیەکی زۆر ئەهات کە ئەمە مەترسی بۆ گیانی ئێمە دروست کرد، چونکە تەواریەکان وایان زانی پێشمەرگە بۆ رزگار کردنی ئێمە هاتوون، ووتیان:

- " ئەگەر ئەو پێشمەرگانە نزیک بنەوە، هەر ئێستا ئێوە دەکوژین "

دوای نزیکەی نیو سەعات تەقەکان نەمان و بردینیان بۆ تەواریەکە.

منیان بە تەنها بردە ژورێکی بچوکەوە رووتیان کردمەوە، سەقفی ژورەکە عمودێکی درێژیی پێوەبوو کە  چەند قولاپێکی پێوە لەحیم کرا بوو، هەروەها مێزێکی یەک مەتریشی تیابوو کە لەسەر کۆمەڵێک تایە دەڕۆیشت. سەرەتا هەردوو دەستیان بادام و لە دواوە کەلەپچەیان کردم، پاشان بە قایشێک کە دوو قوڵفی پێوە بوو هەردوو مەچەکیان توند بەستم،  دوو جەلادی کەتە هاتن و هەڵیان گرتم بۆسەر مێزەکە پاشان لەسەر مێزەکەوە بەرزیان کردمەوە و هەڵیان واسیم بە یەکێک لە قولاپەکاندا. قولاپەکە بەرز بوو نوکی پێم بەحاڵ بەر مێزەکە دەکەوت، ئینجا شەقێکیان لە مێزەکەداو هەموو قورسایی لەشم کەوتە سەر قۆڵم. تائەوکاتە هیچ پرسیارێکیان لێ نەکردم.

پاشان جیهازێکیان هێنا کە بە هەندل کاری دەکرد و دوو وایەری درێژی پێوەبوو وەک چەتاڵی باتری سەیارە وابوو. دوو وایەرەکەیان بەست لە سەری زەکەرم و کەمەرم. کاتێک کە تەزووی کارەباکەیان لێدام هەموو گیانم رادەچڵەکی و دەنگێکی سەیرم لێوە دەرچوو کە لا ئیرادی بوو لە بۆڕەی گا دەچو.

کاتێک کارەباکەیان دا لە سەری زەکەرم میزو خۆێن و شەهوت هاتە درەوەو بەر سنگی کابرای جەلاد کەوت، زۆر تورە بوو کۆمەڵێک جنێوی ناشرینی پێدام و لێدانەکەی لەسەر خەست کردمەوە تا تەواو بێهێز بووم و هیچ مقاوەمەتێکم نەما، چەند جارێک کارەبایان لێدام و بوورامەوە.

کارەباکە وای لێ کردم زۆرم تینوو بێت نەمزانی ئەو هەموو تینوێتیە چی بوو، هەرچەندە ئەوان لەسەر مێزێکە پەرداخێک ئاویان دانابوو، بەڵام

کاتێک داوام کرد، ئەوان ووتیان ئەگەر ئەتەوێت ئاو بخۆیتەوە دەبێت ئیعتراف بکەیت.

دوای کارەبا لێدانەکە دایان گرتم و خستمیانە سەر مێزەکە، پاشان لەسەر مێزەکە فڕەیاندامە سەر عەرزەکە، ئینجا شێوەی تەعزیب گۆڕا بۆ لێدان، هەر لەو ژوورە سێ تا چوار کەس بە کێبڵەوە تێم بەر بوون و بە دوو کەس قاچیان بەرز کردمەوەو بە دووانیش کەوتە لێدانی بنی پێم تا نینۆکەکانی قاچم هاتنە دەرەوە.

پاشان شەقێکی زۆریاندا لە سەری ئەژنۆم و دواتر بە کێبڵ لە هەردوو سمتیان دام بۆئەوەی نەتوانم دانیشم، دواتر هەردوو شانم. واتە هەموو ئەو شوێنانەی لە کاتی ئیسراحەتدا لەسەری ئەبیت هەمووی دەکوتن ئیتر هیچ شوێنێک لە لەشتدا نامێنێت خۆتی لەسەر بگریت، بەڵام کێبڵ نادەن لە سەرو چاوت هەرچەندە من کێبڵێک سەری کردوو کێشای بەسەرمدا کە تا ئێستاش شوێنەکەی دیارە و ماوەیەکی زۆر کرم تێیدا.

دوای ئەو هەموو لێدانە ئیتر هەست دەکەیت کە تۆ هیچ نیت بێجگە لە پارچەیەک گوشت.

جۆرێکی تر لە ئەشکەنجەدانیان بەکارهێنا لەگەڵمدا کە زۆر نارەحەت بوو، بە ڕووت و قوتی لە سەر چیچکان دایان نام و ئینجا دارێکیان کردە ژێر کڵاوەی ئەژنۆم و لە ژێرەوە هەردوو دەستمیان کەلەپچە کرد، پاشان کارەبایان دا لە زەکەرم و مەمکم، کاتێک کارەباکەیان لێدام شتێکی زۆر سەیر ڕووی دا وەک کۆنترۆڵ لە کاتی کارەبا لێدانەکە بە

تەقلە ئەچوومە بەردەمیان و بە تەقلە دەگەڕامەوە شوێنی خۆم، لەو کاتەدا گوێم لە هیچ نەبوو جگە لە هاژو هوژی ناو ژوورەکە.

زۆرم حەز دەکرد بمرم و ڕزگارم بێت، بەڵام نازانم بۆ نەدەمرم، ئازارەکان زۆر لە گیان کێشان سەختتربوو، زۆر کەس هەبوو لەژێر تەعزیب دەرنەدەچو، هەستم دەکرد ئەوانە خۆش بەخت بوون و  نەجاتیان بوو، بەڵام چونکە من کوڕە جوتیار بووم و جەستەم بەهێز بوو بەرگەی ئەو نارەحەتیانەم گرت.

دوای ئەم هەموو تەعزیبە دوو جەلاد هاتن ڕایان کێشامە دەرەوەو بردمیان بۆ ژورێک، عەمودێکی درێژ بە دیوارەکەیەوە بوو کە کۆمەڵێک ئەڵقەی پێوە بوو. کەلەپچەکەی دەستمیان بەست لە یەکێک لە ئەلقەکان.

پشتی عەمودەکە محاجرە بوو، کۆمەڵێک خەڵکیان بەو محاجرانەدا هەڵواسی بوو. ئەوەی کە زۆر ناخۆش بوو ئەوەبوو کە بەرامبەر ئەم عەمودەی کە پێوەی بەسترا بووین ژووری سجن هەبوو کە هەندێک جار ژنەکەت، خوشکەکەت یان منداڵەکەتیان تیا زیندانی دەکرد کە ئەمەش لەبەر دوو سەبەب وایان دەکرد یەکەمیان لەڕووی دەروونیەوە تێک دەشکێیت، دووەم  توشی چەندەها حاڵەتی دەروونی دەبوون کاتێک کوڕو براو مێردەکانیان دەبینی ئەشکەنجە درا بوون بەوشێوەیە.

بە هیچ شێوەیەک نەیان دەهێشت ئیسراحەت بکەیت لەو شوێنە، دوو حەرەس هەمیشە بەسەرمانەوە بوو، حەرەسەکان ئامێرێکیان بەدەستەوە بوو کە لە شێوەی دارێکی ئەستوردا بوو  ئامێرێکی کارەبایی تێدابوو کە بە پیل کاری دەکرد، کاتێک کە چاومان دەچووە خەو بەو ئامێرە خەبەریان

دەکردینەوەو زیرەیان پێدەکردین، چونکە ئەو دارە تەزووی کارەبای تێدا بوو.

لەو ڕۆژەی کە گیرام  تاوەکو ناوەڕاستی مانگی دوانزەی هەمان ساڵ، هەتا ئەوکاتەی بردمیانە بەردەم حاکمی تەحقیق. ئاگام نە لە بەروار بوو نە ئاگاشم لە هاتنی شەو و ڕۆژ بوو، بەڵام زۆر جار بە ژەمی خواردنەکاندا دەمزانی چ کاتێکە.

من لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ووتم:

- "خەڵکی لادێم پێشمەرگە دێتە دێکەمان و بە زۆر نان و ئاوی دەدینێ. من کەسێک لەسەرم شاهید بوو کە ئێستا لە ژیاندایە و گەردنیشم ئازاد کردوە، من ئەو شاهیدەم نەدەناسی و هیچ کارێکیشم لەگەڵدا نەکردبوو، بەڵام دیار بوو ئەوەندەیان ئەشکەنجە دابوو ئەویش لە ناو ناوەکاندا ناوی منی هەڵبژاردبوو،

لە لێکۆڵینەوە هیچ کەسێک بە وەڵامی "من هیچ نیم دەرناچێت"، چونکە تۆ یان وەکیلێکت لەسەرە، یان بە دۆکیومێنتەوە گیراوی یا شاهید ئیعترافی لەسەر کردویت.

تۆمەتەکەشم ئەوە بوو کە من تاوەنبارم بە ئەنجامدانی چوار عەملیات کە دوانیان تخریب و دوانەکەی تریشیان قەتل بوو، وە هەروەها کۆمەڵێک دەفتەر گیرا بوو لە ماڵی کوڕێکدا بە ناوی فەرەیدون، ناوی من لەناو ئەو دەفتەرانەدا گیرا بوو. پرسیارێکی زۆریان کرد لەسەر ئەوەی کە من فەرەیدون ئەناسم یان نا، بەڵام من ئینکاریم کردوو ووتم هەر نایناسم.

کاتێک منیان برد بۆ لای حاکمی لێکۆڵینەوە بەبێ ئەوەی ئیفادەکەم بۆ بخوێننەوە ووتیان: - "دەبێت ئیمزای بکەیت"

منیش ووتم:

- "تا ئیفادەکە نەخوێنمەوە ئیمزا ناکەم".

بەڵام ئەوان بە زۆر پەنجە مۆریان پێ کردم، پاش ئەوە بردمیان بۆ ژووری سجنەکان لە مودیریەتی ئەمنی سلێمانی کۆن.

ڕۆژانە لەوێ بەجەماعی تەعزیبی جەستەیی و دەروونیی ئەدراین. ژوورەکەمان مەساحەکەی سێ مەتر بە چوار مەتر دەبوو کە کەمترین کات سی وپێنج کەسی تیادا بوو. لە هاویندا لە تونیا و لە گەرما زۆر کەس دەبوورایەوە، ئەسپێ تێیدان بووین، برینی ئەشکەنجەدانەکان دەبوو خۆی چاک بوایەتەوە، مەگەر زۆر بە دەگمەن یەکێ ببرایە بۆ خەستەخانە.

شەوانە حەرەسەکان نەیان دەهێشت بخەوین و ئەهاتنە سەرمان و دەیان ووت گواوید نایمین... یاالله گعدو، جاری وا هەبوو لێیان ئەداین یان لە کونێکی دەرگاکەوە هاواریان دەکرد یان جوێنیان پێ دەداین یان ئیستفزازی سیاسی پێ ئەکردین. زۆر جار زابتێک ئەهات و دەیگوت تەفتیشە، جاری وا هەبوو دەنکە شقارتەیەک بەس بوو بۆئەوەی تێهەڵدان بخۆین، یان دەنگ بەرز کردنەوەیەک یان دوو کەس و سێ کەس بەیەکەوە قسەمان بکردایە دەیوت کۆبونەوە دەکەن.

هەندێک جار لە شەو و ڕۆژێکدا دوو سەمونیان ئەداینێ. هەندێک کاتی تر بەیانیان پەنیرێکی سێگۆشەی بچووک بۆ دوو کەس، نیوەڕوانیش

کەوچکێک نیسکێنە ئێوارانیش یان هیچ نەبوو یان توزێ نیسکیان ئەداینێ. جار جارەش مریشکێکیان دابەش دەکرد بەسەر زیاتر لە چل زیندانیدا.

لەناو زیندانەکەدا هەموو جورە کەسێکی تیابوو کورد، تورکمان و عەرەب. مەلایەکمان لەگەڵدابوو قورئانێکی پێ بوو زوربەی کات خەریکی خۆێندنەوەی بوو. هەموو بەندکراوەکان خەریکی نۆێژکردن بوون و لەخوا دەپاڕانەوە.

شەوێکیان مدیری ئەمن هات کە ناوی عەقید جاسم بوو، تەفتیشی ناو زیندانەکەی کردین و قورئانەکەی دۆزیەوە.

ووتی:

- "ئەمە چی یە پێت؟"

مەلاکەش وەڵامی دایەوەو ووتی:

- "قورئانە."

ووتی:

-" ناوت چی یە؟"

–"مەلا فەرەجی کەلاری."

یەکسەر قورئانەکەی لێ سەند تفێکی لە قورئانەکە کردو ئینجا شەقێکی لە قورئانەکەداو فڕەی دایە دەرەوەی ژورەکەو ووتی:

-" ئەم قورئانە هی ئێمەیە هی ئێوە نیە دە بزانم خواو تاڵەبانی دەتوانێت ئێوە ڕزگار بکات؟"

ئینجا ووتی

-" دنک"

کەوتنە لێدانی هەموومان، ژمارەمان نزیکەی هەشتا کەس دەبوو، هەر هەموومان لەکاتی لێداندا چوببووینە سوچی ژورەکەوە و خۆمان وا گرمۆڵە کردبوو نیوەی ژوورەکە چۆڵ ببوو، ئەویش بە هەوەسی خۆی پێیدا دەکێشاین.

دوای نزیکەی ساڵ ونیویک بەسەر گرتنەکەمدا برام بۆ مەحکمەی سەورە. ئەوەی مەحکەمەی کردین ناوی عەواد بندر بوو. ئێمە نزیکەی هەشتا کەس دەبووین، شانزەمان کورد بووین و ئەوانی دی عەرەبی شیعە بوون. ئێمە هەشت کەس بووین کە چووینە قاعەی مەحکەمەوە، شەشیان جەماعەتەکەی خۆم بوون کە پێشتر باسم کردن. بە ئێمەیان دەوت بن دعوە واتە خاوەن یەک کێشە، لەو شانزە کوردە هەشتی مایەوە ئەوانی تر ئیعدام کران، شیعەکانیش تەنها چوار کەسیان مایەوە ئەوانی تر ئیعدام کران. منیش بە هەتا هەتایی حوکم درام بە مادەی 157.

ئەو کاتە قانونێک هەبوو کە یەکێک دەگیرا، براکەشیان دەگرت بە مادەی (التستر) کە بە واتای ئیخباری براکەی نەکردووە کە ئنتیمای بە حیزبێکی موعارەزە وە هەیە بۆیە ئەویشیان ئیعدام دەکرد. من بە درێژای ژیانم لە سجن نزیکەی پێنج سەد کەسی  هاو سجنم اعدام کرا کە چیرۆکی زۆربەیان دەزانم.

لە سجنی ئەبوغرێب مامەوە. تاوەکو حکومەتی عێراق لە بەرواری 1988/9/7دا  بڕیاری عەفوی عامی بۆ هەموو کورد دەرکرد کە بڕیارەکە ناوی 736-737 بوو ئێمەش لە 1988/9/27 بەرەڵا کراین و گەڕامەوە بۆماڵەوە بۆ سلێمانی.

که بەربووین جنسیەو تەسکەرەکەم لای مودیری ئەمن بوو لە سلێمانی حیجزی کردبوو ڕەقەم تەلەفۆنی خۆشی دا پێم بۆ ئەوەی کە گیرام بڵێم تەلەفۆن بۆ مودیری ئەمن بکەن بۆ بەردانم ئەویش بڵێ عایدی خۆمانەو خەڵک بە جاسوسم تێ بگەن و لە ڕوی سیاسیەوە بشکێم، بێجگە لەوە دەبوو هەموو ڕۆژانی هەینیەک بچومایە بۆ دائیرەی ئەمنی سلێمانی بۆ ئیسبات وجود.

دوای ئەوەی کە بەرەڵاکرام هەوڵم دا بگەڕێمەوە بۆ خوێندن، بەڵام ڕێگەیان نەدام و خوێندنەکەم فەوتا. ئیتر بڕیارمدا کە پەیوەندی بکەمەوە بە پێشمەرگەوە.

گوڵە

شەش مانگ پێش ئەوەی بگیرێم کاروانی مێردم گیرابوو و هەواڵی نەبوو تا ئەو ڕۆژەی منیشیان گرت.

نیوەرۆیەکی ساڵی 1986 بوو، لە ماڵی شوبرا گەورەکەم لە حەمامەکەیاندا خەریکی جل شتن بووم.

لە دەرگای حەوشە دراو بوو بەدەنگەدەنگ، ژنی شوبراکەشم دەستی کرد بەقیژەقیژ. من لە دەنگە دەنگی ئەوان لە حەمامەکە هاتمە دەرێ بێ ئاگایانە، نەمئەزانی ئەوان بۆ گرتنی من هاتوون.

کە هاتمە دەرەوەی حەمامەکە نەقیب سەلام و رائید حامد و مولازم کەمال و زۆری تر لەتەواریەکان هاتبوونە ناو ماڵەکەوە، مولازم کەمال کابرایەکی باڵا بەرز و کەتە بوو، ئەسمەرێکی قژ لول بو، دەستی ڕاکێشام و یەکسەر بەقادرمەکاندا بردمیە خوارێ و ووتی:

- "کاروانی مێردت نەماوە لەبەرئەوە تۆ ئەبەین لەبری ئەو!"

بەبێ ئەوەی بهێڵێ نەعل یان چاکەتێ لەبەر بکەم دەستی ڕاکێشام و بە پێی پەتی و ماکسی یەوە کردمیە ناو یەکێک لەو سێ لاندکروزەرە عەسکەریەی کە لەبەردەم دەرگاکە وەستابوو.

پێش ئەوەی سواری سەیارە ببم زۆر داوام لێ کردن و پاڕامەوە لێیان کە ڕەوەندی کوڕم ببەم لەگەڵ خۆم کە تەنیا دوو ساڵ ئەبوو، بەڵام مولازم کەمال بە توڕەیی یەوە پێی ووتم:

- "بێ دەنگ بە! دایک و باوکی موخەریبن.. موستەهەقی ئەوەیە ئەویش لە دەرەوە بمرێ!!"

کە وایووت، خەریک بووشێت ببم. وامئەزانی هێز لە ئەژنۆمدا نەماوە سواری سەیارەکە ببم، سەرەڕای خەمی من بۆ رەوەندی کوڕم و کاروانی مێردم، خەمی ئەو منالە شەش مانگەشم بوو کە لە سکمدا بوو.

هەرچۆنێک بوو سواری سەیارەکەیان کردم و دەستیان کەلەپچە کردم. لە سەیارەکەدا مولازم کەمال زۆر ئازاری دام، سەرمی ئەکێشا بە جامی سەیارەکەدا و ئەیووت:

- "مەگری تۆ موستەهەقی هەموو شتێکی خراپیت چونکە ئیشت بۆ موخەربین کردووە".

دوای سوکایەتیەکی زۆر لە ڕێگە بردیانم بۆ تەواریەکە، کە لە چوارباخ بوو نزیکی مەلعەبەکەی سلێمانی، لەبەردەرگا پێش ئەوەی بمکەنە ژوورەوە چاویان بەستمەوە و دەستی من و مولازم کەمالیشیان بەیەکەوە بە یەک کەلەپچە بەستەوە، چەند دەقەیەکی کەم بەپێ ڕۆیشتم و پاشان چوومە ناو قاعەیەکەوە، دیواری قاعەکە ڕەنگەکەی ڕەش ئەینواند و دەرگای ژوورەکانیش ڕەساسی بوون.

لە ناوەڕاستی ئەو قاعەیەدا کابرایەک لەسەر ئەرزەکە کەوتبوو، قاچی چەپی لەخوار ئەژنۆیەوە شکابوو لەژێر ئەشکەنجەداندا و چاوی

ڕاستیشی تێک چوو بوو، تەنیا بیجامەیەکی سپی خەت خەتی لەبەردا بوو و هیچی تری لەبەردا نەبوو، لەسەر ئەرزەکە بە بوراوەیی فڕێ درابوو.

کەمێک لێی نزیک بوومەوە، باوەڕم نە دەکرد کە ئەمە کاروانی مێردم بێت.

مولازم کەمال بە توڕەیی یەوە ووتی:

- "ئەمە کاروانە و ماوە!"

من هیچم نەوت و تەنیا سەیرم ئەکرد بۆ ماوەی چەند دەقەیەک بە بێدەنگی مامەوە.

پاشان قۆڵیان گرتم و بردیانم بۆ ئەوسەری قاعەکە کردیانمە ژوورێکی گەورەی بێ پەنجەرە. لە پشت مێزێکی ئاسنینەوە سێ کەس دانیشتبوون ئەوەی ناوەڕاست حاکم جاسم بوو، چوارشانەیەکی سور و سپی بێ سمێڵ بوو.

حاکم جاسم ووتی:

- "کچم چی ڕاستی هەیە لێمان مەشارەوە و پێمان بڵێ".

پاشان دوو کوڕیان هێنایە ژوورێ کە تەمەنیان نزیکی 15 ساڵێک ئەبوو ، ئەو دوو کوڕە زۆریان لێ درابوو سەروچاویان لە لێداندا شین بووبوەوە، من هەردوکیانم ئەناسی پێشتر دراوسێی خۆمان بوون.

حاکم ووتی:

- "ئەو دوو کوڕە ئەناسیت؟"

ووتم:

- "نەخێر."

دوو کوڕەکە بەدوای یەکدا ووتیان ئێمە ئەیناسین. یەکێکیان ووتی:
- "چەند جار دەمانچە و بەیاناتمان بۆماڵیان بردووە."
من هەر نکوڵیم لێیان کرد و ووتم: - "نایانناسم."

دوای ئەم قسەیەم دوو کوڕەکەیان بردە دەرێ، دواتر حاکم و دوو کەسەکەی تەنیشتیشی ڕۆیشتنە دەرێ، منیان بەجێهێشت لە ژوورەکەدا.

پاش کەمێک دوو پیاوی کەتەی باڵا بەرز هاتنە ژوورێ، ئەو دوو پیاوە هەردووکیان ئەسمەر بوون لەوە ئەچوو هەردووکیشیان ریازی بن، جلی عەسکەریان لەبەردابوو و بە خانەقینیش قسەیان دەکرد.

هەردوو قاچیان بەرز کردمەوە و کەوتنە لێدانم بە کێبڵ زۆر بە توندی لێیان ئەدام و لەگەڵ لێدانەکەشدا جنێویان پێ ئەدام و ئەیانووت قەحبەی بێ ئەخلاق تۆ سوک و سەلیمیت.

لەگەڵ لێدانەکەدا زۆر ئەم جنێوانەیان دووبارە ئەکردەوە ، نزیکی دە دەقیقە لێیان دام تا بێ هۆش بووم و ئاگام لە هیچ نەما. لەپڕ ئازارێکی زۆر لەبەشی خوارەوەی پشتمدا دروست بوو یەکێکیان بە پۆستاڵە ڕەقەکەیەوە شەقێکی دا لە پشتم و دوای شەقەکە ووتی:
- "درۆئەکات نەبووراوەتەوە"

جارێکی تر بورامەوە، کاتێک هۆشم هاتەوە لە خەستەخانە عەسکەریەکەی ناو حامیە بووم، دەستی ڕاستم بە کەلەپچە بە قەرەوێڵەکەوە بەسترابوو، کەمێک ئاگام لەخۆم بوو بەڵام وڕیی و بورانەوەکە هێشتا بەری نەدابووم.

دکتۆرەیەکی عەرەب بەسەرمەوە بوو،  بە مولازم کەمال و نەقیب سەلامی ووت:

- "لێدان چۆن ئاوا ئەبێت، ئەمە بەچی لێتان داوە و چۆن لێتان داوە؟ ئەم ژنە ڕەنگە منداڵەکەی هەڵکەنرابێ و مردبێ چونکە توشی نەزیف بووە"

دوای ئەم قسانە خوێنیان بۆ هەڵواسیم و بەجێیان هێشتم.

پاشان پەرستیارێک هات بۆ لام و بە دەنگێکی نزم لێی پرسیم:

-"ناوت چی یە؟ تۆکەست زیندانی کراوە؟ ئەی ئەو ناوی چی یە؟"

منیش ووتم:

-"ناوم گوڵەیە  و مێردەکەشم گیراوە و ناوی کاروانە."

- "مێردەکەشت پرسیاری تۆی کردووە ئەو لە قەرەوێلەکەی لای چەپی خۆتەوەیە"، قەرەوێلەکان بەپەردە لەیەکتر جیاکرابونەوە، وتی:

- "مەترسە مێردەکەت ماوە و ئێستا بە ئەویش ئەڵێم کە تۆش ماوی"

ئەم قسانەی کرد و ڕۆیشت، لەو کاتەدا ئاواتم بە مردن ئەخواست ئەگەر پێم بکرایە خۆم ئەکوشت چونکە زۆر گران بوو لەسەر دڵم تەقەبولی ئەوە بکەم من و کاروان یەک پەردەمان بەین بێت و نەتوانین قسەیەک بکەین یان بۆ لەحزەیەک یەک ببینین.

ئەوەی زیاتر منی غەمبار ئەکرد ئەو کات ئەوە بوو هەردووکمان بێ ناز و زەلیل کەوتبووین لە خەستەخانەکە بێ ئەوەی کەسمان لەلا بێت.

نیوە شەو مولازم کەمال و نەقیب سەلام هاتنەوە بۆ لام، هەڵیانساندم و بەپێی پەتی و بە ماکسیەوە بردیانمە دەرەوەی خەستەخانەکە و بە لاندکروزەرێک بردیانمەوە بۆ تەواریەکە.

کە گەیشتمە ئەوێ نەقیب سەلام کە دەرگایەکیان بۆ کردەوە پاڵێکی توندی پێوەنام بۆ ناو قاعەیەکی گەورە، خەریک بوو ملم بشکێ بە دیواری قاعەکە خۆم گرتەوە.

قاعەکە پڕ بوو لە زیندانی پیاو، پیاوێکی بەتەمەن دەستی بە بۆریەکەوە بە کەلەپچە بەسترابوو کە لە ئەرزەکەدا جێگیر بووبوو، دەستی پیاوەکەیان کردەوە و منیان لە جێگەکەی ئەو بە بۆریەکەوە کەلەپچە کرد، پاش کەمێک سەمونێکی عەسکەری و قوتویەک ماستی ئەلبانی بچووکیان بۆ هێنام.

بە تێپەڕبوونی کات زانیم کە تەنیا خۆم ئافرەت بووم لەو سجنەدا و ژوورەکان پڕبوون لەپیاو، هەر ژوورێک ژمارەیەکی زۆر زیندانی تیابوو، کەس بۆی نەبوو قسە بکات لەو ژوورانەدا.

مولازم عەباس ئەسمەرێکی کەڵەگەتی توڕە بوو تەحەکومی ئەکرد بەسەر خەوتن و هەڵسان و دانیشتنی سجنەکاندا، بە یەک جوڵەی ئەو یان بە قسەیەکی ئەو ئەبوو هەموو سجنەکان بنون و کەسیش بەر ئەوی تر نەکەوێت، گەر یەکێک سڕ ببوایە و جوڵەی بکردایە و بەر کەسێکی تر بکەوتایە خۆی بە دەستی خۆی بە کێبڵ و سۆندە لێی ئەدا.

ڕۆژی یەک جار سجنەکان بۆیان هەبوو بچن بۆ تەوالێت، مولازم عەباس فیکەیەکی لێ ئەدا و ژوورێک بە تەواوی ئەبوو هەڵپەی ئەوە بکەن بچن بۆ تەوالێت و فریا بکەون، پاش دووسێ دەقیقە فیکەی دووەمی لێ ئەدا و ئەبوو هەموو سجنەکان بە ڕاکردن بچنەوە ژوورەکەی خۆیان. ئەوەی درەنگ بچوایەتە ژوورەوە بە کێبل لێدانی ئەخوارد.

شەو و ڕۆژێک لەویَ مامەوە، بۆ ڕۆژی دوایی نیوەڕۆ بردیانم بۆ ژوورێکی بچووک پەنجەرەی تیانەبوو تەنیا گڵۆپێکی سوری سفری تیابوو، دەرگای ژوورەکە ئاسنێکی کەپس بوو، هەر لە ژوورەکەدا ڕەحلەیەک دانرابوو و بەرامبەر ئەو ڕەحلەیە مێزێکی ئاسن دانرابوو، لەسەر مێزەکە پلایس و مشار و چەکوش و چەند ئەدەواتێکی ئاسنی تریشی لەسەر بوو. نزیکەی چارەکێک من بە تەنیا لەو ژوورەدا مامەوە، زۆر ئەترسام!

پاشان مولازم کەمال و نەقیب سەلام هاتنە ژوویَ، مولازم کەمال سەگێکی پۆلیسی گەورەی بەدەستەوە بوو و بە توڕەیی یەوە قیڕاندی بەسەرما و ووتی:

- "ئیعتراف بکە باشترە ئەگینا زۆر خراپ لێت ئەدەین ، پێمان بڵیَ چۆن لەناو تەنزیمات ئیشت کردووە کاروانی مێردیشت چی کردووە؟ خۆت پێمان بڵێی باشترە با نەجاتت بێت"

منیش وامزانی تەنیا لێم ئەدەن ووتم:

- "نە من هیچ ئەزانم لەسەر ئەو قسانەی کە ئێوە ئەیکەن نە مێردەکەم، ئێمە هیچمان نەکردووە."

دوای ئەم قسانەی من مولازم کەمال سەگەکەی دەستی بەڕەڵاکرد و بە ئینگلیزی قسەی بۆ ئەکرد و بە دەستیش ئیشارەتی بۆ ئەکرد، ئەوەندەی نەبرد سەگەکە هاتە پێشەوە و پەلەکانی پێشەوەی هەردووکی دانا لەسەر شانم و بە پێوە وەستا دواتر بە زمان پشتە ملم و قژم و گوێچکەکانمی ئەلستەوە، زۆر بێزم ئەکردەوە و زیاتریش ئەترسام، پاش کەمێک مولازم کەمال چەند قسە و ئیشارەتێکی تری کرد بۆ سەگەکە، سەگەکەش هاتە

پێشەوە و ئەمجارە هەردوو دەستی لە پێشەوە لەسەر شانم دانا و ئینجا دەستی کرد بە لێسانەوەی دەموچاو و مل و سنگم، هەموو دەموچاوم بوو بوو بە لیکی سەگەکە تەنانەت ناو کونە لوتیشم لیکاوی بوو، ماوەیەک بەم شێوەیە سەگەکە بەردەوام بوو، دواتر سەگەکە خۆی سەری نا بە سنگمەوە و پاشان سەری کردە سەر سکم، ئەو سەگە وەک منداڵ خۆی لە من ئەخشاند، پاش ماوەیەکی تر مولازم کەمال شتێکی بە سەگەکە ووت، دیار بوو پێی وتبوو میزم بەسەردا بکات، چونکە ڕاستەوخۆ دوای قسەکانی، سەگەکە دوورکەوتەوە لە سنگم و دیسانەوە هەستایەوە سەرپێ و میزی کرد بە مندا، هەموو دەموچاو و سنگ و بەرۆکم بوو بە میزی سەگەکە بەڵام من هیچم نەووت تەنانەت لە جێگەی خۆشم نەجوڵام!

هەردووکیان زۆر توڕە بوون و دەموچاویان غەزەبی لێ ئەباری، نەقیب سەلام ووتی:

- "تۆ چیت؟ تۆ بەرازیت؟ چەندین پیاوی زلە بەم شێوەیەی تۆ ئیعترافیان کردووە تۆ بۆ هیچ ناڵێیت؟"

کەمێک سەیریان کردم و دوایی هەردووکیان و سەگەکە چوونە دەرەوە.

دوو کوڕە خانەقینیەکەی کە یەکەم جار لێیان دام دیسانەوە هاتنەوە ژوورێ یەکی کێبڵێکیان بەدەستەوە بوو و کەوتنە لێدانم بە هەموو جۆرێک لە هەموو شوێنێکیان ئەدام، ئازارێکی زۆریان پێ گەیاندم، بەڵام زۆر بەردەوام نەبوو پاش چەند دەقیقەیەک بورامەوە، کاتێک هۆشم هاتەوە لە خەستەخانەی جامیعەکە بووم کە چاوم کردەوە دکتۆرەیەک بەسەرمەوە

بوو، دەستی ڕاستم بە کەلەپچەیەک بە قەرەویڵەکەوە بەسترابووەوە و دوو حەرەسیش بە دیارمەوە وەستابوون.

دکتۆرەکە زۆر دیفاعی لێ کردم بە جۆرێک کە هەتا مابم لەبیرم ناچێتەوە، ئەو زۆر توڕە بوو لە حەرەسەکان و ووتی:

- "من ئاوا فەحسی نەخۆش ناکەم ئەبێت کەلەپچەی دەستی لابەرن و ئێوەش بڕۆنە دەرەوە."

حەرەسەکان بە قسەیان کرد و دەستیان کردمەوە و خۆیان چوونە دەرەوە، کە ئەوان ڕۆیشتن دکتۆرەکە ووتی:

- " ناوت چی یە و لەسەر چی گیراویت؟"

منیش ووتم:

- "ناوم گوڵەیە و لەسەر سیاسەت گیراوم!"

ئەو ناوەکەی خۆمی لەسەر وەرەقەیەک نوسی و هەڵی گرت لە گیرفانیدا، دوای فەحسەکە داوای کرد کە زابتی بەرپرس ببینێ، حەرەسەکان تەلەفۆنیان کرد و ئەوەندەی پێ نەچوو رائید حامد هات بۆ ژوورەکەی من، دکتۆرەکە ووتی:

- "زۆر عەزێتتان داوە و لێدان ئاوها نابێ و نەخۆشیش نابێ ئاوها بە کەلەپچەوە لە خەستەخانە بێت"

رائید حامد ووتی:

- "ئەمانە پێشمەرگەن، باشترە بمرن!"

- "ئەم ژنە دەسەڵاتی نیە بەسەر مێردەکەیدا و ئەشێ مێردەکەی توشی کردبێ و ئەمیش بەناچاری دوای کەوتبێ"

لەم قسانەدا بوون و دواتر دکتۆرە ووتی:

- "ژوورێکی جیای بۆ دائەنێم لە ساڵەی ولادە و ئەبێ سێ شەو لێرە بمێنێتەوە و بەبێ کەلەپچە و حەرەس."

رائد حامد ووتی:

- "ئەگەر تۆ کەفیلی ئەکەیت من ڕازی ئەبم بە داوا و مەرجەکانت!"

دکتۆرە ڕازی بوو ببێ بە کەفیلم. دەرزی و مقەوی و عیلاجیان بۆ بەکار هێنام و سێ شەو لە خەستەخانە مامەوە.

دوای ئەو سێ شەوە بەیانیەک رائید حامد و دوو حەرەس هاتنە ژوورەوە و لەچکێکی تەنکی سپی یان دا بەسەرمدا و بردیانمەوە بۆ تەواریەکە و دیسان کردیانمە وە ناو قاعە گەورەکەی کە یەکەم جار دایاننام لێی بەڵام ئەمجارە بە کەلەپچە نەیانبەستم بە بۆریە کەوە.

پاش کەمێک یەکێک لە مفەوەزەکانی ئەو قاعەیە کە ناوی عبدوڵا بوو هات و بە دەنگێکی نزم پێی ووتم:

- "مێردەکەشت هەر لەم قاعەیەدایە و ئەو لە ژووری 9 دایە، ئەگەر حەز ئەکەیت ببینی لە تەوالێتەکانەوە مەجال هەیە ببینی و داوای تەوالێت بکە"

منیش بە قسەیم کرد و پاش کەمێک داوام لە مفەوەزێکی تر کرد کە بچم بۆ تەوالێت، مفەوزەکە ڕازی بوو منیش هەرچۆنێک بوو هەستامە سەرپێ و بەڕێکەوتم بۆ سەرئاوەکە، مفەوەزەکە ویستی یارمەتیم بدات بەڵام من ڕازی نەبووم، ژووری ژمارە 9 ڕاستەوخۆ لە تەنیشت تەوالێتەکان بوو، لەنێوان ئەو ژوورە و تەوالێتەکاندا مەجالێک هەبوو وەکو تاق وابوو

که سەرم هەڵبڕی چاوم گێڕا کاروانم بینی، ئەو قاچی شکابوو و ڕەنگی تێک چووبوو، هەر بە ئیشارەت مەجالی قسە کردن و هەواڵ پرسینمان هەبوو، ئەو بە ئیشارەت هەواڵی خۆم و منداڵەکەی پرسی و منیش دڵنیام کردەوە کە هەردووکمان باشین. نزیکی 5 دەقیقە بە ئیشارەت قسەمان کرد و دواتر من هاتمەوە بۆ ناو قاعەکە.

چوار شەو من لەو قاعە ساردەدا مامەوە بەبێ هیچ لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە یەک، دوای ئەو ماوەیە، ڕۆژێک بانگیان کردم و بردیانم بۆ تابقی یەکەم و کردیانمە ناو ژووری ئەشکەنجەدانەوە، ئەو ژوورەی کە ڕەحلەکانی تیابوو .

لە ژوورەکەدا کچێک لەسەر ئەرزەکە بە بوراوەیی کەوتبوو، ئەو کچە لێدانی زۆری خواردبوو و جلەکانی لە لێداندا دڕابوو لەبەریدا و شێوەی تێک چوو بوو، ئەوان پێش ئەشکەنجەدانی من بە تەنیا لەبەردەم کەسی بورراوە ئەیانوەستاندم یان دایانئەنام و دوای ئەوە ئینجا ئەیانبردم بۆ لێکۆڵینەوە، نزیکەی 5 دەقیقەش بەدیار ئەو کچەوە وەستاندیانم و دواتر بردیانم بۆ ژوورێک کە مەعرەزێک و تەلەفزیۆنێک و چەند مێز و کورسیەکی تیابوو لەگەڵ تاقمێک قەنەفەی کەشخە، لە ژوورەکەدا رائد حامد دانیشتبوو ، منیان لەسەر قەنەفەکە دانیشاند، رائد حامد ووتی:

- "بچن ساردی و بسکیتی بۆ بێنن هەرچەندە کەلەڕەقیشە، بەڵام ئەبێ بە قسەی دکتۆرە بکەین کە ووتی ئاگاتان لە منداڵەکەی بێت".

ساردی و نەستەلەیەکیان بۆ هێنام، رائید حامد دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لەگەڵم، هەر لە پرسیاری ناوی سیانیمەوە دەستی پێ کرد تا

گەیشتە ئەوەی داوای شوێنی شاردنەوەی مەنشوراتەکانی کرد. منیش ووتم:

- "وەڵاهی من لە پێشدا چیم وتووە ئێستاش هەر ئەوەم پێیە و هیچی تر نازانم"

نزیکی نیو سەعاتێک لە ژوورەکەدا دانیشتم و هیچم نەوت. پاشان سواری لاندکرۆزەرێکیان کردم نەمئەزانی بۆ کوێم ئەبەن بەڵام دوو جار بەرەو ئەمنە سورەکە ڕۆیشتین و لە دەرگای دواوەی ئەمنەکە بردیانمە ژووری.

ئەچوینە ژووری شوێنێکی تیابوو حەوشەکەی وەک بەنزینخانە وابوو، لای ئەو بەنزینخانەیە کۆمەڵێک حەرەس و عەسکەر و خەڵکی تری لێ وەستابوون، چەند دەقیقەیەک منیان لەوێ وەستان، ئەو کەسانە سەرەتا سەیریان ئەکرد و پاش ماوەیەک بە ئاشکرا لە دوورەوە پێ ئەکەنین، دواتر بردیانمە شوێنێک کە لە سەرەتای بیناکەدا بوو، لەو شوێنەدا لەبەردەم کونێک دایاننام، من لەبەردەم کونەکەدا بووم و خوارەوەم نەئەدی، ئەوەندەی نەبرد پاڵێکیان پێوە نام بۆ ناو کونەکە، ناو ئەو کونە وەک خلیسکێنە لوس بوو و نزیکی دوو مەتر خلیسکامە خوارەوە و پاشان بە شتێک خۆم گرت کە نازانم چی بوو بۆ ئەوەی زیاتر نەچمە خوارێ، ترسێکی زۆر منی داگیر کردبوو، چونکە نەمئەزانی کۆتایی ئەو خلیسکێنە تاریکە کوێیە و چی ئەبێ، بۆ یەکەم جار دوای گرتنەکەم دەستم کرد بە گریان و هاوارم کرد و ووتم:

- "هەر ئەمکوژن و ئازارم ئەدەن با بە جۆرێک بێت چاوم لە خۆم بێت"

دەنگی ژنێک لە خوارەوە بەرزبوویەوە و ووتی:

- "وەرە دادە وەرە خوارێ کەس نامرێ لێرە ئەوەتا ئێمە زۆرین لێرە و ناشمرین."

ئەوەندەی نەبرد لە دوورەوە لایتێکی گەورە هەڵکرا و خوارەوەی خۆمم دی.

خوارەوەی کونەکە لە تەنورێکی گەورە ئەچوو سەقفەکەشی قەوس بوو، لەناو ئەو ژوورە تەنوریەدا ژن و منداڵ و پیر بەسەر یەکتریدا کەوتبوون.

هەموو ئەوانەی بەرچاوم کەوتن شێوەیان لە کێوی ئەکرد، قژ و ڕیش و سمێڵیان ئاڵۆسکابوو بەسەر یەکدا و درێژ درێژ ئەتوت وەحشین و چەندین ساڵە دەرەوەیان نەدیوە، ئەوانە تەنها لە مرۆڤیان نەئەکرد، داماوانە وەزعیان زۆر خراپ بوو، دوو کەس لە دەرەوە بە لایتەکەوە بەناو خەڵکەکەدا و بەرەو ڕووی من هاتن و ڕایانکێشامە خوارەوە و بەناو قەرەباڵغیەکەدا منیان برد، بۆنێکی زۆر ناخۆش وەک بۆنی گەنیو و کەڕوو و مردوو ئەهات لەو ژوورەدا، من پێم پەتی بوو، ئەرزەکە تەڕ و شێدار و لینج بوو، بەڵام نەمئەزانی ئەو شوێنە بۆ وا لینج و تەڕە.

لەسەرخۆ منیان بەناو ئەو ژوورەدا تێپەڕاند و دەریان کردم لەو ژوورە و دواتر بە چەند قادرمەیەکدا سەریان خستم و بردیانم بۆ تابقی

سێ، و کردیانمە ژوورێکەوە نەقیب سەلام دانیشتبوو لەسەر کورسیەک و پێی ووتم:

- " بەخێربێیت!! بەیبیەکەت چۆنە؟! "

ووتم: "خوا کەریمە"

ووتی: "الله کریم"

نزیکی نیو سەعاتێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم و هەمان پرسیارەکانی سەرەتای گرتنەکەمی لێکردم، منیش ووتم باوەڕ بکە شتێک بزانم خۆم پێتان ئەڵێم.

نەقیب سەلام ووتی:

- "بیبەن"

بەو دووانەی کە لە ژوورەکەدا بوون، منیان برد بۆ بەردەم دەرگایەکی گەورەی گەراجی، بردیانمە ناو قاعەکەوە کوڕێک، کە ناوی سامان بوو، زۆر ڕێکوپێک بوو، هات بەرەو لای من و ئەویش پرسیاری گرتنی لێ کردم و بە دەم و چاویا دیار بوو کە پێی ناخۆش بوو کە من گیراوم، جلی ئەوتۆم لەبەردا نەبوو، یەکسەر قەمسەڵەکەی خۆی داکەند و چوو پشتی و سەرینەکەی خۆی هێنا و ووتی:

- "ژوورەکەی تۆ زۆر ساردە با ئەمەت پێ بێ"

من ووتم ئەی‌خۆت؟ ووتی:

- "قەیناکا من پیاوم و گرفتم نیە."

منیش لێم وەرگرت و چووم بۆ ئەو ژوورەی کە بۆم دانرابوو.

بردیانمەوە بۆ ژوورەکەی نەقیب سەلام، لە ژوورەکەدا دایاننیشاندم و نەقیب سەلام دیسان چەند پرسیارێکی لێکردم و چەند جارێکیش چاوی بە وەرەقەکانی بەردەستیدا خشاند و سەیری منی کرد و دووبارە سەیری وەرەقەکانی بەردەمی کردەوە، پاشان ووتی:

- "ئەزانی تۆ ئێمە شێت ئەکەیت؟ خۆ گاڵتەچی تۆ نین؟!"

"هەرچەند ئەتهێنین و ئەتبیەن تۆ هیچمان پێ ناڵێی"

ووتم:

- "چی ئەزانم هەر ئەوەم پێیە و هەر ئەوەش ئەڵێم."

هەستایە سەرپێ و بە هەموو هێزی زلەیەکی لێدام و چاوم ئاوی کرد و گوێچکەشم کپ بوو ، زۆر بە ئازار بوو.

ووتی:

- "بیکەنەوە ژووری".

کە بردیانمەوە بۆ ژوورەوە زۆر بێتاقەت و بێزار بووم و گوێچکەشم ئازارێکی زۆری هەبوو، چوومە ژوورەکەی خۆم و لەسەر دۆشەکەکە پاڵ کەوتم و زۆر گریام و زۆریش بیرم ئەکردەوە خەریک بوو سەرم ئەتەقی و بەزۆری بیرم لە مناڵەکەی سکم ئەکردەوە نەمئەزانی ماوە یان نا، زیاتر لەوەش بێتاقەتی کورە گەورەکەم بووم و زۆر بیرم ئەکرد.

دوای ئەو لێکۆڵینەوەیە دوو شەو و دوو ڕۆژ بۆ خواردن نەبێت دەرگایان لێم نەکردەوە و لێکۆڵینەوەشیان لەگەڵ نەکردم. دوای دوو ڕۆژەکە دەرگای ژوورەکەیان کردەوەو دوو ژنیان کردە ژورەوە. یەکێکیان گەنج بوو ناوی بەسۆز بوو لەسەر مێردەکەی گیرابوو، ئەوی تریان تۆزێ

بەتەمەن بوو ناوی نەزیرە بوو لەسەر کوڕەکەی گیرابوو، ئەوان کە هاتنە ژوورەوە منیان بەو هیلاکی یە، بینی بەسۆز ووتی:

- "ئەی باوکەڕۆ ئەوە هەرچی بێتە ئێرە وای لێ ئەکەن؟"

منیش ووتم:

- "چی پێ ئەکەن؟"

- "ئاوا سکی پڕ ئەکەن؟"

- "نەء، ئەمە منالّی مێردەکەمە"

ڕۆژانە زوو زوو بەسوزیان بانگ ئەکرد بۆ لێکۆڵینەوە و ئەویش زۆر ئەترسا و هەموو جارێک بە منی ئەووت:

- " توخوا چی بلّێم؟ و چی بکەم؟"

- "لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بلّێ من حەقم نیە بەسەر پیاوەکەمەوە و پیاو بە قسەی ژن ناکات و ئێمە دەسەلاّتی پیاومان نیە."

بەسۆز مێردەکەی پێشمەرگە بوو و لە ماڵەکەشیدا هیچ شتێک نەگیرابوو و شاهیدیش لەسەریان نەبوو.

هەفتەیەک بە بەردەوامی ئەوانیان برد بۆ لێکۆڵینەوە و لە منیان نەپرسیەوە، هەرچەندە ئەو هەفتەیە ئازار و ئەشکەنجەم نەبوو، بەلاّم بەشی من هەر بیرکردنەوە و گریان بوو و بیری کەسوکار و مناڵەکەم و کاروانم دەکرد.

تا ڕۆژی کردنەوەی ئاگری نەورۆز، عەسرەکەی نەقیب سەلام هات و ووتی:

- "ئەم ئێوارەیە ئەتکەین بە ئاگری نەورۆز، کاروانمان لە تەواریەکە کردووە بە ئاگری نەورۆز و تۆش لێرە وا لێ ئەکەین"

- ئێوە ئەوتان کردووە بە قوربانی  و منیش دوو نەفەر، هەرسێکمان بۆ قوربانی نەورۆز ئاسایی یە بەلامانەوە."

من بەڕاستی چاوەڕوانی ئەوە بووم کە بمبەن و بمسوتێنن، نزیکی سەعاتێک تێپەڕی و کەس دیار نەبوو، پاشان نەقیب سەلام خەیارێک و سەمونێکی عەسکەری بۆ هێنابووم و ووتی:

- "هەرچەندە تۆ قابیلی ئەمەت نیە بەڵام وەرە بیبە و بیخۆ بە تاعون و قوزەڵقورتت بێت"

ووتم:

- "نامەوێ!"

ئەویش سەمون و خەیارەکەی فڕێ دا و ڕۆشت. منیش سەمون و خەیارەکەم هەڵگرتەوە و هەڵمدایەوە بۆی بەر پشتە ملی کەوت، هاتەوە و تفێکی لێ کردم و چەند جنێوێکی سارد و سوکی تریدا پێدام و ووتی:

- "ئێستا خۆت ئەبینیتەوە!"

من لە خۆم و ژیانیش بێزار بوو بووم و لە خوام ئەویست بمکوژن و لەناوم بەرن.

یەکەم شەوی ڕەمەزان ژان گرتمی و وەزعم زۆر خراپ بوو، چوون بە نەقیب سەلامیان ووت ئەویش تەلەفونی کرد بۆ رائید حامد و بردیانم بۆ خەستەخانەی منالبوون و منداڵەکەم بوو ناوم نا بەندی.

له ڕێگەی خێرخوازێکەوەماڵەوە ئاگادار کرابوونەوە کە من لە خەستەخانەم و دکتۆرەکەش کردمیە ژوورێکەوە کە نەخۆشێکی هەڵەبجەیی تیابوو، ناخۆشترین شت ئەوەبوو کاتێک کەسوکارم هاتن بە حساب بۆ لای ژنە هەڵەبجەییەکە هاتبوون و بە دزیەوە سەیری منیان ئەکرد، منیش تەنانەت یەک قسەم لەگەڵ نەکردن لەبەرئەوەی دوو حەرەسیان بۆ دانابووم.

بەم وەزعە ناخۆشە مامەوە هەتا پێنج ڕۆژەکە تێپەڕی و پاشان جارێکی تر بردمیان بۆ ئەمنە سورەکە و لە هەمان ژوورەکەی پێشوو لەگەڵ بەسۆز و نەزیرە دایاننام.

منداڵەکەم چلەی تەواوکرد هەر لەوێ مامەوە، ڕۆژێکیان بانگیان کردم ووتیان: - "بەرت ئەدەن."

باوەڕم نەدەکرد.

لەو کاتەدا بەسۆز ونەزیرە شیان بانگکردە دەرەوە ، بە سەیارەی تەسفیرات بردیانین بۆ سجنی گەورەی سلێمانی.

لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین و دواتر بردیانینە ژوورێک زۆر قەرەباڵغ بوو نزیکەی سەد ژن و مناڵی تیابوو، لە قەرەباڵغیدا کەس جێگەی نەئەکردمەوە من لە لای دەرگاکە لەسەر مەنهۆڵەکە دانیشتم. ئەسپێ بەلای گوێچکەی زیندانیەکاندا ئەهاتە خوارێ ژورێکی زۆر پیس بوو.

بۆ ڕۆژی دوایی ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراوەکان دەرکران و بران بۆ شوێنێکی تر، دوو ڕۆژ دوای ئەوە منیشیان برد بۆ ژوورێکی تر و

لەگەڵ حەوت ژنی تردا بووم و لەوێ وەزعمان زۆر باش بوو، چونکە پاکتر بوو و خۆشمان خواردنمان ئەکرد.

ساڵێک و سێ مانگ لە سجنی گەورە مامەوە بەبێ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان و تەنانەت لەماوەی گرتنمدا مواجەهەشم نەبوو.

شەوێکیان بانگیان کردم بۆ ژووری مودیر، مودیرەکە کابرایەکی عەرەبی ئەسمەری قەڵەو بوو، ووتی:

- " حەز ئەکەیت بچیتەوە بۆ ماڵەوە؟"

منیش ووتم:

- "کەس لە ماڵی خۆی بێزارە؟"

- "ئەگەر بەرتبدەین لەدەرەوە ئیشمان بۆ ئەکەیت؟"

- "نەوەڵا."

- "ئەی بۆ ئیش بۆ پێشمەرگە ئەکەیت؟"

- "ئیشم بۆ پێشمەرگە نەکردووە و ئەوە ساڵێک و شەش مانگە ئازار ئەچەژم بەبێ ئەوەی هیچم کردبێ"

- "نامەوێت عەزێتت بدەین، ئەمەوێت وەک برایەک لەگەڵت بجوڵێینەوە"

بە عەرەبی ووتی بیبەن بۆ ژووری 11، دوو ئەمنی عەرەبی لێبوو داوای ئیعترافیان کرد و دوای ئەوە بە کێبڵ کەوتنە لێدانم و نزیکی چارەکێک لێیان دام تا بورامەوە.

کە هۆشم هاتەوە لە ژوورێکدا بووم لەگەڵ بەندی کورم. کوڕەکەم زۆر ئەگریا و برسی بوو، بەڵام من شیرم نەبوو پێی بدەم.

ئەو شەوەم لێ ڕۆیی و بەیانی ڕۆژی دواتر دەرگایان لێ کردمەوە مودیرەکە دووسێ زلەی سوکی دا لە منالّکەم و دە دیناری کردە دەستی یەوە و ووتی: - "ئینجا بڕۆ"

ئیتر بەریاندام.

لەبەر دەرگا تەکسیەکیان بۆ گرتم و ووتیان بیبە بۆ ئەو شوێنەی کە ئەیەوێت، منیش چووم بۆ مالّی پورم، کە پورم دەرگای بۆ کردمەوە منی بینی باوەشی پیاکردم و هاواری کرد : - "گولّەکەم.. گولّەکەم.."

دواتر پورم بردمی بۆ مالّە تازەکەی باوکم ، کە دایکم دەرگاکەی کردەوە پورم هیچ قسەی نەکرد تەنها ئیشارەتی بۆمن کرد کە هێشتا لە تەکسیەکەدا بووم، یەکسەر دایکم بورایەوە.

باوکم هاتە بەردەرگا و ئەویش تەنیا وەستابوو و هاواری ئەکرد لەجێی خۆیەوە و ئەیووت:

- "گولّە بەربووە"

خوشکەکەشم کە هێشتا لەسەرمالّ بوو ڕایکردە دەرەوە دەستیکرد بە هاوارکردن و هەلپەرین لەسەر جادەکە.....

**هاشم**

له به‌غدا له‌دایکبووم‌و خوێندنی سه‌ره‌تایی‌و ناوه‌ندی‌و ئاماده‌ییم له‌وێ ته‌واو کرد. له خێزانێکی رۆشنبیرو سیاسیدا گه‌وره‌بووم، خێزانه‌که‌مان له باوک‌و دایک‌و سێ کوڕ پێکهاتبوو.

په‌یوه‌ندیم کرد به کۆلێجی سه‌ربازییه‌وه‌و له‌ناو هاوڕێکانمادا سه‌رکه‌وتوو بووم.

دوای ده‌رچوونم له کۆلێجی سه‌ربازی، بووم به ئه‌فسه‌ری موخابه‌رات، دوای ماوه‌یه‌ک بووم به یاوه‌ری سه‌دام، ئه‌وکاته‌ی جێگری سه‌رۆک بوو.

پاشان ژنم هێناو کوڕێکی جوانکیله‌مان بوو.

دوای ماوه‌ی ساڵ‌و نیوێک بووم به ئه‌فسه‌ری ئاسایشی کۆشکی کۆماری، له‌م کاته‌دا سه‌دام ببوو به سه‌رکۆمار. کاری خۆمم به‌باشترین شێوه راده‌په‌ڕاندو هیچ هه‌ڵه‌یه‌کم نه‌ده‌کرد. کاره‌که‌مم خۆشده‌ویست‌و ولاته‌که‌شم زیاتر.

له سەرەتای ساڵی 1990 دا، کاتێک شۆفێرەکەم خەریک بوو دەیبردم بۆ کۆشکی کۆماری، پرسیاری لێکردم رام چیە بەرامبەر داگیرکردنی کوێت؟

منیش وەڵامم دایەوە کە پێی رازی نیمو ئەوەم بەدڵ نیە کە روویدا، چونکە کوێت دەوڵەتێکی عەرەبییەو نابێت بەو دڕندەییە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

قسەکانمان تەواو بوونو بێدەنگی باڵی بەسەرماندا کێشا، گەیشتینە کۆشکو شۆفێرەکەم جێیهێشتمو رۆیشت.

دوای دە رۆژ لەو قسانە، رۆژێکیان دەچووم بۆ سەرکار، دوو ئۆتومبیلی سۆپەری سپی رێگایان پێگرتم.

شۆفێرەکەم راوەستا، چوار کەسی مەدەنی بە چەکەوە لە ئۆتومبیلەکان دابەزین، منیان لە ئۆتومبیلەکەم داگرتو دەستگیریان کردم.

وتم:

- "ئێوە کێنو چیتان دەوێت؟"

یەکێکیان وەڵامی دامەوە:

- "ئێمە موخابەراتینو تۆش لەسەر مەسەلەیەک گیراویتو کە گەیشتینە شوێنی خۆمان بۆت روون دەبێتەوە."

پاشان لەسەر کورسی دواوەی یەکێک لە ئۆتومبیلەکانیان دایاننیشاندمو دوان لەملاو ئەولامەوە دانیشتنو شۆفێرو ئۆتومبیلەکەی منیان لەدواوە جێهێشت.

لەرێگا بیرم دەکردەوە، چم کردووەو چیم وتووە؟ بۆچی منیان بردو شۆفێرەکەیان نەگرت؟

لێرەدا قسەکانی نێوان خۆمو شۆفێرەکەم بیرکەوتەوە، کە ئەو رۆژە کردبوومان، دڵم لێ پیس کرد، بەڵام دڵنیا نەبووم لەوەی ئەو تووشی کردبم.

دوای نزیکەی نیوسەعات، گەیشتینە بیناکەی تری بەڕێوەبەرێتی مخابەرات، چونکە بینا ئەسڵییەکەی بۆردومان کرابوو، رمابوو، ئیتر گوێزابوویانەوە بۆ بینایەک بەرامبەر بورجی سەددام لە مەنسور، ئەوکاتە بەڕێوەبەری موخابەرات سابیر دووری بوو.

بردیانم بۆ ژوورێک، جلەکانمیان داکەندو بیجامەیەکی کۆنیان پێدام، ئینجا کردیانمە ژوورێکی تەنهایی زۆر بچووکەوە، دیوارەکانی بۆیەی سوور کرابوون، بنمیچەکەی زۆر نزم بوو، نەتدەتوانی لەناویدا رابوەستیت.

دەرگای ژوورەکە وەک دەرگای قاسە وەهابوو، رەنگەکەی سوور بوو، پەنجەرەیەکی بچووک هەبوو شووشەی تێگیرابوو، لە کۆتایی ژوورەکەدا شوێنی دەستبەئاوگەیاندن هەبوو، زۆر بچووک بوو، بۆگەنێکی زۆر ناخۆشیشی لێدەهات، بەرگەی نەدەگیرا.

لەوێدا جێمیانهێشتو رۆیشتن.

ماوەی هەفتەیەک مامەوە بێ ئەوەی بانگم بکەن، رۆژانە یەکێک دەهاتو خواردنی بۆ دەهێنام، هەوڵم دەدا قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام ئەو هەرگیز هیچی نەدەووت.

دوای هەفتەیەک کەسێک هاتو دەرگای زیندانەکەی کردەوەو بردمی بۆ ژووری لێکۆڵینەوە، بینیم بەڕێوەبەری موخابەرات خۆی لێکۆڵینەوەم لەگەڵ دەکات، بەلامەوە شتێکی سەیر بوو.

دەستیپێکرد:

- "ناوت چیە؟"
- "شوێنی نیشتەجێبوونت؟"
- "ئیشت؟"

وەلامی هەموو پرسیارەکانم دایەوە، گەرچی دەشمزانی ئەو هەموو شتێک دەربارەی من دەزانێت، چونکە رۆژێک لە رۆژان هاوڕێی خۆم بووە.

پاشان پرسی:

- "جەنابت لە چوونە ناو کوێت ناڕازیت؟."
- "من ناڕەزاییم بەرامبەر هیچ شتێک دەرنەبڕیوە، چونکە بەهیچ جۆرێک پەیوەندیم بە بابەتی وەهاوە نیە."
- "کەواتە چۆن دەڵێیت چوونە ناو کوێت کارێکی هەڵەیە، چونکە ئەویش دەوڵەتەو نابێت بەشێوەیەکی دڕندانە بچینە ناوی؟"
- "من وام نەوتووە."

هەستایە سەرپێو زللەیەکی سرەواندە بناگوێمو خستمی بە زەویدا، ئینجا کەسێکی بانگ کرد ناوی عەلی بوو، پێیووت:

- "بیبە بۆ ژووری ئەشکەنجەدان."

عەلی کەمێک بێدەنگ بوو، ئەو پیاوێکی ئەسمەری کەتەو چوارشانە بوو، سیمایەکی تۆقێنەری هەبوو.

که بەڕێگاوەبووین بەرەو ژووری ئەشکەنجەدان، بیرم دەکردەوەو سەرم سوڕمابوو، بۆچی هاوڕێی خۆم ئاواهیم لەگەڵ دەکات؟ چی رویداوە؟

عەلی بردمیە ژێر زەمینێکەوە، جۆرەها ئامێری ئەشکەنجەدانی تێدابوو.

جلەکانمی داکەندو دامی بە زەویدا، لەسەر سنگم دانیشت، هەستمکرد سنگم قەپات بوو، هەناسەم تەنگ بوو، هەستمکرد خەریکە دەمرم.

پاشان هەستاو بەقژ رایکێشام، هەستم کرد خەریکە قژم لە بێخەکەی دەردێت، لەپشتەوە دەستمی بەستەوەو لەسەر مێزێکی جولاو رایوەستاندم، دەستمی کرد بە چەنگاڵێکدا بە بنمیچەکەوە، مێزەکەی لاداو من بە هەڵواسراوی مامەوە، هەستمکرد شانەکانم دەردەچن، ئیتر ئاگام لێیان بڕا.

دوای چارەکە سەعاتێک دایگرتمو وتی:

- "جلەکانت لەبەر بکە."

بەهەر شەڕەشەقێک بوو لەبەرم کردن، چونکە نەمدەتوانی دەستم بجولێنم. بردمیەوە بۆ زیندانە نەفرەتییەکەو فڕێی دام. هەموو گیانم کوترابوو، ئازارێکی زۆرم هەبوو.

ماوەی هەفتەیەک ئاوا جێیهێشتم.

گوێم لەهاوارو نرکەی ئەوانە بوو کە ئەشکەنجە دەدران، دەنگی ژنانم دەبیستو دڵم داخورپا، ترسی ژنەکەمم لێنیشتو لە چارەنوسی نیگەران بووم.

رۆژێکیان یەکێک هاتو بردمیەوە بۆ ژووری ئەشکەنجەدان، لەوێ لەسەر کورسییەک دایینیشاندمو دەستمی بەستەوە بە دەسکەکانییەوە، دوو

جلگرەی دا لە گوێم کە بەتەلی کارەباوە بوون، کارەبای لێدام، بەرگەم نەگرتو بوورامەوە.

کە بێداربوومەوە لە زیندانەکە بووم.

دوای نزیکەی مانگێک رەوانەی دادگای کەرخیان کردمو بە تۆمەتی دژایەتیکردنی رژێم، بڕیاری زیندانیکردنی هەتا هەتاییو دەستگرتن بەسەر سەروەتو سامانمدا، سەپێنرا.

ناردیانم بۆ زیندانی ئەبوغرێب، بەشی حوکمی تایبەت.

لەژورێکدابووم دە کەسی دیکەی تیا بوو، ئەوانیش موئەبەد بوونو کەسانی ئەفسەرو رۆشنبیر بوون.

دوای هەفتەیەک ماڵەوە هاتن بۆ سەردانم، بۆیان هەبوو مانگی دوو جار بێن. جاری یەکەم ژنەکەمو دایکمو براکانمو باوکم هاتن، باوکم وتی:

- "سەبر بگرە، خوا لەگەڵ بەسەبراندایە، ئەمە تاقیکردنەوەی خودایە، تا سەبرو ئارامت تاقیبکاتەوە، چونکە موسوڵمان تووشی گیروگرفت دەبێت."

خواردنو خواردەنەوەو جگەرەیان بۆ دەهێنام، منیش لەگەڵ ئەوانەدا بەشم دەکرد کە کەس نەدەهات بۆ لایان.

لە زیندان زۆر ناڕەحەت بووم، بەڵام بەردەوام قسەکەی باوکم بیردەهاتەوەو سەبرم دەکرد.

جارجارە بەندییەکانیان دەبردە دەرەوە بۆ ساحەی بەندیخانەو جاری واش هەبوو یەکێکیان دەهێنا بە کێبڵ لێیان دەدا، ئەویش دەکەوتە هاوراو پاڕانەوە، بەڵام بێسوود، ئەوەندەیان لێدەدا تا دەبورایەوە، پاشان

جێیاندەهێشتو دەڕۆیشتن بۆ ئەوەی خۆمان بیبەینە ژوورەوەو یارمەتی بدەین.

پێنج ساڵ لەو زیندانەدا مامەوەو رۆژێک کورەکەمم نەبینی تا ساڵی 1995 لێبوردنێک دەرچوو، بەڵام منی نەگرتەوە، زۆرم پێناخۆش بوو. بەڵام دوای دوو هەفتە لێبوردنێکی گشتی دەرچوو، ئەمجارەیان بەرەڵایان کردم.

کە چوومە دەرەوە بینیم کەسوکارم چاوەڕێمنو تیپێکی مۆزیکی میللیشیان هێناوە، کەوتنە دەهۆڵو زوڕنا، خزمان باوەشیان پێداکردمو ماچیان کردمو بردیانمەوە بۆماڵەوە.

تا گەیشتینە ماڵەوە دەهۆڵو زوڕنا هەر گرمەی دەهات، دراوسێکان هاتنو بەخێرهاتنەوەیان لێکردم، کوڕەکەمم بینیو کردمە باوەش، بەڵام ئەو نەیناسیمەوەو خەفەتێکی زۆری دامێ، دوای ماوەیەک لەگەڵمدا راهاتو هۆگرم بوو، ئیتر لەیەک جیانەبووینەوە.

خودا کچێکی جوانیشی پێبەخشیم و هەموومان پێکەوە لەماڵی باوکم دەژیاین.

هەتا سەردەمی رووخانی رژێم هەر لەژێر چاودێرییدا بووم ئەو ماوەیە بێ ئیش مامەوە.

ئێستا هەموو هیوایەکم ئەوەیە وەزعی عێراق سەقامگیر ببێت، جارێکی تر کەس ستەممان لێنەکات، چونکە لەسەردەمی سەدامی فاشیو دیکتاتۆردا زوڵمێکی زۆرمان لێکرا.

## بەناز

خێزانێکی زۆر بەختەوەر بووین، لەگەڵ پیاوەکەم و منداڵەکانمدا لەگوند دەژیاین و هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام ڕژێمی بەعس هەمووشتێکی لێتێکداین و ئەو ژیانە خۆشەی لێکردین بە دوزەخ.

لەساڵی 1983 شوم کرد بە کوڕێکی ئامۆزام بەناوی کەریم، کەریم تا بڵێیی پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆو باش بوو، ئەو کوڕی لادێ و من کچی شار، ئەو جوتیار و من نازداری ماڵ، ئەو لە لادێ دەژیاو من لە شاری کەرکوک.

دوای ئەوەی شوم کرد ئیتر ڕۆشتین بۆ لادێ و لەوێ ژیانمان بردەسەرو و خوا دوو کچ و کوڕێکی پێداین، خێزانێک بووین ئەوەندە ژیانمان خۆش بوو خەڵک حەسودی پێ دەبردین.

بەڵام ئەم ژیانە خۆشەمان بەخێرایی کۆتایی هات و گۆڕا بۆ نارەحەتی و خەفەت بەهۆی سەددامەوە،

کاتێک لە بەیانیەکی ساڵی 1988دا ئاگادار کراینەوە لەلایەن حکومەتەوە کە ئەبێت لە ماوەی بیست وچوار سەعاتدا تەسلیم ببین بە حکومەت.

ئیتر خەڵکی گوند چاری نەما، گوندمان چۆڵکردوو بە پێ چوین بۆ سەرجادەی زەردە-قادرکەرەم. ناوچەکە جەیش وجاشێکی زۆری لێبوو، ئەو ڕۆژە کەشوهەوای ناوچەکە زۆر نالەبار بوو دنیا زۆر سارد بوو باران دەباری، چەند سەعاتێک لەسەر ئەو جادەیە لەبەر ئەو باران و سەرمایە ئێمەیان داناو هەموو گیانمان بوو بە قوڕو لیتە وخەریک بوو ڕەق دەبووینەوە. پاشان ئیڤا هات و باریان کردین.

سەرەتا پیاوانی ڕژێم وایان پێ ڕاگەیاندین "کە گوایە موجەمەعیان بۆ دروست کردوین و دەمانبەن بۆ ئەوێ و لەوێ ژیانێکی خۆشتر لە لادێ بەسەر دەبەین."

کەوتینەڕێ و بردیانین بۆ لیوای چەمچەماڵ و ئێمە زانیمان درۆمان لەگەڵ دەکەن، چەند سەعاتێک بەدەست بەسەری ماینەوە. لەو ماوەیەدا خەڵکی زوربەی لادێکانی ناوچەی قادرکەرەمیان بەدەستگیر کراوی هێنا بۆ لیوای چەمچەماڵ. دوای ئەوەی کە ژمارەی خەڵکەکە زۆر زۆر بوو ئینجا کۆمەڵێک مەنشئەیان هێناو هەموومانیان وەکو کەلوپەل بارکرد لەناویداو بردیانین بۆ سەربازگەی تۆپزاوا.

بەگەیشتنمان بۆ تۆپزاوا کۆمەڵ کۆمەڵ دەیانکردینە قاعەکانەوەو دەستیان کرد بە تەحقیق لەگەڵماندا.

زابتێک و موتەرجیمێک دەستیان کرد بەپرسیار کردن لێمان و ووتیان:

- "بۆچی فیرارتان کردووە؟ بۆ نەبوون بە پیاوی حکومەت؟ بۆ نەبوون بە بەعسی؟"

ئێمەش لە وەڵامدا ووتمان

- "ئێمە وەک میللەتێک دەمانەوێت بژین وە هیچ دژایەتییەکی حکومەتمان نەکردووە."

بەڵام ئەوان ئەم وەڵامەیان پێ قبوڵ نەبوو، زابتەکە هەستایە سەر پێ و هەتا توانی لە خۆم و مێردەکەمی داو مناڵەکانیشمان دەستیان کرد بە گریان، پاش ئەم تەحقیقە دوو ئەمن ئەملاو لای لێگرتین و بردیانینە دەرەوەی قاعەکە.

من و هاوسەرەکەم زۆر یەکترمان خۆش دەویست و ئۆقرەمان نەبوو بەبێ یەکتر، لەو کاتەدا کە براینە دەرەوە، دەستمان لەناو دەستی یەکتردا بوو، وامان دەزانی هەر بەیەکەوە دەبین و وەکو جاران دەژین، نەمانزانی دەستی قەدەر وایە کە ئەوە دوا چرکەی دەست گرتنمان دەبێت.

کە بردیانینە دەرەوە کوڕەکەم لە باوەشی خۆمدا بوو، کچە بچوکەکەش لە باوەشی باوکیدا بوو، کچە گەورەکەشم دەستێکی بە شەرواڵەکەی باوکی و دەستەکەی تریشی بە کراسەکەی منەوە بوو.

ئەمنەکان پەلی هاوسەرەکەمیان بەلایەکدا ڕاکێشاو پەلی منیش بە لایەکی تردا، بەڵام ئێمە نەمان دەویست لەیەک جیا ببینەوە، دەستی یەکترمان بەرنەدا، هەتا توانیان لەقەیەکیان کێشا بە سەرمداو لەقەیەکیشیان کێشا بە مێردەکەمدا، هەریەکەو بە لایەکدا کەوتین.

قیژاندم بەسەر ئەو دڵڕەقانەداو ووتم

- "ئێوە خێزان و منداڵتان نیە؟ بۆ وامان لێدەکەن، چیمان کردووە؟"

پاشان توڕە بووم و ووتم

- "ئێوە هەمووتان خوێن مژو پیاو کوژن، بۆیە بەمشێوەیە رەفتارمان لەگەڵ دەکەن، ئامادەین هەر لێرەدا بەیەکەوە بمانکوژن، بەڵام توخوا لە یەکتر جیامانمەکەنەوە."

من پەلاماری پۆستاڵەکانی یەکێک لە سەربازەکانم داو ماچم کرد، بەڵام ئەو لەقەیەکی کێشا بەناو دەممداو لە هۆش خۆم چووم.

کاتێک هۆشم هاتەوە لەناو قاعەیەکدا بووم پڕ بوو لە ژن، هەمووی لەخۆی دەداو قژی خۆیان دەڕنی و هاواریان دەکرد.

بەڕاستی من لە حەیبەت مێردەکەم ئاگام لەخۆم نەبوو، وام ئەزانی ئەوانیش وەک من بۆ مێردەکانیان دەگرین و دەناڵێنن، بەڵام پاش ئەوەی تۆزێک هاتمەوە سەر خۆم و پرسیارم کرد، بۆم دەرکەوت هەموویان بۆ مناڵەکانیان دەگرین، ئینجا منیش هۆشم هاتەوە بە بەخۆمداو بۆم دەرکەوت مناڵەکانم لا نەماوە تەنها کۆرپە خنجیلانە هەشت مانگەکەم نەبێت ئیتر منیش وەکو ئەوان دەستم کرد بە لە خۆدان و خۆکوشتن.

ئێمە تاوەکو نیوەشەو لەو قاعەیەدا بەردەوام بووین لە گریان و لەخۆدان ، لە نیوەشەودا  کارەبای ناو قاعەکەیان کوژاندەوەو دەرگاکەیان لێکردینەوەو منداڵەکانیان بەدەم گریانەوە کردە ناو قاعەکەوە، ئێمەش وەکو حەیوان کەوتینە گەڕان بەدوای منداڵەکانماندا، لەبەر ئەوەی تاریک بوو خەڵکێکی زۆریش لەناو قاعەکەدا بوون نەماندەتوانی مناڵەکانی خۆمان بدۆزینەوە، ناچار دەستمان دەدا لە قژو گیانیان، هەر دایکەو کۆرپەیەک یان دووانی لە ئامێز گرتبوو، ماچمان دەکردن و دەمان کردنە باوەش و

دەماننووسان بەخۆمانەوە. پاش نیو سەعاتێک کارەباکەیان داگیرساندەوە، ئینجا توانیمان منداڵەکانی خۆمان بدۆزینەوە.

قاعەکە تا بڵێی قەرەباڵغ بوو، نەماندەتوانی دابنیشین. ئەو شەوەمان تا بەیانی بەپێوە بەسەر برد.

بەیانی ڕۆژی دواتر دەرگایان لێکردینەوە، لە ئاژەڵ کەمتر حسابیان بۆ دەکردین، بۆ ئەو هەموو عەشاماتە، چەند سەمونێکی ڕەقیان فڕێدا، دەستدار ئەو کەسە بوو سەمونی بەرکەوێ، دوایی لەناو خۆماندا هەر سەموونێکمان دەکرد بە چەند لەتێکەوە، لەناو ئاوێکی بۆگەناودا دەمانخوساندو دەرخواردی منداڵەکانمان دەدا، سێ ڕۆژی ڕێک ئەوە ژیانمان بوو.

ڕۆژی یەکجاریش دەرئەکراین بۆ سەر ئاو، لە ڕاستیدا بۆ ئەوە نەبوو دەست بە ئاو بگەیەنین بەڵکو بۆ سزادان بوو، چونکە بە دەوری ئەو قاعانەدا دەیانخولاندینەوە کە مێردوو براکانمانیان تیا بەند کراوبوو، زۆریان لێدەکردین کە لە پەنجەرەکانەوە تەماشای پیاوەکانمان بکەین کە چۆن لەلایەن جەلادەکانەوە بە کێبڵ فەلاقە دەکران، ناڵە و هاواریان هەموو مەعەسکەرەکەی داگیر کردبوو.

دوای ئێمەش پیاوەکانیان دەر دەکردوو بە هەمان شێوە بە دەوری قاعەکان بە دەست و چاو بەستراوی و بە تێهەڵدان دەیان گێڕا، وای بۆ ئەوەی بکەوتایە بە زەویدا بە دوو سێ ئەمن تێی بەر ئەبوون و لێیان دەدا.

له دوای سێ ڕۆژەکە بەیانیەک دەریان کردینە دەرەوەی قاعەکە، تەماشامان کرد قاعەی پیاوەکان لە بری پیاوەکان تەنها پێڵاوو جلەکانیان ماوە. دوای بینینی ئەم دیمەنە کارەست بارە، بێهیوایی ئێمە دەستی پێکرد.

ئیتر هەر ئەو ڕۆژە ئێمەشیان لە مەنشەئەدا بارکردوو براین بۆ مەعەسکەری دبس.

لە ڕێگە بەناو کۆمەڵێک گوندی عەرەب نشیندا تێپەڕین، ئێمە دەگریاین و لەخۆمان دەدا و ژن و منداڵە عەرەبەکانیش بە هەلهەلەو چەپڵە ڕێزان و هەڵپەرکێ و بەرد بارانەوە پێشوازیان لێدەکردین.

تا دەمەو مەغریب بە دەوروبەری ئەو دێیانەدا سوڕاندیانینەوە، پاشان گەشتینە مەعەسکەرەکەی دبس.

دایان بەزاندین و بە ڕێگایەکدا بردیانین کە زۆر باریک بوو، تەنها نەفەرێکی پێدادەچوو، ئەملاو ئەولای تەلبەند بوو، ئەمە جگە لە تاریکاییەکی بێ ئەندازە، تەنها تروسکاییەکی کەم دەبینرا کە ڕووناکی معەسکەرەکە بوو.

حەرەسێک لە پێشمانەوە ڕۆیشت و یەکێک دەستی گرت بە نیتاقەکەی پشتیەوەو قەتارەمان بەست بە ڕیز، هەریەکەو پشتی ئەوەی پێش خۆی دەگرت و کەوتینە ڕێ.

دەنگی گریانی منداڵ و قیژەی ژن و لورەی ڕەشەبا تێکەڵ بەیەکتری بووبوون، ژنێک کەلە پێش منەوە بوو کەوت بەسەر تەلبەنەکەدا و دڕکی تەلبەنەکە چوو بە چاویداو و کوێری کرد، هاوارو گریانی ئەو ژنە لەو شەوەدا ئاسمانیشی دەهێنایە گریان،

ئەو هاواری چاوی دەکرد و حەرەسەکانیش پەلەیان لێدەکردین و دەیانووت "خێراکە".

هەرچۆنێک بێت گەیشتینە ناو قاعەکانەوە، بە گەیشتنمان کارەبایان لێکوژاندینەوە، ئێمە وەکو کوێر هەنگاومان دەناو خەریک بوو زیرەمان دەکرد.

بە تاریکی ماینەوە تاوەکو نیوە شەو، دواتر کارەباکەیان هەڵکرد، بەڵام چیمان بینی..... چیمان بینی!

کۆمەڵێک ئیسک و پروسکی مرۆڤ کە دیمەنێکی زۆر ترسناکی هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا دیوارەکان هەمووی خۆین و پیسی بوون، خەریک بوو زیرمان دەکرد هەموو دەستمان کرد بەهاوارو لەخوا پاڕانەوە.

پاش نیو سەعاتێک حەرەسەکان هاتن و ناو قاعەکەیان پاک کردەوە، ئەو شەوە خەو نەچووە چاومان تا بەیانی، باری دەروونی زوربەی ئافرەتەکان تێک چوو، یەکێک لەو ژنانەی کە بەتەواوەتی شێت بوو ژنێکی گەرمیانی بوو بەناوی خاوەر.

بۆ بەیانی چەند سەمونێکی ڕەقیاندا پێمان، ئێمەشووردمان کرد و لە ئاودا خوساندمان و دامان بە منداڵەکانمان، سەموونەکان زۆر پیس بوون جۆرەها شتی پیسی تێدابوو، هەر لە ئاغزە جگەرە و سیسرکی تۆپیو و بزماری کەوش و ...، ئەم خواردنە پیسە وایکرد مناڵە بچوکەکەم ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعی بەرەو خراپی دەچوو تەواو زەعیف و سیس بوو بوو، چونکە خۆم خواردنم نەدەخوارد شیرم نەبوو، خواردنیش نەبوو بیدەم بە منداڵەکەم.

لە دوو حەفتەی یەکەمدا تەنها شەکراوم دەدا بە منداڵکانم کە بە سواڵ کردن لەهەندێک لە خێزانەکانی ترەوە دەستم دەکەوت.

رۆژێک مناڵەکەم تەواو پەکی کەوتبوو گیانی دەدا، زۆر لە سەربازەکان پاڕاینەوە کە بیبەین بۆ خەستەخانە یان دکتورێک بێنن با سەیرێکی بکات، بەڵام هیچ سودێکی نەبوو، ئەو دڵ ڕەقانە هاتن و وەکو سەگی هار لە باوەشم فڕاندیان و منیش وەک دایکێکی جگەر سووتاو و ماڵ ڕووخاو بە خۆکوشتن دوایان کەوتم. ژنەکانی تریش لەگەڵمدا لە ئەمنەکان دەپاڕانەوە، زۆر تکامان لێکردن کە تاکو گیانی لەدەست دەدات با لای خۆم بێت، حەزم دەکرد لە باوەشی خۆمدا چاوە گەشەکانی لێک بنێت، بەڵام هاوار و پاڕانەوەکانمان هیچ کاریگەری نەبوو لە لای ئەوان. ناچار پۆستاڵەکانیانم ماچ کرد، قاچیانم دەگرت و ئەوانیش بە لەقە دەیانکێشا بە دەممدا، من هەر وازم نەهێنا و یەخەی خۆم دادەدڕی لەبەردەمیاندا، بەڵام ئەوان هیچ گوێیان بەو هەموو پارانەوەیەی من نەداو مناڵەکەمیان بردوو ئیتر نەمدیەوە.

دوا بە دوای ئەو رووداوە بە چەند ڕۆژێک نەخۆشی سکچون و رشانەوە لەناو سجنەکەدا بڵاوبۆوە، سەرەتا ڕۆژی چوار پێنج منداڵ دەمردن و زۆر جار گەورەش بەو نەخۆشیە دەمرد، ڕۆژ بە ڕۆژیش ژمارەی مردووەکان زیادی دەکرد تا وای لێهات لە ڕۆژێکدا نزیکەی پانزدە منداڵ دەمردن، لە قاعەکەی ئێمەدا ژنێک مرد کە خاوەنی حەوت منداڵ بوو.

لە دوای نزیکەی سێ مانگ، دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆر بەهۆی پیس وپۆخلی و کەم خۆراکی و نەخۆشیەوە گیانیان لەدەست دا،

کاربەدەستانی سجنەکە سیاسەتیان گوڕی لەگەڵمانداو ووردە ووردە گوزەران و ژیانمان بەرەو باشی دەڕۆشت و ڕەفتاری سەجانەکان باش تر بوو، ئەو خواردنەی کە بۆیان دەهێناین زۆر باش بوو هەرچەندە پیس وپۆخڵ بوون و نەخۆشیەکەش هەرمابوو لەناوماندا.

لە سجنەکەدا پیاوێکی لێبوو بەناوی شێخ ئەحمەد، سەر بە ئیستخبارات بوو تابڵێی کابرایەکی بێئەخلاق و شەڕواڵ پیس بوو، شێخ ئەحمەد رەفتاری زۆر خراپی لەگەڵ ژنانی ناو زیندانەکەدا دەکردو بەزۆر سێکسی لەگەڵ دەکردن. چەند جاریک ئەشکەنجەی منی داو لاقەی کردم.

لەگەڵ ئەم هەموو نارەحەتییەی ناو زیندان توانیم هەموو ئازارەکانی ناو زیندان بکەم بە ڕاپۆرت و لەڕێگەی دوان لەحەرەسەکانی زنیندانەکەوە بینێرمە دەرەوە و بیگەیەنمەوە دەستی هەندێک خزم وکەسوکار کە پەیوەندیان هەبوو بەشۆڕشەوە. ئەوان یارمەتیان دام بۆ گەیاندنی نامەکان بۆ ماڵی خۆشکەکەم، ئەویش دەیگەیاند بەدەستی کوڕێکی ئامۆزام کە پەیوەندی بە پێشمەرگەوە هەبوو.

هەندێک جار خۆمان دەکرد بە نەخۆش و لە ڕێگەی ئەو لیژنەیەوە کە دروست کرا بوو لەناو زیندانەکەدا بۆ یارمەتی دانی نەخۆشەکان دەیانگواستینەوە بۆ خەستەخانە، ئێمەش ئاگاداری خزم وکەسوکارەکەمان دەکردوو لە خەستەخانە یەکمان دەبینی، بەڵام نەمان دەتوانی قسە بکەین.

توانیم لەڕێگەی ئەو دوو حەرەسەوە کاری زۆر بکەم، بەڵام کارەکەم زۆری نەخایاند، چونکە دەزگای ئیسخبارات پێیان زانیم کە نامە دەنێرم بۆ

خزمەکانم. رۆژیک یەکێک لەنامەکان بە یەکێک لە حەرەسەکان گیراو دواتر نێردرا بۆ دائیرەی ئەمنی کەرکوک.

دواتر بەسەیارەک بردمیان بۆ دائیرەی ئەمنی کەرامەو تاوانبار کرام بەوەی کە لەناو زیندانەوە یارمەتی پێشمەرگە دەدەم. بەڵام من ئینکاریم لی کردوو ووتم "شتی وانیە".

زۆریان لیدام و زۆریان لێدەکردم کە ئیعتراف بکەم، ئەشکەنجەیان زۆردام و لە ئاودەستێکی بچوکدا زیندانیان کردم. ناو ئاودەستەکە شێوەیەکی زۆر ترسناکی هەبوو ئێسک و پروسک و جلوبەرگی دڕاو پێلاوی تیا بوو. سێ ڕۆژ لەو ئاودەستەدا مامەوەو ڕۆژانەش فەلاقەیان دەکردم بە سۆندەو دار. زۆر ئەترسام منیش وەکو ئەو کەسانەم لێ بێت کە پێش تر لەمشوێنەدا دەستگیر کرابوون.

پاش شەش مانگ مانەوەمان لەو جەهەنمەدا ڕۆژێک یەکێک لە ڕەفیق حیزبیەکان بە ناوی باسم هەر کە لە (باب النظام) هاتە ژوورەوە دەستی کرد بە تەقەکردن بە ئاسماندا و هەمووماني بانگکردوو

ووتی:

-"دەست بکەن بە هەڵپەرکێ، چونکە سید الرئیس خوا بیپارێزێت عافواتی بۆتان دەرکردووە"، پاشان ووتی:

- "پیاوەکانیشتان بەربوون، ئێوەش بەیانی ئازاد دەکرێن."

دوای ڕۆژێک لە هەواڵەکە کۆمەڵێک مونشئەیان هێنا و بارکراین و بەڕێکەوتین، سەرەتا نەماندەزانی بۆ کۆێمان دەبەن، دواتر بۆمان ڕوون

بۆوە دەڕۆین بۆ شارۆچکەی عەربەت. لەوێ سەرژمێریان کردین و دیسان بە مونشئە بەرەو چەمچەماڵ هاتینەوە لە بەردەم قائمقامیەت دایانگرتین.

بەڵام خێزانەکم وەریان نەگرتمەوەو دەریان کردم بە بیانوی ئەوەی من لەناو زینداندا کاری بێئابڕوویم کردووە.

بێ ئابڕوویەکەشم ئەوەبوو کە من عەرەبیم باش دەزانی و بۆ بەرژەوەندی ژن و کچەکانی ناو زیندانەکە دەچووم قسەم لەگەڵ پیاوانی ڕژێم دەکرد بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن و قسەی ساردو سڕیان پێ نەکەن و تەعدایان لێنەکەن. هەروەها دەیان ووت بۆچی جلی رەشت لەبەر نەکردووە بۆ مێردەکەت واتە کوڕەکەی ئەوان و نەریتی کوردەواریم شکاندووە، چونکە ماکسیم لەبەر کردووە، ئیتر هەتا توانیان تێیان هەڵدام و سەروچاویان شکاندم و هەر ئەو شەوە دوای ئیهانە کردنێکی زۆر بەرەڵای ناو کۆڵانەکانی گەرەکی شۆڕشیان کردم.

هەر چۆنێک بێت ئەو شەوە رۆشتمە ماڵی خزمێکم و لەوێ مامەوە. دواتر زۆر لە برای مێردەکەم پارامەوە کە ڕێگەم بدات منداڵەکانم لەگەڵ خۆم بەرم، بەڵام ئەو رازی نەبوو ووتی:

- " ئەوانە منداڵی تۆنین، خۆت بۆ کۆی ئەڕۆیت بڕۆ، بەڵام بگەڕێتەوە بە ئێرەدا دەتکوژم"

ئیتر چارم نەماو بە هاوکاری هەندێک خزم وکەسوکار ناردمیانەوە بۆ ماڵی باوکم.

شەش مانگ وەکو شێت دوور لە کۆرپەکانم ژیانم بردە سەر، تەنها لەخەودا دەمبینین، باری دەروونیم زۆر خراپ بوو توشی پەڕکەم بووم ڕۆژانە زیاتر لە حەوت جار دەبوورامەوە.

پاش هەوڵێکی زۆر و ناردنی چەند پیاوێکی ماقوڵ و ڕیش سپی بۆ ماڵی خەزورانم بۆ ئەوەی بەزەییان بە مندا بێتەوە منداڵەکانم ببینم، بەڵام بێ سوود بوو.

پاش ماوەیەک تووشی نەخۆشی شەلەل بووم و دواتریش تووشی نەخۆشی نەفسی بووم و ماوەی ساڵێک بەو دەردەوە تلامەوە. هەموو ژیانم بوو بوو بە نارەحەتی و نەگبەتی جگە لە دۆزەخ هیچی تری تیا نەبوو بۆ من.

دوای ئازاد کردنی عێراق گەڕامەوە کەرکوک و بووم بە کارمەند لە ڕێکخراوێک بۆ یارمەتیدانی ژنانی ئەنفال کراو.

بەڵێنم داوە هەتا ماوم کار بۆ ژنانی ئەنفال بکەم و هەوڵ بدەم گوزەرانیان باش بکەم، چونکە ئێمە دەزانین چی بەسەر کەسوکاری ئەنفالەکان هاتووە.

هەرگیز ئەوەم بیر ناچێتەوە کە بەسەرم هات، بەردەوام هەموو ئەو کردەوە ناشرینانەم لەخەیاڵدایە کە بەرامبەرم کرا. بەردەوامیش بیر لەو منداڵەم دەکەمەوە کە لەلایەن پیاوانی ئەمنەوە لەباوەشما فڕاندیان و بەبێ من گیانی لەدەستدا.

کەڕار

کاتێک دەرچووم بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، چووم بۆماڵی باپیرم کە لە ناو شاری حلله بوو، چوومە قوتابخانەیەکی ناوەندی. مامەکانم گەنج بوون، وەک برای خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردم، ئەوەش وایلێکردبووم ژیانم لەگەڵیاندا زۆر خۆش بێت.

من لە پۆلی دووهەمی ناوەندی بووم کاتێک شەڕی کوێت هەڵگیرساو بەدوشیدا راپەڕینە شەعبانییەکە روویدا، ئێمە زۆر نیگەران بووین کاتێک هەواڵی ئەو ڕەشەکوژیانەمان بیست کە لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە ئەنجام درا لەناوچە گوندشینەکان بەتایبەتی لە نزیک ڕێگای گەشت وگوزارەوە، کە ماڵی باوکم لەو ناوچەیە دەژیان.

باپیرم زۆر نیگەران بوو، بڕیاریدا بچێت بۆ ماڵی ئێمەو بزانێت چی بووە، مامەکانم زۆر خەریک بوون لەگەڵیدا، بۆئەوەی نەهێڵن بچێت، بەڵام

ئەو هەر سوور بوو لەسەر چوون بە بیانووی ئەوەی کێ بیر لەوە دەکاتەوە پیاوێکی پیری وەک ئەو بگرێت!

که له ماڵ چووه دەرەوە، پڕم کرد بە جلەکانیداو دەستم کرد بە گریان و لێی پاڕامەوە لەگەڵ خۆی بمبات، ئەویش رازی نەبوو، وتی:

- "تۆ باڵات هەیەو کەتەیت، لەوانەیە سوپاکە وا بزانن گەورەیت و بتگرن."

ئیتر رۆیشت و نەیبردم، منیش لە دواوە هەر سەیرم دەکرد. کاتێک گەیشتە سەر رێگا گشتیەکە لەپڕ راپەڕیم و بە راکردن رۆیشتم بۆ لای. زللەیەکی تێسرەوانم و پێیوتم بڕۆرەوە ماڵەوە، بەڵام من لەسەر شەقامەکە دانیشتم و دەستم کرد بە گریان و نەگەرامەوە.

باپیرەم کە ئەمەی بینی، دانەوییەوە سەری ماچ کردم و داوای لێبوردنی کرد و وتی:

- "قەیناکات، وەرە لەگەڵم. من ترسی ئەوەم هەیە ئەو هێزانەی بەناو شەقامەکاندا بڵاوبوونەتەوە، شتێکت بەسەر بێنن."

ئیتر بەپێ رۆشتین تا گەیشتینە سەیتەرەیەک، لەوێ داوای ناسنامەیان لێکردم، منیش ناسنامەی خوێندکارییم پێدان.

یەکێکیان لە باپیرمی پرسی:

- "حاجی بۆ کوێ دەچن؟"

- "ئەچین بۆ ناوچەی رێگای گەشت و گوزار، سەرێکی ماڵی کوڕەکەم دەدەین و دێینەوە."

- "حاجی باشتر وایە بگەڕێیتەوە بۆ ماڵی خۆتان، چونکە ڕێگای گەشتوگوزار پڕە لە سوپاو یەک دنیا خاڵی پشکنینیان داناوە، تۆ پیاوێکی بەتەمەنیت، نامەنەوێت توشی نارەحەتی ببیت."

- "سوپاست دەکەم کوڕەکەم. دواناکەوم  هەر ئەوەندە سەرێکیان لێدەدەم و هیچی تر، یەکسەر دەگەڕێمەوە."

ئەو سەربازە لاوە زۆر لەگەڵ باپیرم خەریک بوو بۆ ئەوەی نەڕوات، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر رۆیشتن.

گەیشتینە سەیتەرەیەکی تر کە دەکەوتە ناو باخەکانەوە، لەویَ پاسێکی گەورەمان بینی پڕ بوو لە خەڵک، گەورەو بچووک. من وامزانی ئەوانیش وەک ئێمە هاتوون بۆ سەردانی کەس و کاریان.

لەپڕ گوێم لێبوو باپریم بە حیرسەوە لەگەڵ یەکێک لە سەربازەکان دەدوێت و دەڵێت:

- "بۆچی لەگەڵتان بێم؟ من پیاوێکی پیرم و کوڕەزاکەشم منالە، هاتووین ماڵی کوڕەکەم بەسەر بکەینەوەو بزانم حاڵیان چۆنە."

من نەمدەزانی مەسەلەکە ئەوەندە مەترسیدارە، وتم:

- "باوە گەورە با لەگەڵیان بچین."

سەربازەکە داوای ناسنامەی لە منیش کرد، منیش پیشانم دا، ئینجا roوویکردە سەربازێکی ترو وتی:

- "عەلی وەرە ئەم دوانەش بەرە."

عەلی وەڵامیدایەوە:

- "بەڵام پاسەکە پڕ بووەو جێگەی تیا نەماوە."

- "جێگەیەکیان بۆ بکەرەوە."

عەلی بردینی بەرەو پاسەکە، باپیرم پێی ووت:

- "کوڕم بیکە بەخاتری ئەم ریشە سپییەم و ئەم منالە، وازمان لێبێنە."

- "مامەگیان، من ئەمرم پێکراوە، خۆم خەڵکی باشورم، ئەو سەربازە خەڵکی تکریتە، ئەگەر بەقسەی نەکەم، لەجیاتی تۆ خۆم دەبەن."

گەیشتینە لای پاسەکە، پڕ بوو لە خەڵک، ژنانی ناو پاسەکە دەگریان و شیوەنیان دەکرد.

من لە راڕەوی پاسەکەدا لای قاچ پیاوێکی گەنجەوە دانیشتم، سیمایەکی بەهەیبەتی هەبوو. بە درێژایی ڕێگەکە سەیری دەموچاویم دەکرد. خەریکی تۆبەو ئیستیغفار بوو، بەردەوامیش شایەتمانی دەهێنا وەکو ئەوەی خۆی ئامادە بکات بۆ مردن.

کە زانی من سەیری دەکەم، بزەیەک هاتە سەر لێوی و وتی:

- "مەترسە ئازیزم هیچ نیە."

لەناو پاسەکەدا چەند سەربازێک لولەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەمان کردبوو، نەیاندەهێشت لەگەڵ یەکترییدا قسە بکەین.

دوای نزیکەی نیو سەعاتێک گەیشتینە سەربازگەی مەحاویل، پاسەکە چووە ژوورەوە بۆ ناو ساحەی مەعەسکەرەکە، لەوێ دنیایەک خەڵکی تری لێبوو، دەتووت رۆژی حەشرە.

یەکێک لە سەربازەکان دابەزی بۆ ئەوەی بزانێت بەرپرسەکەی چ ئەمرێکی هەیە. زۆری پێ نەچوو گەڕایەوەو فەرمانی دا بە شۆفێرەکە لێبخوڕێت، چونکە جێگە نەمابوو تا ئێمە وەربگرن. پاسەکە ماوەیەک رۆشت

پاشان پێچی کردەوە. من وامزانی دەمانبەنەوە بۆ شوێنی خۆمان، بەڵام وا نەبوو، بەڵکو پێچی کردەوەو روویکردە کارگەی خشتەکە.

دەرگای پاسەکە کرایەوە، فەرمانیان پێکردین داببەزین، بەڵام کەسمان رازی نەبووین و هەمووومان کشاینەوە بۆ دواوەی پاسەکە، لە جامی پاسەکەوە بینیم سەربازێک روی چەکەکەی کردۆتە ئێمەو هاوار دەکات یەڵە دابەزن.

"رۆشتن بەرەو دەرگاکە وەک ئەوە وا بوو هەنگاو بنێین بەرەو جیهانی مەرگ."

یەکێک لە سەربازەکان هاتە سەرەوەو ژنێکی گەنجی راکێشا، ژنەکە دایە قوڵپی گریان و لێی پاڕیەوە کە نەیکوژێت.

ئەو کوڕە گەنجەی کە لەبەرامبەر منەوە دانیشتبوو هەستاو ووتی:

- "وازی لێبێنە! لە جیاتی ئەو من دێم."

هەڵوێستی ئەو لاوە ورەی هەمووومانی بەرزکردەوە.

لاوەکە گەیشتە لای دەرگای پاسەکە، سەربازەکە پاڵێکی پێوە ناو بردی لە پاڵ چاڵەکەدا وەستانی. دەسڕێژی لێکردو کەوتە چاڵەکەوەو.

لە پاسەکەوە دەنگی خەڵک بەرز بۆوە:

- "ئەڵاهو ئەکبەر، ئەڵاهو ئەکبەر، نەفرەتی خوا لەستەمکاران، خوا تۆڵەمان بسێنێت."

ئیتر یەک لەدوای یەک خەڵکەکەیان خستە ناو چاڵەکەوە، نۆرەی ئێمە هات. من تا ئەو ساتە نەمدەزانی باپیرەم ئەوەندە بەهێزە، گرتمیە

باوەش و توند نوساندمی بەخۆیەوە، بەجۆرێک کە بە زەحمەت هەناسەم دەردەهات.

گوللەیەک بەر سەری باپیرم کەوت و مێشکی بەوناوەدا بڵاوبۆوە، گوێم لە نیخەنیخ و گیانەڵاکەی بوو، دەنگی ئەو لە دەنگی هەموو قوربانییەکانی دیکە کاریگەریی زیاتر بوو.

خەریک بوو لە ئامێزی باپیرەمدا دەخنکام، ئەوکاتە خۆزگەم دەخواست بە فیشەک بمرم نەک ئاوا بخنکێم.

هەروا لەژێر جەستەی باپیرمدا مامەوە، خۆم کپ کردبوو، بەتەواوی تۆقیبووم، یەک لەدوای یەکیش لاشەی تر دەکەوت بەسەرمانداو لەملاو ئەملامانەوە کەڵەکە دەبوون تاوەکو هەموویان کوشت.

پاشان شۆفڵەکە هاتە پێشەوەو کەمێک خۆڵی کرد بەسەرماندا، هەرئەوەندەی لاشەکان بشارێتەوە، نەک بەتەواویی لەگۆڕیان بنێت.

من بەردەوام شایەتمانم دەهێناو لە خوا دەپاڕامەوە بەزەیی پیاما بێتەوەو لێم ببورێت.

لە ناخمدا ئومێدێک بەژیان هەر مابوو، بڕیارمدا ئەو ئومێدە بپارێزم و کۆڵنەدەم. چەند دەقیقەیەک وام هەست کرد کە مردووم، بەڵام پاشان هەستم کرد دڵم ئەوەندە بە قایمی لێی دەدا خەریکە لە سنگم دێتە دەرەوە.

ئانیشکم خستە سەر لاشەی ژنێک کە لە تەنیشت باپیرمەوە کەوتبوو. پاڵم پێوەناو بۆشاییەک دروست بوو. هەردوو قۆڵی باپیرم هێشتا زۆر بە توندی منیان گرتبوو. هەوڵمدا خۆم لە باوەشی باپیرم دەربهێنم و لەو

بۆشاییەوە سەرم لە خۆڵەکەوە دەربهێنم و هەناسە بدەم. هەرچەند دەجوڵام خۆڵ بەسەر دەموچاوم و دەممدا دەهاتە خوارەوە،

نیو سەعات خەریک بووم تا توانیم لەناو لاشەکانەوە بێمە دەرەوە.

کاتێک هاتمە دەرەوە، لەسەر لێواری چاڵەکە درێژ بووم تا کەمێک بحەوێمەوە، بەتەواوەتی هیلاک بووم و خەریک بوو لەهۆش خۆم دەچووم، لەناکاو گوێم لە دەنگێک بوو ووتی:

- "زیندوویت؟"

رۆحم چوو، وەک شێتم لێهات. بینیم پیاوێکە دشداشەیەکی خۆێناوی لەبەردایە. ئەویش زۆر ترسا. پیاوەکە شانی پێکرا بوو.

لە ترسا دانەچۆقەم پێکەوتبوو، پیاوەکە باوەشی پێدا کردم و وتی:

- "مەترسە کورِم. منیش هەر لە چاڵەکە هاتومەتە دەرەوە، هێشتا ماوم."

پیاوە بریندارەکە دەستی گرتم و پێکەوە رۆیشتین و رووومان کردە یەکێک لە گوندەکان. شەو داهاتبو، تاریکییەکی ئەنگوستەچاو ئەو ناوەی داگرتبوو دنیاش زۆر سارد بوو. سەر خاکەکەش پڕ بوو لە گۆلاوی بچووک بچووک کە باران پڕی کردبوون، ئەمەش وای کردبوو رۆیشتنمان زۆر نارِحەت بێت. ئیتر دەکەوتین و هەڵدەستاینەوەو بە هەر فەلاکەتێک بوو گەیشتینە گوندەکە، پیاوەکە پێی ووتم:

- "تۆ بچۆ بۆ یەکێک لەو ماڵانە، من لێرە ئەمێنمەوە، چونکە بریندارم و خوێنم پێوەیە، لەوانەیە لێم بکەونە گومانەوەو خەبەرم لێبدەن."

جێم هێشت و رووم کردە یەکێک لە ماڵە قوڕینەکان و لە دەرگام دا، ژنێک وەڵامی دایەوە:

- "کێیە؟"

- "تکات لێدەکەم، دەرگام لێبکەرەوە با بێمە ژوورەوە، رێگام لێ ون بووە."

ئیتر دەرگای لێکردمەوەو چوومە ژوورەوە.

ژنەکە خواردنێکی گەرمی بۆ هێنام، بەڵام نەمخوارد، پاشان پەرداخێک شیری گەرمی بۆ هێنام، خواردمەوە، بە تانییەکیشی هێناو داپۆشیم، زۆپاکەشی لێ نزیک کردمەوە.

من لەوە زیاتر خۆم بۆ ڕانەگیراو دەستم کرد بە گریان و وتم:

- " پیاوێکم لەگەڵدایە، بریندارەو فیشەکێک بە شانیەوەیەتی و پێویستی بە تیمارکردن هەیە، ئەگەر بەم سەرمایە لەدەرەوە بمێنێتەوە، دەمرێت."

- "چۆن بریندار بووە؟"

- "لەو هەڵمەتی رەشە کوژییەدا بریندار بوو، کە ماوەیەک بەر لە ئێستا روویدا."

ئافرەتەکە ترسی لێنیشت و ویستی خۆی لەوە گێل بکات کە شتی وەها روویداوە، بەڵام بڕیاری دا یارمەتیمان بدات. کوڕەگەورەکەی بانگ کردو پێی وت لەگەڵ مندا بێت و بچین پیاوە بریندارەکە بهێنین.

ئینجا چووین، پیاوەکەمان هەڵگرت و هێنامان بۆ ماڵەکە.

ئەو ژنە زۆر ئازا و بە بەزەیی بوو، ئەو شەوە نانی داینێ و شوێنی نوستنی بۆ ئامادە کردین. پاشان جورئەتی دایە بەرخۆی و چەقۆیەک و لوکە و باندجی هێنا. چەقۆکەی گەرم کردو پاشان فیشەکەکەی لە شانی پیاوەکە دەرهێناو تیماری کردو بە باندجەکە پێچای. دوای ئەوە دوو حەبی خەوی دایە، پیاوەکە نوست و هەتا بەیانی خەبەری نەبۆوە.

بۆ بەیانی بەرچایی بۆ ئامادە کردین و جلی خاوێنی بۆ هێناین و وتی:

- "دەبێت هەر ئێستا برۆن، چونکە سەربازەکانی ئێرە لەوانەیە بتان دۆزنەوە."

- ئێمەش سوپاسمان کردو رۆیشتین، لە رێگا لە یەکتریی جیابووینەوە.

من بەپێ کەوتمە رێ و بەو تولە رێگایانەدا دەرۆشتم کە سەیتەرەی لێ نەبوو. کە گەیشتمەوە ماڵی باپیرم، مەسەلەکەم بۆ مامەکانم گێرایەوە، ئیتر هەموویان دانیشتن و دەستیان کرد بە خوێندنی قورئان و نوێژکردن بۆ رۆحی باپیرەم.

دواتر کەس لە پیاوانی ئەمن نەهاتنە سەرمان، چونکە ناوی باپیرەم لەو تۆمارانەدا نەنوسرابوو کە لای ئەمن هەبوو، مردنی باپیرم بە نەزانراوی مایەوە تەنانەت لەلای خەڵکی گەرەکیش.

دواتر من باری دەرونیم زۆر تێکچوو، شەوانە دەگریام و دەمقیژاندو خەوم لێنەدەکەوت بە بێ ئەوەی بزانم بۆچی. دوای ئەوەی رەوشی شاری

حلله  هێور بوویەوە مامم بردمی بۆ لای دکتۆری نەفسی بۆ چارەسەر کردن.

دوای رمانی رژێم سەدام لە ساڵی 2003 دا، مامەکانم چوون بۆ شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکە و چاویلکەکەی باپیرم و جزدانەکەی و شوشەی عەترەکەی، کە بەردەوام پێی بوو، لەگەڵ چەند بەڵگەنامەیەکی تری باپیرەمیان دۆزییەوە.

ئیتر روفاتی باپیرەمیان هێنایەوەو لە نەجەف ئەسپەردەی خاکیان کرد.

دوای ئەم هەمووساڵە، هێشتا وێنەی قوربانییەکان دێنەوە بەرچاوم، گوێم لە دەنگی هاوارو قیژەیانە، هەناسەبڕکێ و گیانەڵاکانیان دەبیستم. هەموو رۆژێک ئەم دیمەنانە دێنەوە یادم وەک ئەوەی دوێنێ روویاندابێت.

ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەوەی کە قێزەونترین هێزی خەراپەو تاریکستان فەرمانڕەوایی ئێمەی کردووە، هێزێک کە لە مێژوودا لە وێنەی نیە......د

## دەرئەنجام

ئەم بەسەرهاتانە بریتین لە ووتەی ئەو قوربانیانەی دووچاری نەهامەتی و دەردە سەری ترسناک بوون. دیارە گیرانەوەی ئەم چیرۆکانەش پێویستی بەئازایەتی توانایەکی زۆر بوو. هەندێک لەدیمانە کراوەکان بۆ یەکەمجار بەسەرهاتەکانیان لەلای ئێمە باسکردبوو

پرۆژەی مێژوی عێراق ئەم بەسەرهاتانەی کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی تۆمارێکی مێژویی لەسەر زاری قوربانیان سەبارەت بە کارە ستەمەکاریەکانی رابردوو بێنێتەکایە. پرۆژەکە ئەتوانێت ئامرازەکانی دەستەبەرکردن دابین بکات بەوەی کەئەم چیرۆکانە بەشێوەیەکی باش دۆکیومێنت بکرێن و مەینەتی تاکەکەسییە عێراقیەکان و کۆمەڵگە بەگشتی بناسێنرێت لە ئێستا و داهاتوودا.

پرۆژەی مێژووی عێراق پابەندە بە پشتگیری کردن لە پرۆسەی مامەڵکردن لەگەڵ کارە ستەمکاریەکانی رابردوو لە عێراق. پرۆژەکە شێوازێکی کارکردنی وەهای دروست کردووە کە بە سودمەند لەقەڵەم دەدرێت بۆ دەستپێشخەریەکانی ئایندە لە بواری گواستنەوەی دادپەروەری وەکو کۆمیتەی راستی عێراقی، گەشەپێدانی بەرنامەکانی هاوکاری کردنی

قوربانیان، میکانیزمەکانی قەرەبووکردنەوە ، پرۆژەکانی یادکردنەوە وە چەندین شێوەی جۆراو جۆری بەرنامە پەروەردەییەکان.

بایەخدان و کارکردن لەسەر ئازار و مەینەتیەکانی رابردوو بریتیە لە پرۆسەیەکی ئالۆز کە چەندین کەرتی کۆمەڵگا لەخۆدەگرێت و پێدەچێت بەرەو پێش بچێت لەماوەی دەیان ساڵدا. ئامانجی پرۆژەی مێژوی عێراق بریتیە لەهاوبەشی کردن لەم هەولانە و پشتگیری کردن لە کۆمەڵگایەک کە شانازی دەکات بە قوربانیەکانی و رێزیان لێدەگرێت و بەرگری دەکات لە مافە بنچینەیەکانی مرۆڤ.

پەیمانگای نێودەوڵەتی یاسای مافەکانی مرۆڤ

کۆلێجی یاسا/ زانکۆی دیپۆل

www.lqhp.org

www.iraqihistory.org